فەڕۆخ نێعمەتپوور

# کاتێک هاشم لە زیندان گەڕایەوە



ڕۆمان

# کاتێک هاشم لە زیندان گەڕایەوە

ڕۆمان

٢٠١٩

فەڕۆخ نێعمەتپوور

**ناوی کتێب:** کاتێک هاشم لە زیندان گەڕایەوە

**بابەت:** ڕۆمان

**چاپ:** ماڵی وەفایی

لەم شارەی ئێمە تەنیا یەک زیندانیی سیاسی دەستدەکەوت کە ئەویش بە هاشمی زیندانی بەناوبانگ بوو. هاشمی زیندانی ساڵانی ساڵ بوو لە سەر سیاست گیرابوو و خرابووە بەندیخانەوە. راستییەکەی ئەوە بوو ئەوەندە لە گرتنەکەی تێپەڕیبوو ئیتر خەڵکی ئەویان جوان لەبیر نەمابوو، رێک بە پێچەوانەی خۆی کە خەڵکی و شارەکەی خۆی زۆر بە جوانی لەبیرمابوو.

ئەگەرچی زەمەنێکی زۆر کەوتبووە نێوانەوە، بەڵام لای ئەو، کات لەوێ لە زیندان راوەستابوو. بیرەوەرییەکان وەها بەرجەستە ببوونەوە هەموو گۆڕانێکی جەستەییان لادەدا و تەنیا و تەنیا خۆیان وەک یەکەمین بوون پیشاندەدا. هاشم جاری وابوو کاتێک کات دەهات و لە تەنیشتی دا دادەنیشت و بە چاوە پڕ لە پرسیارەکانی لێی دەڕوانی، دەستی دەخستە سەر شانی و دەیگوت دڵگران مەبە ئەم رۆژانەیش تێدەپەڕن و تۆیش بەشی خۆت وەردەگریتەوە! کاتیش تەنیا ئاهێکی هەڵدەکێشا، لە دیواری رووتی بەرامبەری خۆی دەڕوانی و بە خۆی دەگوت ئەم پیاوە چەندە لە من بە تەحەمولترە!

هاشم بۆ ئەوەی خەڵکی و شارەکەی خۆی بە جوانی لەبیربمێنێ، شتێکی زۆر تایبەتی ئەنجام نەدەدا. ئەو تەنیا هەوڵیدەدا زۆر نەدوێ و زۆریش نەبینی. بە خۆشییەوە لە زیندان نە شتی زۆریش روویدەدا و نە دۆخ وەها بوو مرۆڤ تاقەتی زۆرقسەکردنی هەبێ. هاشم پێی وابوو لە نێوان ئەم دووانەدا پێوەندێکی تۆکمە هەبوو، ئاخر لە شوێنێک کە شتی زۆر روونەدا، بیانوویش بۆ قسەکردن کەمە. بۆیە بتەوێ و نەتەوێ بیدەنگی بەسەرتدا زاڵدەبێ. کە بێدەنگیش هات، بە شێوەیەکی خۆبەخۆ وێنەکانی رابردوو بەرجەستەدەبنەوە، بەرجەستەتر لەوەی تەسەوری دەکەی. ئیتر لێرەوە رابردوو بوو بە سەرەکیترین پێناسەی هاشمی زیندانی. بگرە ئەو پێی وایە ئەم پێناسەیە تایبەتمەندیی هەموو زیندانییەکە و تەنیا کەم و زۆری هەیە، کە دیسان پێی وابوو لەم بوارەدا پشکی شێر بەر خۆی کەوتبوو.

راستییەکەی ئەوە بوو هاشمی زیندانی ئەوەندە لە رابردوودا دەژیا جاری وابوو پێی وابوو ئەوەی ئیستا دەگوزەرێ تەنیا خەونێکە و بەس، خەونێکی هەڵە و پڕ لە نامەردی کە تەنیا ئەو کەسانە بە سەر خەڵکیدا دەیهێنن وا لە ژیانیاندا هیچ کارێکیان نیە جگە لە ئازاردانی ئەوانی تر.

جارێکیان کاتێک کات لە تەنیشت هاشم لە ئێوارەیەکی بێدەنگ و پڕ لە سێبەردا دانیشتبوو، هاشم بە بێ ئەوەی سەر وەرگێڕێ لێی دەپرسێ باشە تۆ چ دەسەڵاتدارێکی ناتوانی کارێک لەم بوارەدا بکەی. کات دەڵێ من ئیرادەیەکم نیە،

ئەمەت لەبیر نەچێ، من تەنیا ڕێگایەکم بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان تێیدا و بەس،... من قاڵبم!

ئیتر هاشم لەو ڕۆژەوە بۆ هەمیشە باوەڕی بە شتە گەورە و زەلامەکان نەما و پێی وابوو ئەمانە هەر هەموویان لە خەیاڵاتی مرۆڤەوە دێن. بۆیە زیاتر لە جاران ملی دایە ڕووداوی ژیانی خۆی کە بۆخۆی ناوی نابوو 'ڕووداوی ورد'. لای ئەو تراژێدیای ژیانی مرۆڤ ئەوە بوو کە حەزی دەکرد ڕووداوی وردی ژیانی خۆی بکا بە ڕووداوی گەورەو وەها زلی بکاتەوە کە هەموو پانتایی مێژووی پێداگیربکا. لای ئەو مرۆڤی بەختەوەر ئەو مرۆڤە بوو بتوانێ ئەم ڕاستیە تاڵەی ژیان ببینێ و دیانی پیابنێ و ئیتر واز لە هەڵبەز و دابەزی بێهۆ و بێسوود بهێنێ.

هاشم کە دڵتەنگ دەبوو هەوڵیدەدا لە خەیاڵی خۆیدا جارێکی تر بە ڕاستەشەقامەکەی شارەکەی خۆیدا گوزەربکاتەوە و پڕ بە سییەکانی هەوای ئەو ساڵانە هەڵمژێتەوە. هەوڵێک کە هەموو جارێک تیایا سەرکەوتوو دەبوو و بۆیە شەوەکەی زۆر بە ئارامی لە ژوورە زبرەکەدا خەوی لێدەکەوت.

دەتوانم بڵێم کاتێ دەنووست ژوورەکە لە هەموو شتێ بەتاڵ دەبووەوە، تەنانەت لە کات. دەنگی پرخەی هاشمی زیندانی لە دەنگە سەرەتاییەکانی پێش بوونی دەکرد. پڕ

لە ئەو دەنگە سەرەتاییانەی وا دەکرا دوواتر سەرچاوەی هەموو زمان و مۆسیقا و دەنگەکانی تری جیهان بێت.

رەنگە بپرسن چۆن شتی وا دەبێ... شارێک و یەک زیندانیی سیاسی! دەبێ بڵێم وایە، هیچ درۆیەکی تیانیە. مەرج نیە لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی خراپ هەبوو، ئەوا دەبێ خەڵکی هەر هەمووی لە دژی بجولێنەوە، یاخود ژمارەیەکی بەرچاو لێیان. بگرە زۆر جار خەڵکی ئەو جۆرە دەسەڵاتەیان لا جوان و پەسندە و ئەوانەی وا خۆیان دەکەن بە قۆچی قوربانی و، قۆلی هیممەتی لێ هەڵدەماڵن بۆ ئەوەی بەرەوڕووی دۆخی باو ببنەوە بە شێت و نەزان لە قەڵەم دەدەن. من ناڵێم لە شاری کوێران دەبێ دەست بە چاوتەوە بگری، نا، دەمەوێ بڵێم نابێ دەست بە چاوی کوێری خەڵکیدا بکەی کە یەکجار تووڕەیان دەکەی. هەڵبەت وەک دەزانن هەموو ماناکانیش رێژەیین، واتە ئەوە لە روانگەی تۆوەیە خەڵکی کوێرن، ئەگینا لە روانگەی ئەوانەوە ئەوە تۆیت لە راستیدا کوێریت. منیش وەک کەسێکی مامناوەندی تیایا ماوم کامیان راستدەکەن. ئاخر من وەک سیخوڕی شۆرش، هاوکات هەم دەبێ ئاگام لە نیشتمان بێت، هەم لە دەسەڵات و هەم لە خەڵکی. وەک دەزانن ئەوەی سیخوڕی شۆرش لە سیخوڕەکانی تر، بە رای من، جیادەکاتەوە تایبەتمەندیی جۆری سێهەم، واتە ئاگا لە خەڵکی بوونە. ئێمە وەک شۆڕشگێر دەبێ پارێزگاری خەڵک بین لە بەرامبەر دوژمن و نەیاردا، هەڵبەت بەو مەرجەی ئەو خەڵکە یاخود باشتر وایە بڵێم ئەو کەسە نەبووبێ بە

پیاوی دوژمن و نەکەوتبێتە بەرەی ئەو بەرەوە. هەموومان دەزانین سزای خیانەت مەرگە و کەس لەمە خۆش نابێ، تەنانەت و بگرە بە تایبەت شۆرشگێڕەکانیش.

جگە لەمە خەڵکی ئەویان لەبیرنەمابوو چونکە نە دایک و باوکی هاشم مابوون و نە کەس و کاری تریشی لەم شارەدا هەبوو. هەروەها لە شارێکدا کەسی سیاسیی تری تیا نەبێ، مانای ئەوەیە ئەوەی سیاسی بوو، لە چاو ئەو دۆخەی کەسانی سیاسیی دیکەی تیایە، هەر زۆر زووتر لەبیردەکرێ. سیاسییەکان بیانوون بۆ دیتنی یەکتری، ئەوان یەکتر بیری خەڵکی دهێننەوە. ڕێک وەک ئاڵقەی زنجیر کە هەر کامەیان ئاماژەن بەوەی تەنیشتی. هاشم، لەوێ لەو دووردوورانە دەبوایە بە تەنیا دانیشتایە و سمێڵی ماش و برینجیی خۆی بادایە!

بەهەرحاڵ! چیرۆکی ئەم من من و تۆ تۆیە وەک هەمووممان دەزانین چیرۆکێکی دوورو درێژە،... ڕێک بە قەدەر مێژووی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆ خاکییە. دیسان دەبێ بڵێم هەمووومان لە چیرۆکی ئادەم و حەوا ئاگادارین. بە رای من، ئەم من من و تۆ تۆیە ڕێک لەوێوە سەرهەڵدەدا. کاتێک حەوا ئاماژە بە سێوەکە دەکا و دەڵێ بیخۆ و خراپ نیە و ئادەم دەڵێ نا و، دیسان حەوا پێدادەگرێتەوە لە سەر داواکەی و ئادەم دەڵێ نا (هەرچەند ئەم جارەیان بە کەمێک نازەوە)و،... هەتا دوایی. کە لە بەهەشتیش بە هۆی غەزەبی خواوە دەردەکرێن ئیتر من من و تۆ تۆکە تەواو دەتەقێتەوە، وەها کە حەوا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ پشت لە ئادەم دەکا و دوواتر

هەرچەند ئادەم حەزی لێیە وەک تۆڵە ئەویش حەوت شەو و حەوت ڕۆژ پشت لە حەوا بکاتەوە، بەڵام بە هۆکارێک کە هەموومان دەیزانین چییە پێی ناکرێ و ئیتر لەو کاتەوە حەوا دەبێ بە سوڵتانی ناو ماڵ و ئادەم بە سوڵتانی دەرەوە. وەک دەیشزانین چونکە سنورەکانی ناو ماڵ دیارن ئەوا سوڵتان بوونەکەی خاوەن مانا و پێناسەی خۆیەتی، بەڵام چونکە دونیای دەرەوە بێ سنوورە و کەس لە کەسە، ئەوا سوڵتان بوونەکەیشی زۆرتر وەک گاڵتە دێتەبەرچاو! لە ڕاستیدا گەر جوان لێی تێفکرین دەبینین ناو ماڵ یەک سوڵتانی هەیە و دەرەوە بە میلیۆنان سوڵتان. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەتا ئەم لەحزەیەیش، ئادەم و نێرینەکانی پاشی، بەم سوڵتان بوونەی خۆیان یەکجار خەنی و ڕازین.

بگەڕێینەوە سەر چیرۆکەکەمان! وەک دەڵێن هاشم لە عەجەمستان لە زیندان خنراوە. بۆ ئەوەی بگەیبە ئەو زیندانە و هاشم مولاقات کەی، دەبێ بە ماشین دوو ڕۆژ بە ڕێگاوە بیت. دیارە گەر مەجبوور نەبیت لە ڕێگا لابدەیت یاخود بە هۆکارێک دووابکەویت. ڕێگا سەرەتا لە کێوەکانەوە دەگوزەرێ، پاشان دەگاتە دەشتە سەرسەوزەکان و لە کۆتاییدا دەگاتە بیابان. ئەو بیابانەی وا ئەوی تیایە. شوێنێکی یەکجار گەرم و کاکی بە کاکییە کاتێک بای دێ بە تەپ و تۆز دیوار هەڵدەچنێ و تەپۆڵکە و کێوی وای لێ سازدەکا کە هیچ هونەرمەندێک ئەقڵ و توانای ناگاتێ. وەک دەڵێن زیندانییەکانیان بردووەتە ئەوێ بۆ ئەوەی ئەوەندە زەینیان بە با و بە کارە هونەرییەکانییەوە سەرقاڵ بێت کە حکومەتیان لەبیربچێتەوە و، ئیتر واز لە قۆڕیاتی

ناو مێشک و دەروونیان بهێنن. هەروەها دەڵێن دەیانەوێ پێیان بڵێین وەک دەبینن جیهان دەکرێ بە بێ بیرکردنەوەیش ئاوا نەخش و نیگاری سەیروسەمەرە و جوان جوانی لێدەربچێ و چیتر پێویست ناکا زۆری بۆ دابچین. هاشم لە قەڵایەکی چێکراو بە قوڕ و بە خشت لە کەلەپچەدراوە و لە ژوورێکی تەنیادا وەک دەڵێن وەک شێری ژیان دەگرمێنێ! هەروەها سمێڵە ماش و برینجییەکانی، تام و بۆنی 'با' و تەپ و تۆزیان گرتووە و چاوەکانیشی رەنگی تەپۆڵکە و کێوە سەیروسەمەرەکان. دەڵێن هاشم لە کونی رۆچنەکەیەوە سەیری بیابان دەکا و لە خەیاڵی خۆیدا ئەویش لە لاسایی کردنەوەی بادا لەو لم و زیخ و تەپ و تۆزە وێنەی سەیرسەیر دروستدەکا، وێنەی دایکی، وێنەی باوکی، وێنەی مانگا رەشی ناوچاوقەشان، وێنەی کوچە و کۆڵانی شارەکەی و ئەو رێگای وا بە ساڵانی ساڵ لەوە پێش پیایدا بەرەو ئێرەیان نارد، هەروەها وێنەی تەنیایی و تاسەکانی کە وەک لمی بیابان بە دەم باوە لە دروستبوون و رووخاندنی بەردەوامدان.

وەک دەڵێن هاشم لەسەر بیرەکانی گیرابوو. وەک دەڵێن حەزی بەوە بوو خەڵکی لە ئازادی، ئاشتی و ناز و نیعمەتدا بژین. دەڵێن دەیگوت خەڵکی دەبێ مافی رادەربڕینیان هەبێ، بە تووش شەڕ و کوشت و کوشتار و گرتنەوە نەبن و سەرئەنجام نان بۆ هەمووان دەستکەوێ. ئەو حەزی نەدەکرد کەس بە برسیەتی سەربنێتەوە. بەڵام چونکە دەسەڵاتدارەکان نە بڕوایان بە ئازادی هەبوو و نە بە ئاشتی و ناز و نیعمەت، ئەوا بڕیاریان دابوو بیگرن و لە چواردیواریی بخنن.

هەرچەند وەک دەڵێن هاشم هەوڵیدابوو پێیان بڵێ ئەوان خراپ لێی تێگەیشتوون و لە راستیدا مەبەستی ئەو لەمە ئەوە نەبووە ئەوان باوەڕیان بەم شتانە نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە ئەم شتانە دەبێ لەم وڵاتەدا دروست بکرێن. وەها کە تەنانەت ئەوانیش، وەک دەسەڵاتدار بگرێتەوە.

دەسەڵاتدارەکان دنکە خورماکەیان دەرهێنابوو، پیشانیان دابوو و شێتانە پێی پێکەنیبوون.

دەگێڕنەوە هاشم لە زینداندا بوو تێگەیشت لەم وڵاتە لە پێش ئازادی و ئاشتی و ناز و نیعمەت، دەبێ گوێ هەبێ بۆ گوێگرتن. بۆیە زۆر جار حەزی دەکرد کە 'با' بە زیخ و تەپ و تۆز گوێیەکی گەورەیش لەو بیابانە کاکی بە کاکییە دروستبکا. گوێیەک کە شوێنی یەکگرتنەوەی هەموو دەنگەکانی دونیا بێت.

ئەوانەی ئەویان لەبیردێ، لە راستیدا بە قەدەر ژمارەی پەنجەکانن، دەڵێن کاتی خۆی، سەرەڕای تەمەنی کەمی، زۆر حەزی بە سمێڵی زل بووە (هاشم کەسێکی تووکن بووە و بۆیە بۆ دانانی سمێڵی زل کێشەی نەبووە)، سمێڵەکانی هەر دوو لێوەکانی دادەپۆشی و بگرە قچێکیش دەگەیشتە چاڵایی ژێر دەمیەوە. ئەو سمێڵانەی لە زیندان بە زۆر پێیان کەم کردبووەوە. هەروەها حەزی بەوە بووە کەم بدوێ و تیژبڕوانێ. هەمیشەیش یان دەستەکانی لە پشت سمتی پێکەوە گرێدەدا، یاخود حەزی دەکرد بە

دوو پەنجەی گەورە و شایەتومان سمێڵەکانی بڕبدا. کە دەیشدووا ئەوا بە دەنگێکی گڕ و نەوی دەدوا. وەها کە گەر جوان گوێت هەڵنەخستایە ئەوا لێی تێنەدەگەیشتی. هەروەها دەگێڕنەوە هەمیشە کتێبێک لە بن باغەڵیدا بووە و لە کاتێکدا سەرەوژووری تاقە شەقامی سەرەکیی شاری دەکرد، لە گەڵ خۆی، جاروبارە بە ڕۆژنامەیەکیشەوە، دەیگێڕا. دەڵێن هەر ئەم کتێب و ڕۆژنامانە بە گرتیان دابوو. ئاخر پیاو کە ئیتر نەچووە قوتابخانە بۆ دەبێ کتێب و ڕۆژنامەی پێ بێ. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی لێی دڕدۆنگ بن و پشتە ملی بگرن و ڕەوانەی ئەو شوێنەی بکەن وا کەس حەزناکا بە حەیاتی بیبینێ.

لەو دە کەسەیش ئەویان لەبیرمابوو، سیانیان هەمان ڕۆژی گەڕانەوەی هاشم، بە هۆی پیربوونیانەوە، سەعاتێک پاش دابەزینی هاشم لە مینی بووسەکە، مردن و تەنیا حەوتیان ما. ئەو حەوتەیش هەر هەموویان بە گۆچان دەڕۆیشتن و زۆربەی کاتەکانی ژیانیان لێرەو لەوێ لە دانیشتنی بەر دووکانی ئەم و ئەودا تێدەپەڕاند. ئەو سەردەمەی کتوپڕ شۆڕش کرا و خەڵکی ڕوویان کردە شەقامەکان و دروشمی ڕووخانی دەسەڵاتیان دا. ڕەنگە پێتان سەیربێ کە چلۆن لە وەها وڵاتێکدا دەکرێ شۆڕش بکرێ، ئەویش وەها کتوپڕ! دەبێ بڵێم بەپێچەوانەی ئەم ڕایەی ئێوە ڕێک لەم وڵاتانەدا شۆڕش دەکرێ، چونکە مەعقول نیە وڵاتیک ئەوەندە کڕ و بێدەنگ بێت و ئەوەندە هەموو شتێ بە کەیفی حکوومەت بێت، ئەمە ئاسایی نیە و بۆیە لە شوێنێکدا وەها دۆزەکە دەتەقێتەوە کەس تازە پێی ڕاناگیرێ. ڕاستییەکەی ئەوە بوو نە تەنیا

حکومەت، بەڵکو خەڵکی، واتە ئەوانەی هەموو ڕۆژێک ڕژانە شەقامەوە و دروشمیان دا، خۆیشیان پێیان سەیربوو و لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا بەدەم هاوارهاوارکردنەوە بە تەعەجوبەوە سەیری یەکتریان دەکرد! هێشتا حکومەت نەڕووخابوو کە وتیان زیندانییە سیاسییەکان ئازاد دەکرێن و دەتوانن بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان. حکومەت ئەمەی دەکرد بۆ ئەوەی خەڵکی هێور بکاتەوە، هەرچەند تازە هەموو کەس دەیزانی دیوارەکە وەها قڵشێکی تێکەوتووە مەحاڵە بتوانرێ چاک بکرێتەوە. هاشم کە وەک خەڵکی لە تەعەجوب کەمی نەهێنابوو، لە دووای دوو ڕۆژ بڕینی ڕێگا بە مینی بووس، بگرە بوو بە سێ ڕۆژیش، وەک دەڵێن هۆکارەکەی ئەوە بوو هاشم دەبا یەک ڕۆژی تەواو تەپ و تۆزی بیابانەکە لە خۆی بتەکێنێ، گەیشتەوە نیشتمان و زێدی خۆی.

بە جانتایەکی کۆنەوە دابەزیبوو، بە بێ ئەوەی سڵاو لە کەس بکا وەک جاران نوقمی ڕووانین لە زەوی چووبووەوە بۆ ماڵەوە. ئەو ماڵەی سەرەڕای تێپەڕینی ساڵانی ساڵ، بە بێ هیچ خزمەتکردنێک هەر وەک خۆی مابووەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو. لە ڕێگادا بە هەڵکەوت پێنج لەو حەوت کەسە بە تووشییەوە ببوون و سڵاویان لێکردبوو، ئەملاولایان ماچ کردبوو، بەخێرهاتنیان کردبوو و بە نیشانەی خۆشحاڵی بە گۆچانەکەی دەستیان بە زەویی ڕەقی بەردەمیاندا چەند جارێکیان کێشابوو و بگرە چەند دڵۆپە فرمێسکیشیان هەڵوەراندبوو. دڵۆپە فرمێسکی کۆن و

مێژوویی. هەرچەند هاشمی زیندانی زۆر بە کاوەخۆ و بگرە بە ساردییەوە وەریگرتبوون.

هاشم بەدەم ڕێگای ماڵەوە زۆر لەم لاولای نەڕوانیبوو. بۆ خۆی لە هەر کەسێکی تر، واتە لەو حەوت کەسە، باشتری دەزانی کەس لە ماڵەوە، لە دووای ئەو هەموو ساڵە، چاوەڕوانی نیە. ئاخر ئەو نە خاوەن ژن و منداڵ بوو و وەک باسیشی کرا نە خاوەنی دایک و باوک. دایک و باوکی ساڵانی ساڵ لەوە پێش، پێش ئەوەی تەنانەت بچێتە زیندانیش، مردبوون. هاشم پاڵی بە دەرگا تەنەکە شڕکەوە نابوو و چووبووە ژوورەوە. دڵنیا لەوەی کەس لە تەواوی ئەم ساڵانە نەچووبووە ناو ئەم خانووەوە، کلیلە کۆنەکەی لە گیرفانی دەرهێنابوو، دەرگاکەی کردبووەوە و خۆی لە ژووریٚ هاویشتبوو. دراوسێکان دەڵێن کاتێک دەچێتە ژوورەوە، خانووەکە بە دیتنی هاشم چۆکی شکابوو، خۆی پێ ڕانەگیرابوو و کەوتبووە سەر عەرز. هاشم بە هەڵەداوان دەست دەخاتە ژێر هەر دوو باڵی، هەڵیدەگرێتەوە و پاشان لە باوەشی یەکتردا بۆ ماوەیەکی باش تێرتێر دەگرین و یەکتر رادەمووسن. خانووەکە وتبووی دڵنیابووم هەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڕێیتەوە... دڵنیابووم، دڵم خەبەری پێدابووم، بۆیە... بۆیە زۆر بە جوانی ئاگام لە هەموو شتێک بوو، نەمهێشت هیچیان بەسەردا بێت، کات زۆر جار ویستی خۆی بە ژوورەوەدا بکا و وەک هەمیشە دەیویست دەستی بە هەموو شتیٚ رابگا، بەڵام قەت نەمهێشت ئەم دیو بکەویٚ، ئەم دیوی دەرگا تەنەکەکە، بەوە نیە لە تەنەکەیە، بەوەیە کە تەنەکەیەکی وەفادارە و گویٚ دەگریٚ و تێدەگا...

رابردوو لێرە وەک خۆی ماوە،... وەک خۆی،... رەنگە پێت سەیر بێت، بەڵام پێت سەیرنابێت. تێدەگەی،... لێم تێدەگەی،... جارێ وەرە ژوورەوە!

لەگەڵ ئەمەیشا لە تەواوی ئەو ساڵانە هیچ کەس لەم شارە نییەتی خراپی لەسەر ئەو خانووە نەبوو و، هیچیان لێ نەدزی و تەنانەت خشتێکیان لە دیوارەکەی دەرنەهێنا. بەفر و بارانیش نەیانڕووخاند. نە بانەکەی دڵۆپەی کرد و نە بەفر دایتەپاند. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەوەندەی تر خەڵکی خۆ لە خانووەکە ببوێرن و قەرەی نەکەون.

رەنگە پێتان سەیربێ کە هاشم چلۆن دووای ئەو هەموو ساڵە کلیلەکەی لامابوو. دەبێ بڵێم بەرپرسی زیندانەکەی تەنیا شتێکی هاشم کە بە جوانی رایگرتبوو، ئەم کلیلە بوو. ئەو بەرپرسە، بە گوێرەی ئەزموونی چەندین و چەندین ساڵەی خۆی دەیزانی دووا شوێن، سەرەرای هەموو هەڵخە و داخەکان، هەرماڵەوەیە و بەس. کەس، هیچ شوێنێکی تری نیە. لای ئەو هیچ شوێنێک بە قەدەر ماڵەوە مرۆڤەکان بەرەو لای خۆی بانگ ناکاتەوە. ماڵەوە، تەنیا شوێنی راستەقینەی مرۆڤە. خاڵی سەرەتا و کۆتایی. کاتێک کلیلەکە و هەندێ خرتە و پرتەی تری ناو گیرفانی هاشم وەردەگرێ، پێی دەڵێ گەر بەختت هەبێ ئەوا رۆژێک لە رۆژان دیسان ئەم کلیلە وەردەگریتەوە.

تاقە زیندانیی سیاسیی شار حەوت رۆژی رەبەق لە ماڵ نەهاتبووە دەر. کەس نازانێ ئەو حەوت رۆژە چی کردبوو. جاروبارە دراوسێکان لە حەوشە بینیبوویان کە جگەرەی بە با کردبوو و بە چیلکەیەک بەر دەمی خۆی وەردابوو. بینیبوویان بە چیلکەکەی دەستی، هەندێ لە خەتەکانی بە قووڵی کێشابوو. ئەوسا دەچووەوە ژوورەوە و بگرە تەنانەت سێبەرەکەیشی لەسەر شووشەی پەنجەرەکان نەدەبینرا. خانووەکە وەک ئەو سی و ئەوەندە ساڵە دەڵێی بەردەوام چۆڵ بوو. هاتنەوەی هاشمیش دەڵێی نەیدەتوانی ئەم عادەتەی پێ تەرک بدا. بەڵام خانووەکە خەنی بوو. ئەوەندە خەنی کە وەک هەموو خانووەکانی تر دیسان کات رووی تێکردەوە و زەمەن بە باڵایدا هەڵزنا و بە زمانی زبری لێستییەوە.

یەکێک لە دراوسێکان، کە ژنێکی پیری بە ساڵاچوو دەبێ، رۆژێکیان بە جامۆڵکەیەک خواردنەوە روو لە ماڵەکەی دەکا. رێک رۆژی دووهەم دەبێ. دراوسێکان بینیبوویان پیرێژنەکە خواردنەکەی دەداتێ، لە ئامێزی دەگرێ، دەگری و بە رستە گەرمەکانی بەخێرهاتنی دەکا و، بە قوربانی دەبێ. هاشم تەنیا خۆی بە دەستەوە دەدا و بەس. بە بێ درکاندنی یەک تاقە وشە. هەر کە ژنەکە دەڕوا، هاشم لەوێ لە شوێنی خۆی دادەنیشێ و ئارام دەست دەکا بە خواردنی چێشتەکە کە دراوسێکان پێیان وایە حەڵوا بووە. بە دەستەکانی دەیخوا. ئەوسا جگەرەیەکی داگیرساندبوو و دیسان بە چیلکەکەی کە هەمیشە بە تەنیشت دەرگاکەوە بوو، عەرزەکەی بەر دەمی خۆی ورددابووەوە.

یەکێک لە حەوت کەسەکە وتبووی ئەم عادەتە تازەیە و هی کۆن نیە. وتبووی رەنگە لە بیابانەوە لەگەل خۆی هێناویەتی. ئەو بیابانەی پڕی لم و چەو و تۆز بوو و هەربۆیە دەکرا زۆر بە ئاسانی بە دارێک وێنەی جۆراوجۆری لەسەر چێبکرێ.

بە پێچەوانەی دەروونی ئارام و سەقامگیری هاشم زیندانی، شۆڕشگێڕەکانی ئیستای شار هەر هەموویان یەکجار تامەزرۆی دیتنی بوون. بۆیە سەرەتا کەوتنە گلەیی و بۆڵە کە بۆچی هاشم ئەوەندە بە بێ دەنگی هاتبووەوە وەها کە نەیانتوانیبوو رێ و رەسمێکی شیاوی بۆ بگرن، دوواتر تا ئەو حەوت رۆژەیان لێ تێپەڕبوو، یەکجاری خایاند. ئەگەرچی زۆرینەیان خوازیاری ئەوە بوون بە بێ ماتڵبوون بچن لە دەرگا تەنەکە پەرپووتەکە بدەن، خۆ بە ژوورەوەدا بکەن، وەک پیاوێکی گەورە لە ئامێزی بگرن و سوپاسی هەموو ماندووبوونەکانی بکەن، بەڵام قسەی کەمینەکەیان بەهێزتر بوو و داوایان کردبوو جارێکە لێی گەڕێن. وتیان مافی خۆیەتی بحەسێتەوە، وتیان دووای ئەو هەموو ساڵە دەبێ سەرەتا بنی داروبەردی حەوش و ماڵەکەی خۆی هەڵبداتەوە و سەرلەنوێ عادەتیان پێ بگرێتەوە، وتیان تازە وڵات هی خۆمانە و بە کەیفی خۆمان کاتمان بە دەستەوەیە، وتیان بۆ خۆی رووداوەکاتەوە دەرەوەوە وەک جاری جاران بە کتێبێک لە بن باغەڵ و رۆژنامەیەک بە دەستەوە سەروژووری شەقام دەکاتەوە. بۆیە شۆڕشگێڕەکان چاوەڕووان مانەوە. لەو چاوەڕوانییەیش دا، حەوت کەسەکە چیرۆکی سەیروسەمەریان لەسەر هاشم بۆ گێڕابوونەوە. یەکیان وتی کتێبەکانی هەر هەموو لەبەر بوو، ئەوی تر وتی لە غیرەتدا کەم وێنە بوو مەگەر

مەئموورەکان دەیانوێرا سەیری ناوچاوانی بکەن! یەکی تر وتی کە لەم شارە دووریان خستەوە نیعمەتی خودایش رووی لە کزی کرد، یەکی تر وتی تا لێرە بوو وشکە ساڵی مانای نەبوو. شۆڕشگێڕەکان چەندە حەزیان دەکرد کە هەر کامەیان لە جیاتی هاشم بوونایە، چەندە بەخیلیان بە جانتا کۆنەکەی ئەو رۆژەی سەر شانیانەوە دەکرد وا شاری پێوە جێهێشت و چەندە خۆیان بە گەمژە و بە گێل دەزانی کە نە ناسیبوویانەوە و نە چووبوون بە پێشوازییەوە. هەرچەندە دووی حەوت رۆژەکەیش هاشمی زیندانیان بە جۆرێک لە بیرکرد و ئیتر ئەو حەز و مەراقەی جارانیان لە دڵدا نەما بۆ دیتن، پێداهەڵگوتن و بە تایبەت گرتنی رێ و رەسم بۆی.

هاشم تەمەنی لە پەنجاکاندا بوو و کەچی لە شەستی دەکرد. بنەڕیشێک بەرەبەرە روخساری داپۆشییەوە و لەگەڵ سمێڵەکانی تێکەڵ بوون. کە سمێڵی کەمێک درێژ بوونەوە وەک جاران بە دوو پەنجەی کەوتەوە بادانیان. ئەگەرچی جاری وابوو بە هۆی چیلکەکەی دەستی لێی تێکدەچوو بە کامیان بای بدا و بە کامیان زەوی وەربدا. جارێکیان بگرە بە چیلکەکە سمێڵی خۆی لە سەر عەرزەکە کێشایەوە. ئەوەندەیشی نەخایاند کە دەستبەجێ و بە پەلە تێکی دایەوە.

کە حەوت رۆژەکە تێپەڕی، هاشم زیندانی وەک جاران رووی لە شەقام کردەوە. بە کەواوپانتۆڵێکی رەشی رەنگ هەڵبزرکاوی ساڵانی ساڵ لەوە پێش کە لە ناو یەغانەکەدا مابووەوە، دیسان لە شەقام بینرایەوە. بەڵام چونکە نە ئەو کەسی دەناسی و نە کەس ئەوەی دەناسییەوە، مڕومۆچ دادەگەڕا و وەک بڵێی لەبیرێکی یەکجار

قووڵ ڕۆچووبێ. شۆڕشگێرانی ئیستا بە پیریەوە دەچوون، بە گەرمی دەستیان دەگووشی و ئەم لاو لایان ماچ دەکرد و دەست لە سەر سینگ خوداحافیزییان لێدەکرد، خەڵکی رادەوەستان و لێیان دەڕوانی و پچەپچیان دەکرد. هەموو وەک قارەمانێک لێیان دەڕووانی. قارەمانێک کە ساڵانی ساڵ لە ژیانی دابوو بە بێ ئەوەی داوای یەک نووکە دەرزی چییە بکا. بەڵام شتێکیان لا سەیربوو،... چلۆن لە دووای ئەو هەموو ساڵە کاتێک ئاواتەکەی هاشم زیندانی، واتە رووخانی دەسەڵات، بەدی هاتبوو کەچی عەینی خەیاڵی نەبوو و بە بێ ئەوەی شتێک بکا لە ناو خانووە کۆنەکە درێژەی بە ژیانی دەدا و لە شەقام دا دەهات و دەچوو. رێک وەک ساڵان. نا، ئەمە راست نەبوو،... شتێک هەڵە بوو،... ئا، شتێک هەڵە بوو.

شۆڕشگێڕەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و ئەمەیان وەک شتێکی ناخۆش لێکدەدایەوە. بە تابەت سەرۆکی بەشی ئەمنی و پاراستن. لایان وابوو ئەمە بە هیچ مەنتقێک راست نیە و هاشم دەبێ، یاخود دەبا دەستبەجێ لە دووای هاتنەوەی و ئازادبوونی لە زیندان رووی بکردایە ئەوان و بەرپرسیارەتی وەربگرتایە. یان لانیکەم سەردانی ئەوانی بکردایە، سەردانێکی روون و ئاشکرا و بە دەنگ و رەنگ، وەها کە خەڵکی هەموو ئاگاداری بن، بەڵام لەوە نەدەچوو هاشم مێشێکیشی میوان بێت. لەوە دەچوو لای هاشم ژیان وەک زیاتر لە سی ساڵ لەوە پیش بوو و هیچ شتێک نەگۆڕابوو! شۆڕشگێڕەکان بە تێپەڕینی رۆژەکان ئەمەیان بە خراپ لێکدایەوە و، پێیان وابوو هاشم پیاوێکی سپڵەیە کە نرخی شۆڕشەکەی لانیە، ئەو شۆڕشەی ئەوی

لە زیندان رزگار کردبوو و دیسان ناردبوویەوە بۆ زێد وماڵی خۆی. ئەو شۆرشەی کۆتایی بە ژیانی ناو لم و زیخ دابوو و تەپ و تۆزی بیابانەکانی بۆ هاشم بۆ هەمیشە کردبوو بە بیرەوەری. بەڵام شۆڕشگێڕەکان لە کۆتاییدا ملیان دابوو و وتبوویان رەنگە گوناهی بیابان و خۆڵ و تەپ و تۆز بێت. بۆیە دەرفەتیان دایەوە و وتیان لێی دەگەڕێین بزانین چۆن دەبێ. ئەگەرچی لە دەروونیانەوە حەزیان دەکرد ئەم رۆژانە زووتر تێپەڕێ و هاشم خێرا بگەڕێتەوە لایان. هەڵبەت یەکیان هەر ملی نەدا، ئەویش دیسان بەرپرسی بەشی ئەمنی و پاراستن بوو.

شار ئەگەرچی گەورە نەبوو، بەڵام جمەی دەهات. خەڵکی هەموو رۆژێک هەر هەموویان بە دەرەوە بوون، لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و هەتا رۆژ دادەچوو قسە و باسی سیاسیان دەکرد. دەمانچە و کلاشینکۆفەکان بالآیان دەڕازاندەوە. بگرە سەرتاشەکەی گەڕەکیش هەموو رۆژێک دوانزە دەراغی لە خۆی دەدا، نارنجۆکێکیشی دەبەست، کلاشینکۆفەکەی لە شان دەکرد و خەرامان خەرامان لە کۆڵانەوە دەگوزەرا و دەچوو بۆ دووکانەکەی. لە دووای ئەوەی سەری دەیان کەسی چاک دەکرد، دیسان بە هەمان جبەخانەی سەر قەدیەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بگرە پاش ماوەیەک دەمانچەیەکی چواردەخۆری رەشی قەترانیشی کڕی و ئەویشی کرد بە قەدیا. کەس نەیدەزانی لەش و لاری لاواز و قەدی باریکی چلۆن جێگای ئەو هەموو شتە دەبووەوە!

هەر لەم کەین و بەینەدا بوو، هەواڵی رووخانی حکومەت بە یەکجارەکی هات و خەڵکی کەوتنە خۆشی و هەڵپەڕین. لە شارەکەی ئێمە کە بە چەند هەفتەیەک بوو، جگە لە سەربازخانەکەی شار کە سیمۆلی دەسەڵاتی کۆن بوو، هیچ دام و دەزگایەکی حکوومی نەمابوو ئەم هەواڵە ئەوەندەی تر هەستی لەخۆبایی بوونی بە جەماوەر بەخشی، چونکە بە تەواوی لەوە دڵنیا بوون ئەو رێگای گرتبوویانە بەر رێگایەکی هەڵە نەبووە و بگرە پێش شارەکانی تر توانیبوویان زۆر ناوەندی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکەن. کە دەسەڵاتی کۆنیش نەما، سەربازخانەکە نامەیەکی بۆ بەرپرسانی تازەی شار نووسی و ملکەجیی و گوێڕایەڵی خۆی سەبارەت بە حکوومەتی نوێ دەربڕی. راستییەکەی ئەوە بوو رووداوەکان ئەوەندە بە خێرایی روویاندەدا کە جاری وابوو کەس خەیاڵی لای هاشمی زیندانی نەدەما. هاشمیش وەها دەهاتە بەرچاو کە هیچ کامی ئەم رووداوانە بە هیچ کلۆجێک سەرنجی راناکێشن. دوو خەیاڵ بە دوو رێگای جیاوازدا.

رۆژێکیان بەرپرسی تازەی بەشی ئەمنی و پاراستنی شار بانگی کردم و دووای ئەوەی بردمیە ژوورەکەی خۆی، وێنەیەکی فڕێدایە بەردەمم لە سەر مێزەکەی. وتی سەیری کە! من سەیرم کرد. وێنەیەکی رەش و سپیی یەکجار قەدیمی. وینەی گەنجێک لە تەمەنی ئێستای من. وتی دەزانی کێیە. وتم نا، بەڵام زۆر لە من دەچێ. وتی نا تۆ لەو دەچی! پاش کەمێک راوەستان ئەوسا وتی ئەوە وێنەی گەنجیەتی هاشم زیندانییە، وەک دەبینی ئێوە زۆر لە یەک دەچن. من کە مابوومەوە، بە بێ

ئەوەی هیچ بڵێم چاوەڕوان مامەوە. سەرئەنجام سەرۆکی تازەی بەشی پاراستن وتی تۆ دەبێ خۆت بکەی بە خزمی ئەو، دەبێ بچی و لە دەرگای بدەی و پاش خۆناساندنت بڵێی کە کوری ئامۆزای ئەویت و بۆیە حەزدەکەی خزمایەتی بەردەوام بێت. من کە سەرم سوڕمابوو، وتم ئاخر چۆن دەبێ؟ وتی بۆ نابێ، ئەو پیاوە نە لێت دەپرسێ بۆ و نە لێت دەپرسێ کوڕی کێی و چۆن چۆنی خزمن. بە پێی لێکدانەوەکانی ئێمەیش تەنیایی ئەو دەبێتە هۆی وەرگرتنت وەک خزمێک، هەڵبەت نەک لەبەر ئەوەی تەنیایشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو بە پێی حیساباتی ئێمە شتەکان لە لای زۆر جیاوازیان نیە،... تێگەیشتی؟! تۆ ئەمە لەبەر شۆڕش دەکەی،... شۆڕش! ئەو هێشتا وڕی زیندانە. ئەم رستەیەی ئاخری بە ئەسپایی وت. وتم ئامانج چییە؟

من ئیزنم لێخواست و وێنەکە هەڵگرم. بە ئاماژەی پەنجە ئیزنی دا. وێنەکەم خستە ناو باخەڵی جەستەی هەژدە ساڵانم و وەدەرکەوتم. هیشتا چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبوومەوە کە گەڕامەوە و وتم ببورە لەبەر چی دەبێ خۆم بکەم بە خزمی؟ روخساری سەرۆکی بەشی ئەمنی بەم قسەیە و بە گێلیەتی خۆی تێکچوو. دەستەکانی لە پشت سمتی گرێ دان و بە دەنگێکی گڕ وتی تەنیا بزانە خەریکی چییە،... هەر ئەوەندە،... بەڵام نا راوەستە!... سی و ئەوەندە ساڵ مێژوویەکی دوورودرێژە،... ناسینی و ئەوسا دنەدانی بۆ گەڕانەوەی بۆ باوەشی شۆڕش.

من پیاوێکی جاسووس نیم. هەتا دێتەوە بیریشم کەسیش لە بنەماڵەماندا جاسووس نەبووە. ئێمە بنەماڵەیەکین بە کەسابەت دەژین. باوکم لە گوندەوە هاتووە و هێشتا کە دەدوێ خەیاڵی دەچێتەوە سەر دێکەی جارانی. کە قۆلەکانیشی بەرزدەکاتەوە بن باغەڵی بۆنی گەڵا و تەویلە دەدا. بیرم کردەوە کە ئیستایش هەر جاسووس نیم. تەنیا داوام لێکرابوو لەگەڵ کەسێک ببمە هاوڕێ، سەرەڕای جیاوازیی زۆری تەمەن، و... هەروەها کاکی بەرپرس خۆ نەیوت دەبێ راپۆرت بۆ کێ بەرمەوە. من تەنیا شێوازی ژیانم دەگۆڕا! وێنەکەم دەرهێنا و سەیرم کردەوە. بەڕاستی لەیەکتر دەچووین. زانیم زەمەن لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی جیاوازییەکانە، هەر لەو کاتەدا سەرچاوەی لێکچوونەکانیشە. بیستبووم هەموو کەس لەم دونیایەدا لانیکەم یەک هاوشێوەی خۆی هەیە، بەڵام نەمدەزانی دەکرێ ئەمە لە یەک شاردا رووبدا. ئەوسا بیرم کردەوە چی دەبوو منیش وەک هاشمی زیندانی بوومایە. پیاوێکی خاوەن شکۆ و گەورەیی لە شارێکی بچووکدا کە هەموو کەس بە جۆرێک لە جۆرەکان بیریان لێدەکردەوە. پیاوێک کە لە هەموو ماڵەکاندا هەبوو.

من یەکەوڕاست رووم نەکردە ماڵەکەی هاشم زیندانی. راوەستام تا کاتی خۆی بگا. سەرەتا چەند جارێک بە کۆڵانەکەیاندا رۆیشتم. بە دیتنی دەرگای تەنەکەی ماڵەکەی کە لە قەراغەکانییەوە ژەنگ خواردبوونی، دڵم زۆر تەنگ بوو. بە بینی خشتی رەنگ هەڵبزرکاوی دیوارەکانیشی ئەوەندەی تر لە دەروونەوە دەگوشرام. هەستم کرد دونیای هاشم زیندانی لە ناو دونیای کات دا هەتا دێ زیاتر یەخسیر دەکرێ و زیاتر

دەگوشرێ. هەموو شتێ چەند بۆنی زەمەن و رابردوو و کۆنبوونی دەدا! باشە بۆ وازیان لە پیاوێک نەدەهێنا کە کات زیاتر لە هەر شتێکی تر لەگەڵ خۆی بردبووی. جاری وابوو هەستم دەکرد دەستم ناتوانێ ئەو دەرگایە بگرێ و بیکاتەوە و بهێڵێ جەستەم لێیەوە بچێتە ژوورەوە. لەوە دەچوو من هی ئێرە بم، هی دەرەوەی ئەوێ. راستییەکەی ئەوە بوو من سیخوڕێکی لایەنگری هاشم زیندانی بووم!

شەوانە بە سەعات سەیری وێنەکەم دەکرد. لە چاوە رەشەکان، لە قژە بە ئاستەم لوولە لادراوەکان، لە روخساری تا رادەیەک درێژ و لووتی باریک، لە چەناگەی چاڵ و برۆی پان. من بە سەعات سەیری خۆمم دەکرد بە بێ ئەوەی ئەوی بەرامبەر من بم. لەم وێنەیەدا نیگاکان خۆیان لە هەموو شتێکی تر جیادەکردەوە. هاشم زیندانی هەر لەو سالانەوە، پێش هەموو کارەسات و رووداوەکانی ژیانی، نیگاکانی جیایان دەکردەوە. بەڕاست خۆیشی بەمەی دەزانی؟ من بڕواناکەم. کەس ناتوانێ داهاتووی خۆی بخوێنێتەوە. داهاتوو لای من پەڕەیەکی سپییە لە کتێبی ژیاندا کە هێشتا نەنووسراوە و تەنیا کاتێ دەنووسرێ کە پێیدا تێدەپەڕی. پەڕەیەکی سپی کە نووسەرەکەی 'کات'ە، نەک خۆت.

لای من، منی سیخوڕی شۆرشگێڕەکان، چاوەکان هۆکاری جیاکردنەوەی چارەنووس و داهاتووی مرۆڤەکانن.

من پێش ئەوەی بچم و لە دەرگای ماڵی هاشم زیندانی بدەم، پێویستم بە هەندێ زانیاری بوو. بۆیە ڕۆژێکیان دیسان رووم کردەوە سەرۆکی دەزگای ئەمنیی و پاراستنی شۆڕش کە ئێستا لای من بە کۆدی 'رەحەی چاوباز' دەناسرایەوە. پێم وت ناکرێ من هەرلەخۆوە راستەوخۆ بچم و لە دەرگای بدەم و بڵێم خزمیم و ئەوسا بچمە ژوورەوە. وتم من دەبێ سەرەتا هەندێ شت لە سەر ژیانی بزانم. رەحەی چاوباز بە وردی لێمی رووانی و وتی بۆ خۆی ئاگادارم دەکاتەوە. چەند رۆژی تر سەرئەنجام کاتێک لە حەوشەی خۆمان خەریکی رۆکردنی دانەوێڵە بۆ مریشک و کەڵەشێرەکانمان بووم، لە رێگای مەئموورێکی جل و بەرگ مەدەنییەوە ئاگاداری کردمەوە کە سبەی بچمە لای. هەڵبەت با ئەوە بڵێم من هەر لە منداڵییەوە ئەرکی دانەوێڵە رۆکردن بۆ مریشکەکانم لە لایەن دایکمەوە پێ ئەسپێردرابوو. بۆیە کاتێک دەردەکەوتم هەموو مریشک و کەڵەشێر و جووجکەکان بە هەڵەداوام شوێنم دەکەوتن و لە دەورم کۆدەبوونەوە. جاری وابوو وەهایان عاسی دەکردم کە رێگام نەبوو بۆ رۆیشتن و خۆدەربازکردن. بۆیە ژیان فێری کردم هەمیشە مشتێک دانەوێڵە لە گیرفانمدا بێت. دانەوێڵەکەم رۆدەکرد و ئیتر دەرفەتم هەبوو بۆ خۆقوتارکردن. هەر بەم هۆیەوە من بە 'زانای دانەوێڵە لە گیرفان' ناوبانگم دەرکردبوو. من بۆنی دانەوێڵەم دەدا. رەحەی چاوباز کە یەکجار حەزی بەم نازناوەی من بوو، بە بزەوە جارێکیان پێی وتم من بە هۆی ئەو ناوەوە باوەڕ و متمانەم بە تۆ هێنا و بۆیە هەتا ئیستایش پێم وایە هەڵەم نەکردووە. ئەو لای وا بوو ناو و کەسایەتی پێوەندی راستەوخۆیان هەیە و هەر لەخۆوە نیە کەسێک ناوێکی

بەسەردا دەبڕێ. من هەرچەند باوەڕم بەم قسەی نەبوو، بەڵام چونکە ڕێزی تایبەتیم هەبوو بۆی، قەت ئەم بیرەی خۆمم لا نەدرکاند. ڕەحەی چاوباز پێی وابوو داهاتوویەکی یەکجار گەش و ڕوون چاوەڕوانی من بوو.

دووای ئەوەی لە ڕۆکردنی دان بۆ مریشکەکان بوومەوە، رووم لە ڕەحەی چاوباز کرد. ڕەحە پاش ئەوەی کەمێک خۆی لە سەر کورسییەکەی هێنا و برد و دەستێکی بە سەر و ریشە چەورە بە بریق و باقەکەیدا هێنا، وتی کە لە ڕاستیدا ئەوان زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر هاشمی زیندانی نیە. وتی بە داخەوە لە دووای ئەوەی لەگەڵ ناوەند تەماسی گرتووە، پێیان وتوە کە هەموو فایلەکانی ئەو زیندانەی وا هاشمی تیابووە لەپێش ڕووخانی حکومەتی پێشوو لەناوچوون. وتی تەنیا یەک وێنە لە هاشم ماوەتەوە کە ئەویش هی چەندین ساڵ لەوە پێشە و شتێکی وەها بە دەستەوە نادات. ڕەحەی چاوباز وتی بەڵام ئەو تەنیا بە ناوەند ڕانەوەستاوە و بۆ خۆی بە شێوەی سەربەخۆ هەوڵیداوە هەندێ زانیاری لە سەر ڕابردووی هاشم کۆبکاتەوە. کە بۆ ئەم مەبەستە هەم ڕووی لە پیرێژنی دراوسێی هاشم کردووە و هەم ڕووی لەو حەوت کەسە کردووە کە لەم شارەدا تەنیا ئەوانن ڕابردووی هاشمیان لەبیرە.

پاش ئەوەی جگەرەیەکی داگیرساند و داوای دوو چایی کرد، وتیەوە پیرێژنەکە گێڕاویەتییەوە دایک و باوکی هاشم زۆر مرۆڤی باش بوونە، باوکی چەرچی بووە و

هەمیشە بە دێهاتەوە. ئەگەرچی پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام گەڕان فێری زۆر شتی کردووە و تا بڵێی قسەزان و خاوەن بەسەرهات بووە. هەر بە هۆی چەرچی بوونەکەیەوە کەم ماڵەوە کەوتووە و بۆیە هاشم لە منداڵییەوە زۆرتر لە گەڵ دایکی بووە. هەرچەند وتوویەتی کە جاروبارە هاشمیشی لەگەڵ خۆی بردووە و توورەکەیەکی بە شانی ئەویشدا کردووە. گوایا باوکی لەیەکێک لەم گەڕانانەیدا بە ڕێگای گوندێکەوە لە لایەن کەس یان چەند کەسێکەوە تاڵان کراوە و کوشتوویانە. بە گوێرەی قسەیەکی تریش دەڵێن نا، لەسەر نامووس بووە. گوایا چاوی لە ژنانی تر بووە و خەڵکی رقیان لێ هەڵگرتووە و تیایان بردووە. کە ئەمەی بەسەردا دێت هاشم تەمەن پازدە ساڵان دەبێ. دوو ساڵ دووای مردنی باوکی، دایکیشی دەمرێ و ئیتر هاشم بە تەنیا دەمێنێتەوە. بەڵام سەبارەت بە هاشم! هاشم هەر لەو ماڵە دەمێنێتەوە. وەک دەڵێن هاشم کوڕێکی زۆر کاسب نەبووە. باوکی چەند ساڵێک دەیخاتە بەر خوێندن و دوواتر وازی پێ لێ دێنێ. هاشم ئیتر زۆربەی کات لە ماڵەوە دەبێ. کەسێکی کەمدوو بووە. کەمتر کۆڵان کەوتووە. رفیقی وەهای نەبووە. هەمیشە لەگەڵ دایکی بووە. بنەماڵەیەکی بە بێ خزم و قەوم بوونە. بۆیە کاتێک دایکیشی دەمرێ، یەک هەفتە لە ماڵ نایەتە دەر. هەر ئەم ژنە کاتی خۆی بە دەمییەوە بووە و ئاگای لێ بووە. دووای یەک هەفتە دێتە دەر و لە بیری کەسابەت کردن روو لە بازاڕ دەکا، بەڵام بە هیچ ئاکامێک ناگا. لێرەدا رەحەی چاوباز هەڵوێستەیەکی کرد. مژێکی لە دووهەم جگەی دا و وتی ئیتر کەس نازانێ هاشم بە چی دەژیا... بە خزمەتی ئەو پیرێژنە؟ کە نابێ، بە پارەی تر؟ بەڵام لە کوێوە؟ سەیر ئەوەیە هەر لەو سەردەمەدا

کتێب و رۆژنامەیەش دەخاتە بن باڵی و ئەم سەراوسەری شەقامی سەرەکیی ناو شار دەکا. سەرئەنجام حکومەت لێی دڕدۆنگ دەبێ و دەیگرن و دەینێرن بۆ زیندان. لە زیندانیش زیاتر لە سی ساڵ دەمێنێتەوە! بگرە نزیک سی و پێنجیش.

من کە سەرم لەم چیرۆکە وڕمابوو وتم ئاخر قوربان چۆن شتی وا دەبێ؟ رەحەی چاوباز وتی وایە، وا دەنوێنێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە بە بێ شت و بە بێ بەڵگە نەگیراوە، دەبێ شتێ بووبێ کە ئێمە هێشتا بە بەڵگە ئاگاداری نین. ئەوەندە دەزانین هاشم لەسەر سیاسەت گیراوە و ئەو سەردەمانە وەک پیاوێکی نیشتمان پەروەر دەرکەوتووە، خەڵکی خۆ لە خۆوە قسە ناکەن! منیش وتم وایە. درێژەی دایەوە، وتی جگە لەوە من هەوڵم دا لیستی ئەو کتێبانە پەیدا بکەم کاتی خۆی لە کتێبخانە وەریگرتوون، بەڵام بەداخەوە بە هیچ شوێنێک نەگەیشتم. بە کورتی و بە کرمانجی رابردوو وەک بەڵگە سپی سپییە بەڵام وەک قسە نا، هەندێ شتمان لەبەر دەستدایە. جگە لەمانە، ئەو حەوت کەسە هیچیان کاتی خۆی لە گەڵ هاشم قسەیان نەکردووە، ئەوان تەنیا بیستوویانە کە گوایا هاشم باسی لە ئازادی و ئاشتی و یەکسانی کردووە،... هەر ئەوەندە!

من کە رەحەی چاوبازم جێ هیشت و هاتمە دەرەوە، لە بیران رۆچووم. باشە چۆن شتی وا دەبێ؟ چۆن کەس هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو؟ ناکرێ هەموو شتێ

هەر قسە بێت؟ باشە بۆ بە کتێب و رۆژنامەوە ئەم سەراوسەری شاری کردووە؟ بۆ لەگەڵ کەس نەدوواوە؟ باشە بە چەند کلاس سەوادەوە چۆن کتێبی خوێندووەتەوە؟

لەم بیرانەدا بووم کە وێنەکەی هاشمم دیسان لە گیرفانم دەرهێنایەوە و بە وردی سەیرم کردەوە. هەستم کرد چاوەکانی جۆرێکی ترن، بە فێڵەوە لێم دەروانن. چاوەکانی رەنگ و حاڵەتیان دەگۆڕی. بەپەلە خستمەوە گیرفانم.

دووا وتەی رەحەی چاوباز لە مێشکمدا دەنگی دایەوە "شۆڕشگێڕێک نەتوانێ لەگەڵ حکومەتی تازە پێک بێت و سەردانی نەکات، گومانی لەسەرە!"

راستییەکەی ئەوە بوو هاشم زیندانی نە بە خەمی بە دەمەوەچوونی تامەزرۆیی خەڵکی شار، بە تایبەت گەنجەکانەوە بوو کە هەر دەم حەزیان بە دیدار و بە چاوپێکەوتنی بوو، نە وەڵامی هەموو ئەو دەعوەتانەی دەدایەوە کە لە لایەن بەرپرسان و دەزگا جۆربەجۆرەکانەوە بۆی بەڕێ دەکران. بە تایبەت لە لایەن رەحەی چاوبازەوە. ئەو هەر مێشێکیشی میوان نەبوو. بگرە جارێکیان لە لایەن رادیۆی شارەوە دەعوەت کرا بۆ چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لە سەر ژیان و خەباتی خۆی و لە سەر ساڵە دووورودرێژەکانی زیندانی بوونەکەی، بەڵام هاشم هەر بۆ دڵخۆشیش بێت تەنانەت بۆ یەک جاریش، بە هەڵکەوت، رێگای نەکەوتە ئەو کۆڵانەی وا رادیۆکەی لێ هەڵکەوتبوو. رەحە بە کاوەخۆ دنک دنک تەسبێحەکە بە ناو لەپی

دەستیا شۆڕدەبووەوە و دەیوت ئەوەی لەگەڵمان نەبێ لە دژمانە، ئەمەت هەمیشە لەبیر بێت، بەتایبەت ئەوانەی کە سەروگەردنێک بەرزترن! دیسان وتی هەندێکیش بە فیڵ لەگەڵمانن و هەندێکی تریش بۆ دوژمنی، دەبێ ئاگایشمان لەمانە بێ و بیاندۆزینەوە! من کە لای خۆم لێکم دەدایەوە، هاشمی زیندانی جارێکە لەم دوو گرووپەی دووایی نەبوو وا رەحەی چاوباز وەسفی دەکردن.

سەرئەنجام رۆژێک لە دەرگام دا. لە حەوشە و ماڵەکەوە هیچ دەنگێک نەدەهاتە گوێ. جارێکی تر لێمدایەوە. پاش چەند دەقیقەیەک دەرگاکە کرایەوە، ئەوەندە بە ئەسپایی دەڵێی دەرگاکە خۆی کرایەوە. هاشم ئەوەندە بە ئارامی هات کە من هیچ گوێم لێی نەبوو. لە راستیدا بە تەمای لێدانی سێهەم جاری دەرگاکە بووم و دەستم بە حەواوە بوو کە لەناکاو دەرگاکە خرایە سەرپشت. سڵاوم کرد. ئەو بە چاوە خەمۆک و برۆ ئاڵۆز و ماش و برینج و درێژەکانییەوە لە ناو چاوم چەقی. چ هەیبەتێکی هەبوو! جارێکی تر سڵاوم لێکردەوە. بۆڵەیەکی لێوە هات کە نەمزانی وەڵامی سڵاوەکەم بوو، یاخود گلەیی و گازندە لە کوتانی دەرگاکەی. چیتر ماتڵم نەکرد. وتم 'زانای دانەوێڵە'م. 'لە گیرفانەکەیم' قرتاند و نەمگوت. بەڕاستیش هەروا خۆشتر دەهاتە گوێ. یەکێک لەو شتانەی لە دونیادا دەبێ کورت بکرێتەوە ناوە. لە دڵەوە سوپاسی یەکەم چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ هاشمی زیندانی کرد کە ئەو دەرفەتەی پێ بەخشیم بۆ گۆڕانکارییەکی لەم چەشنە. کاتێک هاشم، جەستەی لە ناو دەرگاکە بە نیشانەی دەعوەتکردنم بۆ ژوورەوە لادا و ملێکیشی بە ئاستم بۆ لای خانووەکەی راکێشا،

باوەڕم نەدەکرد. ئیتر زانیم پێویست ناکا بڵێم کوڕی ئامۆزای باوکیم. هاشم زیندانی، ڕێگای منی کرد! لە ئەوپەڕی ناباوەڕی دا بە ئارامی و بە کاوەخۆ چوومە ژوورەوە. بە شوێن شان و باهۆی کەمێک چەماوەی دا حەوشە شێواوەکەم بڕی و چوومە ناو خانووەکەوە. هەر لە دەرگای ژوورەوە ترازام و چوومە ناو هۆڵەکەی، یەکەم شت سەرنجی ڕاکێشام، بۆنی ناو ژوورەکان بوو کە وەک شەپۆلێکی گەرمای بە تین بەڕوومدا هات. هەڵبەت نەک شەپۆلی گەرما، بەڵکو بۆنێکی تایبەت. بۆنێک وەک هێلانەیەک کە نەوە لە دووای نەوە بە کۆ جووجکەی تیا پەروەرردە و گەورە کرابێت و، نها چۆڵی چۆل تەنیا بۆنی گەرمای لەش، ریقنە و بیرەوەرییە ونەکان بدات. چەندە ئەم بۆنە لە گەڵ سەروسیمای هاشمی زیندانی دەهاتەوە. لە دالانەکە دانیشتم. بەڕەیەکی سوواوی کۆنی چڵکن کە لە قەراخەکانییەوە جێ جێ دڕابوو و کونی تێکەتبوو. دیوارە رووت و زەردەکان و سەرئەنجام عەلادینێک، کترییەک، ژێرسیگارییەکی پڕ لە قونچکە جگەرە و دەستێ جێوبان هەڵپەسێراو بە دیوارەکەدا کە ئەوەندە شانی سەرخرابوو لە ناوەڕاستدا چاڵی تێکەوتبوو. بە دوو لای تردا دوو دەرگا هەبوون پێوەدراو. یەکیان بە قوفڵێکەوە. قوفڵێکی زل! هاشمی زیندانی هیچی نەدەوت. هەموو شتێ ئاماژە بەوە بوو کە من هاتووم و بۆیە دەبێ من بدوێم. ئەگەرچی بە زەحمەت، بەڵام لە قسەکردندا ڕێکەوتم. وتم گەنجێکی تامەزرۆی شارم، ڕۆڵەی شۆڕشم، حەزم بە بینین و بەسەرکردنەوەی ژیانی مرۆڤە گەورەکانە، ئەوانەی وا هەموو شتێکیان بەخشی بە بێ ئەوەی نە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان گلەیی بکەن و نە بۆ یەک جاریش داوای پاداشت و شتی لەم بابەتە بکەن، وتم ئێستا کە

ئەو سەردەمە تەواوبووە بەو مانایە نیە ئێمە لە کەسانی وەک ئەو نەگەین و پێیان نەزانین، وتم بە تایبەت شارەکەی ئێمە لەم بابەتەوە سەربەرزە کەسی وەک ئەوی هەیە، کەسێک کە کەمتر نموونەی دەستدەکەوێ، وتم هەموو شار مەراقی ئەوەیان لە دڵدایە بۆچی ئەو رۆژەی ئەو هاتەوە کەس نەیناسییەوە تا پیشوازییەکی شیاوی لێ بکەن،... وتم و وتم. ئیستا کە لادەکەمەوە، دەبینم ئەو رۆژە، یەکێک لە رۆژە باش و گرینگەکانی کرانەوەی نوتقی منە لە ژیانمدا. هاشمی زیندانی زۆربەی کات چاوی لە بەڕەکەی بەردەمی چەقیبوو و گوێی لە من دەگرت. کە تەواو بووم، وتی تەمەنت زۆر گەنج دیارە، چەند ساڵتە؟ وتم هەژدە. راستەوڕێ لە ناوچاوانمی رووانی. 'هەژدە' جووڵاندی. هەستایە سەرپێ و وتی دەتوانی بڕۆی. من کە حەزم نەدەکرد هەروا بە ئاسانی ئەم هەلە لەدەست بدەم، بەپەلە وتم حەزدەکەم سەردانت بکەم، ببمە هاوڕێت ئەگەر ئیزن بدەی و ئەگەرچی یەکجار لە تەمەندا لە خۆت مناڵ ترم، وتم جێگای شانازییە بۆم. هاشمی زیندانی هیچی نەوت. لە دڵمەوە هەستم کرد زۆریش بەمە ناڕازی نیە. ژوورەکان لەوە تەنیاتر بوون بتوانن دەست بە رووی کەسێکەوە بنێن. هێشتا لە دەرگاکە بە تەواوی نەترازابووم کە گوێم لە دەنگێکەوە بوو. دەنگێک لە یەکێک لە ژوورەکانەوە. بێگومان ژووری قوفڵەکە بوو. بەڵام وەهام پیشان نەدا گوێم لە شتێک بووە. هاشمیش خۆی نەشەمزان. بگرە وا دەهاتە بەرچاوی کە بۆی گرینگ نەبێ داخۆ من گوێم لێبووە یان نا. کاتێک لە خانووەکە وەدەرکەوتم، دڵنیا بووم شتێک یان کەسێک لەو ژوورە قوفڵدراوەدا هەیە. رازێک کە جارێکە دەبا لای خۆم بمێنێتەوە. تەنیا و تەنیا لای خۆم.

لەو ڕۆژەوە ئیتر ڕێگای من بۆ ماڵی هاشم و بۆ ناو جیهانی ئەو کرایەوە. ئەگەرچی زۆر نا، بەڵام ناوەناوە، بە مەودایەکی تا رادەیەک زۆر، سەردانم دەکرد. ئەو سەردانانەی زۆر خێرا مەودایان کەم و کەمتر بووەوە وەها ئیتر من دەمتوانی زۆربەی کات لای بم. ئەو پێی خۆش بوو تەنیا لە ماڵەکەی دا ببینم، ئیتر نەک لە هیچ شوێنێکی تر. منیش تەنیا لەوێ دەمبینی. بە ڕۆژ هەوڵم دەدا لە دوورەوە لەسەر شەقام و لەملاولا ئاگام لێی بێ (ڕەحەی چاوباز لە جیاتی 'ئاگا' دەڵی چاوەدێری). من کە هەست و سۆزێکی سەیرم بەرامبەر بە هاشم پەیداکردووە، لە ڕاستیدا زیاتر وەک کوڕی ئەو خۆم دەبینمەوە تا سیخوڕێک کە دەیەوێ لە کەل و کونی ژیانی تێبگا. بگرە ئەگەر دەمەوێ بەردەوام سیخوڕیشی بکەم هی ئەوەیە دەمەوێ لە ڕێگای زانیارییەکانمەوە باشتر ئاگام لێی بێت. هەڵبەت ڕەحەی چاوباز هیچ لەم ڕازە و لەم نییەتەی من نازانێ.

یەکەم جار لە دووای یەکەم سەردانم بۆ ماڵی هاشم کاتێک ڕەحەی چاوباز لێی پرسیم دەی چۆن بوو، وتم خانوویەک وەک هەموو خانوویەکی تر زۆر ئاسایی، بگرە ئەمیان زیاتر ئاسایی، بۆنی هێلانە خاپوورە کۆنەکانی دەدا. ڕەحە وتی ئاوا ڕاپۆرت نادرێ، زمانی ڕاپۆرت زمانێکی ناشاعیرانەی ڕاستەوخۆیە و بابەتیانە لەسەر مەوزوع دەدوێ، بۆیە وا باشترە لەم زمانە ئیتر کەڵک وەرنەگرم. من سەرەڕای ئەوەی دەمزانی ئەمە مەحاڵە، بەڵام وتم باشە. وتم حەوشەیەکی پەرپوت و داڵانێکی

سادە بە دوو ژوورەوە کە هێشتا نەمبینیون (باسی قوفڵەکەم نەکرد).  وتی جارەکەی تر دەبێ بیانبینی. وتم بڕواناکەم زۆر لەگەڵ دالانەکە جیاوازبن. وتی ئاساییە هاشم هەوڵبدات هەموو شتێ زۆر ئاسایی بنوێنێ، بۆ ئەوەی راحەتتر بتوانێ بمانخەڵەتێنێ. وتم نازانم بۆ، بەڵام هەستدەکەم لەو خانووە و لەو ژیانەی ئەودا هیچ شتێکی تر جگە لەوەی دەبینرێ، دەست ناکەوێ. وتی دیسان بە زمانی شیعری دەدوێی! وتم زۆر کەمدووە، زەحمەتە لاپەڕەکانی ژیانی هەڵبداتەوە! رەحەی چاوباز مشتێکی بەسەر مێزەکەی بەردەمی دا کوتا! وتی کاری ئێمە هەڵدانەوەی ئەم لاپەرانەیە، تەنانەت گەر کەسەکە خۆیشی حەزی لێ نەبێت و نەیهەوێت!

کە دەچوومە ماڵەکەی هەوڵمدەدا پشت لەو دەرگایە دانیشم وا قوفڵەکەی پێوە بوو. قەتیش هەوڵم نەدەدا وا تێبگا سەرنجم لایەتی. جارێکیان کاتێک پشت لەو دەرگایە دانیشتبووم، لە هاشمی زیندانیم پرسی دەڵێن لەسەر کتێب و رۆژنامە گیرابووی؟ هاشم سەرێکی بادا و وتی کتێب و رۆژنامە؟ ئەو کە دەدوا، بە پرسیارەوە دەدوا.

لە رەحەی چاوبازم پرسی، ئەرێ کەی رۆژنامە و کتێبخانە هاتە ئەم شارەی ئێمەوە. رەحە لێم راما و وتی گەر هەڵە نەکەم کتێبخانە دوانزە ساڵێ پێش سەرکەوتنی شۆڕش و رۆژنامەیش هەر لەو دەورووبەردا. رەنگە بە چەند ساڵێک کەمتر. وتم ئەی هاشم کەی گیرا؟! رەحە واقی وڕما. هەستایە سەرپێ. وتم با وای دابنێین کە کتێبخانە و رۆژنامە لە سەردەمی ئەودا و لەو کاتەدا هەبووە، مەگەر نەک ئەوەیکە

کتێب و ڕۆژنامەکەیش یاسایی بوون! ڕەحە دیسان لێم ڕامایەوە. وتی یانی دەکرێ کەسێک زیاتر لە سی ساڵ لە زینداندا بووبێت بە هۆی شتێکەوە کە ڕاست نەبووە؟ دیسان وتی ڕەنگە هۆکارەکەی شتی تر بێت. وتی بڕواناکات ئەو حەوت کەسە درۆبکەن. وتم درۆناکەن، ئەوانیش ئەوەیان وتووەتەوە وا شنەفتوویانە! ڕەحەی چاوباز بێدەنگ بوو،... ماوەیەکی چاک. ئەوسا وتی دوو حاڵەت هەیە، یان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی بەم بیانووەوە گرتوویانە، یان شتی تر هەبووە و بە درۆ وایان وتووە. ئەوسا بۆ یەکەم جار چیرۆکی قارەمانەتی هاشمی زیندانی لەبەر چاوی هەردووکماندا کاڵ بووەوە. وتم نا، پەلە مەکە،... ڕەنگە ئەو کتێب و ڕۆژنامەی لە شوێنێکی ترەوە هێنابێ، خۆ تێدەگەی؟ وتی ئەو سەردەمە و ئەمە، ئەویش لەم شارە بچوکەدا؟ نا،... نا، شتی وانابێ. وتم دەبێ، کێ چووزانێ؟ وتی گەر ئەوەندە زیرەک بووبێ دەبێ بەشی خۆیشی قایمکار بووبێ،... نا نا، شتی وانابێ. وتم جاری وایە ژیان هەڵەیەکی گەورەیە تەنانەت بۆ حکومەتەکانیش. لێرەدا ڕەحەی چاوباز لێم مۆڕبووەوە. وتی نا، حکومەتەکان لە مرۆڤەکان کەمتر هەڵەدەکەن با بشرۆخێن!

دەسەڵاتی تازە، لیستێکی بڵێندبالای لە شۆرشگێڕانی خۆی سازکرد. گوایا ئەوانە کاتی خۆی یان کوژرابوون و ئازاردرابوون، یان کەس و کاریان لە پێناوی شۆڕش دا شتیان بەسەرداهاتبوو. حکومەت بە پارە قەرەبووی بۆ دەکردنەوە، یان هەر یەکە و تیکە عەرزێکی دەدانێ. جگە لەمە بانگی دەکردن و لەو کۆبوونەوانەدا وا بۆیان دەگرتن خەڵاتیان دەکردن و ڕێزیان لێ دەگرتن. لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانیش دا زۆر

بە کەبکەبە و دەبدەبەوە باسیان دەکردن. ئەوەی من دەمناسین بانگکران و خەڵاتکران، هەر هەموویان،... جگە لە هاشم زیندانی نەبێ! جارێکیان لە رەحەی چاوبازم پرسی بۆچی ئەویش بانگ ناکەن و خەڵاتی ناکەن، وتم تۆ بڵێی بە تاقە کەسێک حکومەت بۆ پارە و نیشان کەم بێنێ! رەحە کە ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو، وتی قسە لەسەر پارە و نیشان نیە، قسە لەسەر پیزانین و سپڵە نەبوونە. وتی چۆن دەکرێ کەسێکی وەک ئەو کە هەموو تەمەنی داوە ئاوا لە ئاست دەسەڵاتی تازە و شۆڕشگێردا بێ خەیاڵ بێت. جگە لەمە تا ئیستا بە دەم هیچ دەعوەتێکەوە نەهاتووە و بۆیە لەبەر حورمەتی خۆیشمان بێ نابێ بانگی بکەینەوە تا دڵنیا نەبین لەوەی وەڵاممان دەداتەوە، تازە مەگەر لەبیرت چوو، ئەمە ئەرکی تۆیە پەیدای بکەی بۆچی بەم شێوازە هەڵس و کەوت دەکا!

شۆڕشگێڕە کۆنەکان رێکخراوێکی تایبەتیشیان بۆ خۆیان پێکهێنا و ناویان نا 'کۆمەڵەی شۆرشگێڕانی کۆن'. لەم شارەی ئێمە بە سەدان کەس ئەندامی ئەو رێکخراوەیە بوون. من ئیستایش تێنەگەیشتم کە ئەو رۆژە وا هاشمی زیندانی لە عەجەمستان گەڕایەوە بۆچی هەر ئەو بوو بە تاقی تەنیا لە مینی بووسەکە دابەزی و کەسی تری لەگەڵ نەبوو. بۆچی هیچ شۆڕشگێڕێکی تر لە مینی بووسەکە دانەبەزی. رۆژ نەبوو ئەندامانی کۆمەڵەی شۆرشگێرانی کۆن لە لایەن رادیۆکانی شارەوە کە ئێستاکە چەندین دانە بوون، بانگ نەکرێن و وتووێژیان لەگەڵ نەکرێ. هەموو شوێنێک باس باسی بەسەرهاتی قارەمانانەی ئەوان بوو. سەرەڕای تەمەنی کەمی

خۆم، تێگەیشتم شارەکەی ئێمە لە ناو هەموو وڵاتدا دوڕڕێکی نایاب و درەوشاوەیە و کەمتر شاری تر لەم بارەیەوە دەتوانێ خۆی لە قەرەی ئێمە بدا. جا نازانم بەڕاستی ئەو شۆڕشگێڕانە هەر لە کۆنەوە هەبوون، یان جەوی دابەزینی ئەو رۆژەی هاشمی زیندانی لە مینی بووسەکە بە جانتاکەی کۆڵییەوە، وەها سەرنجڕاکێش بوو کە هەموویان حەزیان دەکرد رابردوویان وەک ئەوی لێ بێت!

ئەوەندەی پێنەچوو پیرێژنەکەی دراوسێی هاشم کە هەمیشە خواردنی بۆ دەبرد و ئاگای لێ بوو، مرد و تەرمەکەیان لە رۆژێکی نیوەهەوردا برد بۆ قەبران. تاقە کوڕەکەی بە شوێن دارمەیتەکەوە بە سەری خۆیدا دەکیشا و بێدەنگ فرمێسکی دەڕشت. منیش لەگەڵ مەیتەکە رۆیشتم،... چونکە هاشمی زیندانیش لەوێ بوو. ئاگام لێبوو هاشم هەتا پێی دەکرا حەزی دەکرد لە نزیک تابووتەکەوە بێت. ئەو رۆژە جگە لە جگەرەکەی سەر لێوی، بۆ یەکەم جار بینیم تەسبێحێکیشی بە دەستەوە بوو و بە پەلەپەل لە ناو پەنجەکانیدا دەیگێڕا. لە سەر قەبران کاتێک مەیتەکە نێژرا و خەڵک گەڕانەوە، ئەو دانیشت. دانیشتنە پڕ لە تەنیاییەکەی زیاتر لە سەعاتێکی خایاند. من سەرەتا خۆم لە مەودایەکی دوورەوە لە ناو درەختەکانەوە شاردەوە بۆ ئەوەی نەمبینێ. هاشم سەعاتێک چوارمیلکە لە سەر عەرز نەجووڵا و جگەرەی بە باکرد و تەسبێحی سووڕاند. هەتاو خواربووەوە و لە رۆژئاواوە تەمێک بەسەر ئاسماندا بڵاودەبووەوە. هەورەکان دەکاڵانەوە و ئاسمان سپی هەڵگەڕا. پاش سەعاتێک هاشمی زیندانی هەستا، چووە سەر گۆڕەکە و بە ملی کزەوە ماوەیەک راوەستا. ئەوسا

تەسبێحەکەی بە قەدی کێلەکەدا کرد، سوڕێکی خوارد و بەرەو شار هەنگاوی هەڵگرتەوە.

ساڵانی دوواتر بوو زانیم ئەو تەسبێحە هەر هی خودی پیرێژنەکە بوو کە لە ڕۆژەکانی یەکەمی گەڕانەوەی هاشمی زیندانی دا پێی دابوو بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبێ. پیرێژنەکە وتبووی بگرە خوایش تەنیا بیانووییەکە بۆ سڕینەوەی تەنیاییەکانمان لە دووای مردن.

چەند ڕۆژ دووای مردنی پیرێژنەکە، هاشم لە ماڵ دەرکەوت و وەک هەمیشە بە شەقامدا سەرەوخوار بووەوە. ئاگام لێ بوو لە شوێنێک لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی شار، چوارمیلکە لەسەر شۆستەکە دانیشت. دەستماڵێکی دەرهێنا، ڕایخست، پاشان چوار بەردی گچکەی لە هەمان گیرفان دەرهێنا و خستیە سەر چوار قوڕنەی دەستماڵەکە. هاشم تا ئێوارە لەوێ دانیشت. خەڵکی ڕێبوار سەرەتا باوەڕیان نەدەکرد، بەڵام بەرەبەرە لەبەر چاویاندا ئاسایی بووەوە و ئەمجارە پارەیان بۆ دادەنا. هاشمی زیندانی ئێوارە جووڵا، پارەکەی خستە گیرفانێکیەوە و دەستماڵ و بەردەکانیش لە گیرفانەکەی تردا. لەسەر ڕێگای ماڵەوە چەند نان، بڕێک تەماتە و خەیاری کڕی و بەرەو ماڵەوە بووەوە.

ڕۆژێکیان وتم بیستوومە کۆمۆنیست بووی؟ وەڵامی دامەوە کۆمۆنیست بووم؟ منیش کە نەمدەزانی کۆمۆنیست چییە، درێژەم نەدایە. بەڵام حەزێک لە دەروونمدا بۆ درێژەدانی قسەوباسەکە دەگەڕا. هەربۆیە لە یەکەم دانیشتنی ترمدا لەگەڵ ڕەحەی چاوباز لێم پرسی. پرسیم لێم پرسیوە، بەڵام وەک هەمیشە بە پرسیار وەڵامی داومەتەوە. ڕەحە ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو و پێی وابوو دەبێ من بە گشتی نابێ زۆر سەری قسەوباسی سیاسی لەگەڵ هاشم بکەمەوە و لیگەڕێم هاشم بۆ خۆی لەم بارەیەوە بدوێ. بگرە ئەویش بەو شێوازە ڕاستەوخۆیەی وا من خەریکی بووم. ئەمە لای ئەو ئیتر تەواو کارەسات بوو. وتی ئەم پرسیارانەی تۆ ئەو دەخاتە گومانەوە. من کە لە دڵەوە پێکەنینم بەم قسەیە دەهات، وتم مەگەر کۆمۆنیست نەبووە؟ ئەم شێوە پرسیارەم گرتی و ڕەحەی چاوباز چەناگەی شل بوو. وتی ئەیچۆن کە بووە، ئەی لەسەر چی گیراوە؟ دیارە ئێمە پێمان وابوو کە لە زیندان وازی لەم کەریەتییە هێناوە و لەگەڵ گەڕانەوەی بە باری تردا کەوتووە و وەک مرۆڤە ئاقڵەکانی لێهاتووە، وەک دەبینی ئێمە سەرەڕای ئەوەی دەمانزانی ڕابردووی چی بووە، بەڵام هەر بەدەمییەوە بووین، بەس وادیارە ئەو هێشتا هەر لە سەر حاڵ و هەوای خۆیەتی و جارێکە نایەوێ ئاقڵ بێت، ئێمە ڕێزی زەحمەتەکان و ئەو ژیانەی دەگرین لە پێناوی خەباتدا داویەتی، نەک ڕێزی بیروباوەڕی. بە ڕەحەم وت حەتمەن ڕۆژێک دەستی لێهەڵدەگرێ، بەڵام تا ئەو ڕۆژە پێت وانیە کەمێک یارمەتی دەوێ؟ بۆ وێنە ئەوەی کە بۆی شیبکرێتەوە؟ فێڵەکەم گرتی و ڕەحە درێژەی بە قسەکانی دایەوە، وتی پیاوێک لەو تەمەندا زەحمەتە تازە شت وەربگرێ، دەبێ خۆی بەو قەناعەتە بگا، ئاخر کەی

کاتی ئەو بیروباوەڕە قۆڕانە ماوە! من کە پێم وابوو ڕەحەی چاوباز درێژە بە قسەکانی دەدا و سەرئەنجام کەمێک لەسەر کۆمۆنیستیش قسەدەکا، تیرەکەم لە بەردی دا و نەگەییە هیچ شوێنێک. ڕاستییەکەی ئەوە بوو ڕەحەیش لێی نەدەزانی.

هاشمی زیندانی کێ بوو؟

من بۆ ئەوەی بزانم کۆمۆنیست چییە، هەوڵم دا لە ئەقڵی خۆم کەڵک وەربگرم. بۆ ئەم مەبەستە هاشمی زیندانی و ڕوخسار و بەسەرهات و ژیانی ئیستایشیم هێنایە بەر چاوی خۆم. سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتم کە کۆمۆنیست یانی ڕۆژنامە و کتێب بخەیتە بن باغەڵت و بە شەقام دا بە سمێڵی زلەوە سەرەوخوار بکەیت، زۆربەی ژیانت شاراوە بێت، هەر بەو هۆیەوە بە دەیان ساڵ لە زیندان دا بیت، کە هاتییەوە تەنیا دە کەس بتناسنەوە و لەو دە کەسەیش سیانیان دەستبەجێ بمرن و حەوتیان بمێنن، ساڵانی ساڵ لەوە پێش واتە هەر بە منداڵی دایک و باوکت بمرن، کە لە زیندان هاتییەوە پیرێژنی دراوسێ نەهێڵێ لە برسا بمری، بە تاقی تەنیا لە هەرەتی پیری لە خانوویەکدا بژی کە یەکێک لە دەرگاکانی قوفڵی زلی پێوەیە، حکومەت بە تازە و نوێوە ڕقیان لێت بێت و سەرئەنجام لە دووای مردنی پیرێژنەکەی دراوسێ لە بەردەم مزگەوتی گەورەدا ببی بە سواڵکەر.

ڕۆژێکی تر لە ڕەحەی چاوبازم پرسی کاتی خۆی کاتێک هاشمیان گرت و بردیان، ماڵی باوکیان پشکنی؟ ڕەحەی چاوباز وەک هەمیشە وتی لەم بارەیەوە بەڵگەیان بە

دەستەوە نیە. وتی لەبەر ئەوەی هاشم دەستبەجێ گواسترابووەوە بۆ شوێنێکی دوور کە لانیکەم بە مینی بووس دوو ڕۆژی ڕەبەق ڕێگا بووە، هەموو بەڵگە ئیحتیمالییەکان لەناو چوونە. وتی لە بیرت نەچێ باسی سالآنی ساڵ لەوە پێشە و جگە لەمە باسی زیندانێکە لە بیابان. ڕەحەی چاوباز بۆ ئەوەی مەعلوماتی خۆی بە من پیشان بدا، هەستایە سەر پێ، ئەم سەراوسەرێکی ژوورە بچووکەکەی کرد و وتی قسە لەسەر سێ نەسڵە، واتە لەدووای گرتنی هاشم سێ نەوەی تر پێیان نابووە ناو ژیانەوە، بگرە تەنانەت سێ نەوە و نیویش، هەروەها زیندانی ناو بیابان وەک هیچ زیندانێکی تر نیە، جاری وایە 'با' دێت و هەرچی هەیە لەگەڵ خۆی رایدەماڵی، بەتایبەت کاغەز و ماغەز و شتی لەم بابەتە. وتی هاشم لە ناو قەڵایەکدا زیندانی کراوە کە بە سەر بەرزاییەکەوە بووە و هەر بۆیە 'با' یەکجار زەفەری بەم قەڵایە بردووە، ئەو ڕۆژەیش شۆڕش سەرکەوت و بەرپرس و نیگابانەکانی قەڵاکە لە شوێنەکە هەڵاتبوون دەرگاکانیان خستبووە سەرپشت و بۆیە 'با' ئەو ڕۆژە یەکجار یاخی بووە. ڕەحەی چاوباز تەنانەت وتی کە بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی پێی گەیشتووە 'با' هەندێ لە زیندانییەکانیشی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و بە دەشت و دەرا بڵاوی کردبوونەوە، هاشمی زیندانیش مابووەوە چونکە لە ژوورێک لە بنی قەڵاکە زیندانی کرابوو.

حەزدەکەم بپرسم داخۆ نەدەکرا دەسەڵاتی تازە بە شوێن بەڵگە و کاغەزەکاندا ئەو بیابانانەی سەرەوژوور سەرەوخوار بکردایە؟... ئەو بەڵگە و مرۆڤانەی و گرینگییەکی تایبەتیان هەیە؟

رەحەی چاوباز کە ئەمانە دەگێڕێتەوە، چاوەکانی پڕدەبن لە فرمێسک، ئەو فرمێسکانەی وا ئەو ناهێڵێ هەڵوەرن و چاوەکانی سەرلەنوێ زۆر زیرەکانە قوتیان دەدەنەوە. رەحە هەمیشە دڵ ناسک بووە. هەمیشە. من پێم وایە شۆڕشگێڕەکان هەمیشە دڵیان ناسکە، یەکجار ناسکتر لە دڵی خەڵکانی تر. کەسی دڵ رەق ناتوانێ ببێ بە شۆڕشگێر. رەحەی چاوباز ئاخ هەڵدەکێشێ و دەڵێ داخۆ کەی بێت هەرچی دیواری زیندانە بەسەر یەکتردا بڕمێن و مرۆڤ بۆ هەمیشە لەم نەهامەتییە رزگاری بێت. وەک هەمیشە دەستی دەکا بە مشت و توند دەیکێشێ بە مێزەکەی بەردەمیدا و دەڵێ ئەو زیندانانەی لەسەر شانی مشتێ مرۆڤی پڕوپووچ و هیچ و پووچی وەک سیخوڕ و مەئموور و ئەشکەنجەچی راوەستاون!

ساڵێ دووای گرتنی هاشمی زیندانی، سەرۆکی وڵات بۆ یەکەمین جار سەردانی شارەکەی ئێمەی کردبوو. بە تەیارەیەکی بچووک هاتبوو. یەک هەفتە پێش سەفەرەکەی، بەشێک لە دەشتی دەوری شاریان کە لە نزیکی سەربازخانەکە بوو بەپەلە تەخت کردبوو و فرۆکەخانەیەکی خاکیی گچکەی بێ خانوویان لێ سازکردبوو. دەور تا دەوری شار بە هێزی سەربازی گیرابوو و، کووچە و کۆڵانەکانی شاریش بە هەمان شێوە. لە هەر شوێنێک ئەقڵیان پێ دەشکا وا چاوەکانی

سەرۆک باشتر دەتوانێ بیانبینێ، دروشمی گەورە و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی یەکجار گەورەتری سەرۆکیان هەڵواسیبوو و ئەو شەقامانەی وا بەڵێن بوو ماشینی سەرۆکی پیا بڕوا بە جۆرەها شێوە ڕازاندبوویاننەوە. هەموو کەلاوە و دیوار رووخاوەکانیان بەم شێوەیە داپۆشیبوو.

فڕۆکەکەی سەرۆک سەرەتا چەند سوڕێکی بە سەر شاردا خوارد و پاشان لە فڕۆکەخانە خاکییەکە نیشتەوە. تەواوی ئەو بەرپرسە مەدەنی و سەربازیانەی وا لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی دیکە لە فڕۆکەخانەکە چاوەڕوانی سەرۆک بوون و ڕەپ راوەستابوون، لەبەر تەپ و تۆزی نیشتنەوەی تەیارەکە تا ماوەیەکی چاک سەرۆکیان لێ ون ببوو. بەلام باشیی تەپ و تۆز لەوەدایە سووکە و 'با' زوو لەگەڵ خۆی دەیبا. لەبەردەم پلیکانەکانی فڕۆکەکەدا فەرشێکی سووری درێژ راخرابوو و سەرۆک بە هەنگاوە قورس و ئارامەکانی بە سەریدا تێپەڕی.
وەک وترا ئەو ڕۆژە، ساڵێک لە گرتنی هاشم تێدەپەڕی. هاشم لەو کاتەدا لە عەجەمستان لە قەلاکە بیری لە دەرگای تەنەکەی حەوشەکەی خۆیان دەکردەوە.

شەقام لە بەر خەڵکی بەرنەدەکەوت. سەرۆک بە ناویاندا تێپەڕی، بە چاویلکە ڕەشەکانی لێیانی ڕووانی و دەستی بۆ تەکان دان. شەقامەکە کە کورت بوو و ئەوسەری دەگەیشتە سەربازخانەکە، خێرا سەرۆکی گەیاندە ناو سەرباز و بەرپرسە

نیزامییەکانی و لەوێ دەستبەجێ کۆبوونەوەیەکی بۆ سازکردن. سەرۆک باسی سنوور و دوژمن و چەکی کردبوو.

من لام وایە پێوەندێکی تۆکمە لە نێوان گرتنی هاشمی زیندانی و هاتنی سەرۆک بۆ شارەکەی ئێمە هەیە. ئەگەرچی ئەو کات نە خودی سەرۆک هێشتا دەیزانی دێ بۆ ئەم شارە و نە بەرپرسەکانی شاریش رۆحیان لە شتێکی وا خەبەردار بووە. بەڵام چونکە ئەو راستەشەقامەی وا هاشم هەموو رۆژێ بە کتێبی بن باخەڵ و رۆژنامەکەی دەستییەوە پیایا دەهات و دەچوو دەیڕوانییە ئەو دەشتەی وا فڕۆکەکەی سەرۆکی لێ نیشتەوە، هەر لە خۆوە هەندێ خەیاڵاتی لای بەرپرسی بەشی ئەمنیی شار دروستکردبوو. ئەو تەنانەت وای لێکدابوویەوە کە سەری دانەویوی هاشم لە کاتی پیاسەکانیشی دا فێڵ و بەرنامە بووە، ئەگینا بەردەوام خەیاڵی لەسەر ئەو دەشتە بەرینە بووە. هەرچەند رەحەی چاوباز ئەمە رەد دەکاتەوە و دەڵی لەخۆوە قسەمەکە! بەڵام من لەسەر قسەی خۆمم. گەر لاپەڕەی رۆژنامەکانی ئەو ساڵانە هەڵبدەیتەوە باس باسی سەردانەکان و سەفەرەکانی سەرۆکە بۆ بەشە جۆربەجۆرەکانی وڵات. تەنانەت بە ساڵەها پێش سەفەری سەرۆک بۆ ئەم شارەیش. ئەم سەفەرانە ببووە هۆی گوێ قوڵاغیی زۆربەی مەسئولەکان و بۆیە بە هۆ و بێ هۆ ئەوەندەی تر لە خەڵکی دڕدۆنگ دەبوون. بە تایبەت کە سەرۆک تەنیا بە دە ساڵێک لەوە پێش هەوڵی کوشتنی درابوو و فیشەکەکان لە جیاتی ئەوەی سەر یاخود ناو سکی بپێکن، بن باخەڵ و رانیان روشاندبوو. سەیرئەوەیە کاتێک سەرۆک دەگەڕێتەوە بۆ پایتەخت و لەسەر سەفەرەکەی بۆ شارەکەی ئێمە لێی دەپرسن، دەڵێ

کە قەت لە ژیانیدا سەفەری ئەوەندە خۆشی نەکردبوو و قەتیش ئەوەندە هەستی بە ئارامی و متمانەیی نەکردبوو. هەم رەئیس پۆلیسی ئەو کات و هەم سەرۆکی بەشی ئەمنی شار، ئەم قسەیەی سەرۆکیان لەسەر کاغەزێکی گەورە نووسیبووەو و بە دیوارەکەی پشتەوەی خۆیان لە ژووری کارەکەیان هەڵیانواسیبوو. هەروەها لەگەڵ وێنەیەکی سەرۆک بە تەنیشتییەوە کە لە فڕۆکەخانە خاکییەکە خەریکی دەستدانەوەیە لەگەڵ ئەوان. رۆژە ئاڵتوونییەکانی ژیان،... هی ئەو سەردەمە!

لەم کاتانەدا هاشم کە رۆحیشی لەم شتانە خەبەردار نەبوو، لە ژووری زیندانەکەی بە خۆی دەوت گەر هاتوو بە هۆی رەحمەتێکەوە زووتر رزگارم ببێ، ئەوا ئیتر قەت بە شەقامی ناو شاردا بە بێ هۆ ئەم سەراوسەر ناکەم.

من کە جاری وایە لە سیخوڕی ماندوو دەبم، رووەدەکەمە تەنیا سەیرانگەی شار وا بە سەر تەپۆڵکەیەکەوە بە سەر شاردا دەڕوانێ. لەوێ لە سەر کورسییەک دادەنیشم، داوای چاییەک دەکەم و لەو بەرزاییەوە لە شار و لە دیمەنە دوورەکان دەڕوانم. دەبێ دیان بەوەدا بنێم کە لە کاری سیخوڕی دژوارتر لە دونیادا دەستناکەوێ. رەنگە پێتان سەیر بێ وا دەڵێم، بەڵام پێتان سەیرنەبێ. سیخوڕیی دژوارە چونکە یەکەم، خۆت هی خۆت نیت، دووهەم، بەردەوام دەبێ لە دەرەوەی خۆت بڕوانی، سێهەم، بیرکردنەوە قەدەغەیە مەگەر لەو کاتانەدا وا هەستیارە و دەبێ بڕیارێک بدەی، چوارەم، هەمیشە لە دڵەڕاوکێدای (رێک وەک نێچیرەکەت)، پێنجەم، وەک لە

هاوکارەکانم بیستووە تەنانەت ژنەکەیشت خۆشی ناوێیت و ئەویش رقی لێتە (بە خۆشییەوە من ژنم نیە)، شەشەم، گیرفانەکانت هەندێ شتیان تیایە کە قەت هی خۆت نین، سەرئەنجام حەوتەم ئەوەیکە مووچەکەیشی بەرەکەتی نیە. مەبەستم ئەوەیە هەر لە خۆوە حەزێکت تیایە پووڵەکە بە شێوازی سەیروسەمەرە خەرج بکەی. بۆ وێنە لە خۆوە سوار مینی بووس دەبی و دەچی بۆ سەفەر. یاخود حەزت لێیە زووزوو بچی بۆ چایخانە و بە چایی هەڵقوڕاندن و هێلکەوڕۆن خواردنەوە بیگوزەرێنی. بە بێ ئەوەی، بە پێچەوانەی شوغڵەکەت، لەوێ تاقەتت بێ بۆ یەک چرکەیش گوێ لە قسەی خەڵکی بگری. چایخانە، یەکەمین و دوواهەمین شوێنی حەسانەوەی سیخوڕە. ئەو شوێنەیە خۆت لە قەیدوبەندەکان رزگار دەکەی و، حەزدەکەی وەک هەموو ئەوانەی دەورووبەر بیت. مرۆڤە سادە و ئاساییەکان. بە بێ گوێ هەڵخستن و دانانی پلانی ناشیرین بۆ خەڵکی.

جگەرەکەت بادە و خەیاڵ بۆ شوێنێکی تر بفڕێنە!

کە باوکی هاشمی زیندانی کوژرا و گوندەکانی شار بەناوبانگترین چەرچیی خۆیان لەدەست دا، دایکی هاشم کە ژنێکی گورج و گۆڵ و بەمشور بوو، خەمی دونیای لێ نیشت. هەڵبەت نەک لەبەر خۆی،... نا، زیاتر لەبەر کوڕەکەی کە بە هۆی ئەوەی تاقانە بوو تا رادەیەکی زۆر دەست و پێ سپی بارهاتبوو. بگرە تەواوی ئەو گەڕانانەی وا لە گەڵ باوکیشی، بە توورەکەیەک بەشانەوە بۆ گوندەکان کردبووی،

ئەوی نەکردبوو بە کوڕێکی زیرەکی کاسب. هاشم هەر لەو ساڵانەوە کەسێکی تایبەت بوو. خەیاڵی نەدەچووە سەر پارە و سەر کەسابەت،... بگرە هیچ شوێنێکی تریش. هەمیشە لە شوێنێک بوو کەس نەیدەزانی کوێیە. خەیاڵی دەڕۆی و دەڕۆی. دایکی پێی وابوو هاشم لە باری کەسابەتەوە چووبووەوە سەر باوەگەورەی، واتە باوکی خۆی. باوکی ئەویش کەسێکی بێ خەیاڵ بوو کە زۆربەی کاتەکان لەماڵەوە دادەنیشت و تەنیا بە سەر ماڵ و خێزاندا دەیگوڕاند. ئەهلی کاسبی نەبوو و چاوی لە کوڕە گەورەکەی بوو. هەڵبەت بە خۆشییەوە هاشم وەک باوەگەورەی توڕەو تەوسن نەبوو. بگرە بە پێچەوانەوە، زۆریش نەرم و نیان بوو. ئەم نەرم و نیانیە ئەوەندەی تر دایکی هاشمی دەترساند. بیری دەکردەوە داخۆ چارەنووسی هاشم لە دووای ئەوان دەبێ چی بێت؟ ئیستا کە باوکی کوژرابوو، هاشم تا بێکەسی تەنیا یەک هەنگاو مەودای هەبوو. دایکی بیری کردەوە بە جۆرێک لەگەڵ خزم و کەس و کارەکەی کە یەکجار لێرە دووربوون پەیوەندی بگرێ و ئاگاداریان بکاتەوە، بەڵام ئەمەی نەکرد و هەموو شتێکی بە قەولی خۆی دایە دەست ئیرادەی خودا. ئەوسا رۆژێک خەیاڵێک بە زەینی دا هات. بۆخۆی بە یارمەتیی هاشم ژوورێکی تەویلەئاسای لە گۆشەیەکی حەوشەکە سازکردوو و بەو برە پارەیەی بۆخۆی بە دزیی مێردەکەیەوە لایدابوو، هەروەها بە فرۆشتنی کەل و پەلەکانی چەرچیگەریی مێردەکەی، مانگایەکی کڕی و لە تەویلەکەی خنی. مانگایەکی رەشی ناوچاو قەشانی چاو مەزلووم کە کاتێک دەیبۆڕاند، دەنگی بە جوانی دەرنەدەهات. بەمە کەمێک بەرچاوی روون بووەوە و زانی ئیتر هاشم لە برسا نامرێ. هەر بەمەیش قەناعەتی

نەهێنا و لێرە و لەوێ رووی لە هەندێ دووکاندار و وەستا کرد و داوای لێکردن کوڕەکەی وەک شاگرد دامەزرێنن. هەوڵێک کە سەری نەگرت. ئەوانەی وا دەرفەتێکیان بە هاشم دا، لە دووای چەند رۆژێک دەریاندەکرد و دەیانگوت لەسەر ئەم بنجە هیچ گیایەک شین نابێ!

ئەو رۆژەیش کە دایکی هاشم مرد، لە بەر پەنجەرە نزمەکە، لە ناو جێگاکەیەوە هەر چاوێکی لە تەویلەکە بوو. لە ژێر لێوەوە بەردەوام دۆعای دەکرد و داوای لە خوا و لە مانگاکە دەکرد پشت لە کوڕەکەی نەکەن و ئاگایان لێی بێت. یەک بە رەحمەتی بێ پایانی خۆی و ئەوی تریش بە شیری گوانەکانی. تەنانەت کوڕەکەیشی فێری ماست هەوێنکردن و پەنیر دروستکردنیش کردبوو. وتبووی هەندێکیان لێ بفرۆشێ و نان و پێخۆریشیان پێ بکڕێ. هەر لەو رۆژەوە مێردەکەیان کوشتبوو، لە دڵی دابوو کە بۆخۆیشی زۆر ناژی و مەرگی لە راستیدا نزیکە. بەڵگەیشی ئەوە بوو ئەو و مێردەکەی چونکە هەر لە سەرەتاوە بۆ یەکتر ژیابوون و پشتیان لە هەموو کەس و کاریان کردبوو، کەواتە دەبا پێکیشەوە یاخود بە مەودایەکی کەم لە یەکتر ئەم ژیانە بەجێ بێڵن. لەم دووا رۆژانەی تەمەن، هەموو رۆژێ کوڕەکەی کە ئێستاکە جەهێڵێکی جوان چاک بوو، بانگ دەکرد، لە تەنیشتی خۆی دایدەنا و نەسیحەتی دەکرد. باسی دژواریی، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشیی ژیانی بۆ دەکرد. هاشم وەک هەمیشە بێدەنگ لە زەوی بەردەمی دەڕوانی و گوێی دەگرت. گوێی دەگرت؟ کەس نازانی. تەنانەت دایکیشی. بەڵام دایکی بە ئەزموونی ژیانی دەیزانی گوێ کونە و لەم

کونەوە هەندێ وشە و رستە، کەسەکە چ بیەوێ و چ نەیەوێ لێیەوە دەچێتە ژوورەوە و لەوێ وەک کۆکۆختی هێلانە دەکەن. ئەوسا شەوانە لە ناو جێگادا فرمێسکی بۆ رۆژانی تەنیایی کوڕە بەدبەختەکەی دەڕشت. ئەو رۆژانەی بەڵێن بوو بێڕەحمانە بێن و هیچ هێزێک لەم دونیایەدا توانای راوەستانیانی نەبوو. لەم دووا رۆژانەدا بە بەسەرکردنەوەی تەواوی کاتەکانی ژیانی هاشم، هەوڵیدەدا بزانێ داخۆ بۆ کوڕەکەی وای لێهات. هەرچی دەکرد هیچ رووداوێکی تایبەتی نەدەهاتەوە یاد. باوکی لە گەڵیا میهرەبان بوو. خۆیشی هەروەها. هەر ئەوەندەی نەبێ هاشم زۆر تاقەتی ناو خەڵکی نەبوو و هەمیشە حەزی بە تەنیایی و بە بێدەنگییەکانی خۆی بوو. جگە لەوە، شتیش زۆر فێرنەدەبوو. پەیکەرێکی بێ کەلیمە بوو کە ژیانی لە رێگای چاوەکانییەوە دەناسی. لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکانیش گۆڕانێکی ئەوتۆ روویان نەدەدا. تەنیا تایبەتمەندیی هاشم کە دایکی سەری پێ سوڕدەما و یەکجار خۆشحاڵی دەکرد، زیرەکیی کوڕەکەی بوو بۆ ناسینەوەی رێگا. نەک تەنیا رێگای ماڵەوەی قەت لێ ون نەدەبوو بگرە کاتی چەرچیگەریش، زۆر جار ئەو بوو رێگای پیشانی باوکی دەدا. ئەو بوو هەمیشە ئاسانترین رێگاکانی دەدۆزییەوە و بە پەنجە ئاماژەی پێدەدان. لەبەرخۆیەوە دەیگوت حەی بە قوربانت بم، لە دەوری باڵا نەشمیلانەکەت گەڕێم، بە خوا لەسەر مانگیش فڕێت دەن هەر خۆت دەگەیەنیتەوە ئێرە!

ڕاستییەکەی ئەوە بوو لای هاشم دونیا تۆڕێکی ئاڵۆز و لێکئاڵاوی ڕێگاکان بوو. ئەو ڕێگایانەی زۆر جار یەکتر دەبڕن و ڕێبوار لە یەکتر دەڕفێنن. هەر وەک چۆن باوکیان ڕفاندبوو.

دایکی کە مرد بە فرمێسکەوە مرد، هەروەها هاوکات بەو خەیاڵە دڵخۆشکەرەوە کە هاشم قەت ڕێگای ئەم خانووەی لەم دونیا پان و بەرینەدا لێ ون نابێ. ئەو هەمیشە لە هاتنەوەی هاشم، جا لە هەر کوێیەکی ئەم دونیا پان وبەرینەدا بووایە، دڵنیا بوو. بۆیە کە مرد، چاوبە فرمێسک و بزە لە سەر لێو گیانی ئەسپارد. هاشمی زیندانی بە وردی ئەم وێنەیەی بینی و هەر بە هەمان شێوەیش لە بیرەوەریی خۆیدا جێگایەکی تایبەتی بۆ کردەوە. دایکی لێ بوو بە پەیکەری خۆشی و فرمێسک.

کە دایکی مرد، دۆستایەتی نێوان ئەو و مانگاکە یەکجار گەرم و گوڕتر بوو. بە خۆشییەوە ژنەکەی دراوسێشیان، ئەوەی کە لە دووای هاتنەوەی هاشم لە زیندان خواردنی بۆ دەهێنا، یارمەتی دەدا و ئاگای لێبوو. بۆیە هاشم پەکی نەکەوت. بگرە هەموو ڕۆژێک، کۆتایی بەهار بوو دایکی مرد، بە یارمەتی دراوسێکەیان مانگاکەی دەبرد بۆ دەشت، دەیلەوەڕاند و دەیهێنایەوە. بە ئەزموونیش زانی مانگا حەزی لە خواردنی کاغەزە، بۆیە لە هەر شوێنێک کاغەزی دەست کەوتایە، هەڵیدەگرتەوە و دەیهێنایەوە. لەم کاغەز هەڵگرتنەوانەدا بوو کە ڕۆژێک بە سەر کتێب و ڕۆژنامەیەکدا لە لا کۆڵانێکدا کەوت و هەڵیگرتن و هێنانیەوە. بەڵام تێگەیشت کە ئەم دووانە لە گەڵ

کاغەزەکانی تر فەرقیان هەبوو. هاشم لە ماڵەوە لەبەر دەم دەرگای ژوورەوە دانیشت و بە وردی لێیان راما. ئەگەرچی بە زەحمەت بۆی دەخوێندرایەوە، بەڵام سەرئەنجام زانی کتێبەکە چیرۆکێکی منداڵان بوو لە سەر کوڕێک کە بە پاپۆڕ لەسەر رووبارێک دەگەڕا و بە تووش رووداوی سەیرو سەمەرەوە دەبوو. کوڕێک کە خەونی بە وڵاتانی دوورەدەستەوە دەبینی. ناوی کتێبەکە، بە مەودای چەندین لاپەڕە، بە وێنە رەش و سپییەکان رازێنرابووەوە. سەرنجڕاکێشترین وێنە، وێنەی خودی کورەکە بوو لە ناو بەلەمێکدا لە کاتی داچوونی هەتاودا بە سەوڵێک بە دەستییەوە رووەوە رۆژئاوا. وێنەکە ئەگەرچی رەش و سپی بوو، بەڵام وەها کیشرابووەوە کە هەستت بە زەردەپەڕی ئێوارە دەکرد تێیدا. لە سەر بەرگەکەی نووسرابوو 'رووداوەکانی رووبار'.

رۆژنامەکەیش پڕی وێنە و بابەت بوو بەو لاپەڕە پان و گەورانەوە کە کاتێک دەیکردنەوە بە قەدەر باوەشێک دەبوون. بە تایبەت لاپەڕەی یەکەم کە لە وێنەی کەلەسەری پیاوەکان تەژی بوو. هاشم ئەم پیاوانە نەدەناسی. بەڵام دەیزانی دەبێ کەسی گرینگ بن و بۆیە وێنەیان لێرەدا هاتبوو. ئەو پیاوانەی هەر کام بە جۆرێک وێنەیان گرتبوو، یەک مڕومۆچ، ئەوی تر لێو بەبزە و سێهەم بێ خەیاڵ و... ، بیریکردەوە بێگومان ئەم پیاوانە دەبێ زۆر سەرقاڵ بن. هاشمی زیندانی ئەم دووانەی لای خۆ راگرتن و نەیدان بە مانگاکە. هاشم هەموو شەوێک بگرە لە ناو جێگایش دا سەیری دەکردن و ئەگەرچی بە وردی تاقەتی خوێندنەوەیانی نەبوو،

بەڵام لە بینینی وێنەکان و رستەکان تێرنەدەبوو. ئەوان، ئەویان بەرەو جیهانێکی تر دەبرد. کاغەزەکان دەڵێی سیحریان لێ هەڵدەقولا. ئەم خۆشەویستییە وەهای کرد کە ئیستا بە کاتی دووانیوەڕۆ لەگەڵ خۆی دەیبردنە دەرەوە. یەک لە بن باخەڵ و یەک بە دەستەوە، ئەم سەراوسەری شەقامی پێدەکردن.

خەڵکیش چەند بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەڕوانی. لە هاشم. لە هاشمی خاوەن نازناوی 'زیندانی'ی داهاتوو.

لە یەکێک لەم گەشتانەدا سەرئەنجام پۆلیس تەپی دایە سەری و سوار ماشینێکی 'جیپ'یان کرد و بردیان. ئەوەی راپۆرتی لێدا، مامۆستایەکی قوتابخانە بوو کە کاتی خۆی بە رێکەوت چووبووە سەفەر بۆ پایتەخت و لەوێ چاوی بە رۆژنامە کەوتبوو. مامۆستاکە بە ئەزموونی خۆی دەیزانی رۆژنامە سەر بە گێچەڵە و هەر شوێنێک ئەم عیفرەتە رووی تێبکا ئەوا حەتمەن گۆڵمەزێکی تیا دەنێتەوە. ئەو کە زۆر رقی لە گۆڵمەز بوو، بەپەلە خۆی گەیاندە پۆلیس و ئاگاداری کردنەوە. ئەمە یەکەم جار بوو هاشم لە ژیانیدا سوار ماشین دەبوو. سواربوونێک کە دووهەم جارەکەی سی و ئەوەندە ساڵی دوواتر بوو!

بە خۆشییەوە ماوەیەک بوو شوانی گەڕەک لە رێی خودا مانگاکەی ئەویشی لە گەڵ مانگاکانی تر یەک دەخست و دەیبرد بۆ لەوەڕ و، ئێوارەیان بۆی دەهێنایەوە

(ئەمەیش بە شێوەیەک پیاوەتیی دراوسێکەیان بوو). بۆیە مانگاکە، لە دووای گرتنی هاشم، قسمەتی مردن و تیاچوون نەبوو و لە لای شوانەکە هەتا مرد، مایەوە. ئەو شوانەی بە هۆ و بێ هۆ لە هەموو شوێنێ دەیگوت بۆم راگرتووە تا بەشکو خوا رەحمی پێ بکا و بێتەوە. ئەو شوانەی وا ئەویش مرد و هاتنەوەی هاشمی زیندانی قەت بە چاوەکانی خۆی نەبینی.

رەحەی چاوباز کە هەوڵدەدا شۆڕشگێڕێکی واقع بین بێت و پیشانی بدا سەری لە مێژوو دەردەچێ، دەڵێ راستە ئێمە دژی دەسەڵاتی پێشوو بووین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە هەرچی ئەو دەسەڵاتە کردی خراپ بوو، بۆ وێنە قەدەغەکردنی مانگا لە شاردا کارێکی باش بوو، چونکە هەم خەڵکی لە نەخۆشی دووردەخستەوە و هەم شار خاوێن دەبووەوە. منیش لای خۆم بیردەکەمەوە هاشم بەختی نەبوو، ئەگەر ئەم قەدەغەیە لەو ساڵەدا بکرایە ئەوا نە قەت دڵی دەدایە کاغەزی ناو کوچە و کۆڵانان و نە بە کتێب بە بن باخەڵەوە ئەمسەراوسەری جادەی دەکرد و نە جیپی پۆلیسیش رۆژێک پشتە ملی دەگرت و ئاودیوی بیابانە بەرهووتەکانیان دەکرد. بە گشتی هاشمی زیندانی بەختی بە مێژوو نەبوو. ئەمەیش لای من ئاساییە. ئاخر من نازانم تا چەند مێژوو لە شارێکی بچکۆلانەی تەریک دا دەتوانێ هەبێ و دەتوانێ چارەنووسی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی مەعقول بەتووش گۆڕانەوە بکا.

ڕەحەی چاوباز هەر بەمە وازناهێنێ. لای ئەو، دەسەڵاتی پێشوو ڕووخا چونکە بەدەرکردنی مانگا، فێری خەڵکی کرد ببنە خاوەن مێژوو. ئەو پێی وایە مرۆڤ تا لە سروشت دووربکەوێتەوە ئەوا زیاتر پێ دەنێتە ناو مێژووەوە. ئەو دەڵێ زیاتر لە هەر کەس و هۆکاری تر، ئەوا خودی دەسەڵاتەکان خۆیانن دەبنە هۆکاری سەرەوخواربوونەوەی خۆیان، بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن! لای ئەو کاتێک مرۆڤ ئیتر وەک جاران بە سروشتەوە سەرقاڵ نیە، ئەوا مێژوو بە هەموو هەیکەل و وجوودی خۆیەوە خۆی دەنوێنێ و و دەبێ بە بەشێکی گرینگ لە ژیانی و ئیتر لەوە بەدووا ژیان بە گشتی دەچێتە قۆناغێکی ترەوە. ڕەحە بە غرورێکی سەیرەوە دەڵێ بە هۆی هاتنی مێژووەوە دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێ خەڵکیش بیر لە گۆڕانی بکەنەوە، بگرە واوەتریش لەمە بیر لە سەرلەنوێ دروستکردنەوەیشی دەکەنەوە. ئیتر دەبێ بە شەڕە مێژوو، بۆ وێنە شەڕی مێژووی ئێمە و مێژووی ئەوان، لات سەیرنیە؟ من کە ناوێرم بڵێم نا، هەر بەردەوام زەین و دەروونم لای هاشمی زیندانییە. لای دایکی کە نەیدەزانی بە کڕینی ئەو مانگایە لە جیاتی ئەوەی دەستەبەری داهاتووی کوڕەکەی بگا، کەچی بە کونی ڕەشیدا کردبوو و بۆ هەمیشە هاشمی نەگبەتی بەرەو چارەنووسێکی تر پاڵ پێوە نابوو. ڕەحەی چاوباز لای وایە مرۆڤە مەزنەکان ڕێک لەم کاتانەدا لە دایک دەبن، وە هاشمیش بەتووش ئەم بای ڕەحمەتەوە ببوو! لای ئەو، مێژوو لا لە هەر کەس بکاتەوە ئەوا دەیباتە عەرشی ئەعلا و بۆ هەمیشە ناوی لە زەین و دەروونی خەڵکدا دەهێڵێتەوە. جا چ بە بەدبەختی چ بە خۆشبەختی. من کە خەیاڵم لای هاشمە، بیر لە حەوشەکەیان دەکەمەوە. ئەوسا تەویلەکەم دێتەوە بەرچاو

که لەو چەند سەردانەمدا سەرنجی رانەکێشابووم. عەجەب سیخوڕێکم! بیرم له شان و باهۆی ژنێک دەکردەوە ساڵانی یەکجار لەوە پێش بە یارمەتیی کوڕەکەی خەریکی بنیاتنانی بووە. بیر لەو مانگایەی رەنگە ئەویش بە جۆرێک لە جۆرەکان پیش مردنی، بیر و یادی ئەوێی کردبێتەوە. کێ چووزانێ! ئەو مانگایەی چارەنووسی وەک چارەنووسی هاشم دەرچووبوو.

لای خۆم بڕیاردەدەم گەر کات و ژیان دەرفەتیان دا ئەوا رۆژێک لە رۆژەکان لەسەر دەروونیاتی مانگا خوێندنەوەی تێر و پڕ بکەم. وەک سیخوڕێکی شۆڕشگێڕ کە خەمی هەموو بوونەوەرەکانی ناو ژیان دەخوا و،... دەبێ بیانخوا! وەک سیخوڕێکی نیشتمانپەروەر.

لە ناو هەموو بابەتەکانی ناو رۆژنامەکەدا هاشمی زیندانی سەرنجی دەچووە سەر ئەو تیترەی وا نووسرابوو 'ئەو سەرۆکەی رووی سەرۆکی وڵاتی میسری سپی کردا' هاشم بە زەحمەت ئەم رستەیەی خوێندبووەوە. هەر کە لە دووای چەند جار خوێندەوە رەوانی کرد، ئەوجا بیری لە ماناکەی کردەوە. لە هەموو وشەکان دەگەیشت، تەنیا دووانیان نەبێ: سەرۆک و میسر. بەڕاست ئەمانە واتایان چی بوو؟ چەند جارێک هەر دوو وشەکەی دووپاتکردەوە، هەڵبەت نەک بە دەنگی بڵێند. بیری باوکی کردەوە. دەیزانی باوکی بە هۆی گەڕیدە بوونەکەیەوە زۆر شتی دەزانی، ئەگەرچی خوێندەواری نەبوو. گەر لێرە بووایە لێی دەپرسی. ئەویش دەیگوت رۆڵە سەرۆک یانی... و، میسریش یانی... . هاشم زەینی خۆی دەگوشی، هەوڵدەدا بزانێ

ئەو دوو وشە یاخود رستانە چین کە دەکرا لە زاری باوکی وەک لێکدانەوەی مانای ئەم دووانە بێنە دەرەوە، بەڵام هەوڵەکەی وەک شەو کە حەزدەکا سەعاتی دووی نیوەشەو دونیا رووناک بێتەوە، بە هیچ ئەنجامێک ناگا. ئەو وشانە لە مێژە لەگەڵ باوکی کۆچی دواییان کردبوو و لە ناو قەبردا نێژرابوون. بۆ ئەوەی بتوانێ بە شوێنێک بگا، دەست دەکا بە خوێندنەوەی بابەتەکە. بابەتەکە تا ئەو جێگایەی لێی تێگەیشت باسی لە کۆمەڵێک چەکداری حکوومەتی دەکرد کە چوونەتە ماڵی کەسێک و کتێبەکانیان بردووە. کتێبخانەیەکی گەورە تاڵان کرابوو. ئەوسا لە رستەیەک دا لە پێش وشەی میسر، وشەی وڵاتی بینی و ئیتر دەستبەجێ تێگەیشت میسر وڵاتێکە وەک ئەم ولاتەی وا خۆی تیا دەژیا. بەڵام هەرچی کرد لە سەرۆک نەگەیشت. سەرئەنجام بەو ئەنجامە گەیشت کە سەرۆک دەبێ کەسێکی موهیم بێت. بۆ ئەوەی لە موهیمیش بە جوانی تێبگا بیری لە باوکی کردەوە کە لە ژیانی ئەواندا چەندە موهیم بوو.

لە زیندان، زیندانبانەکە بە شەق و مشت کەوتبووە گیانی و وتبوی ئێستا ئیتر گاڵتە بە سەرۆک دەکەی و ئەو رۆژنامانە دەخوێنیتەوە وا کاتی خۆی خائینان بە وڵات دەریاندەکرد! ئەوسا بە سەریا نەڕاندبووی و داوای لێکردبوو پێی بڵێ ئەم رۆژنامەیەی چۆن دەست خستبوو. هاشم چیرۆکەکەی رێک وەک خۆی گێڕابووەوە. وتبووی بە شوێن کاغەزەوە بۆ مانگا رەشی ناوچاوقەشان وێڵ بووە کە بە هەڵکەوت بەسەر ئەمانەدا کەوتووە! لە کۆڵانێکی لابەلا کە بۆخۆیشی نازانێ ئەو

رۆژە بۆ بەتایبەت رێگای کەوتبووە ئەوێوە. ئەو قسانەی لە ژوورەکەدا سوڕیان دەخوارد و دەیانخواردەوە بە بێ ئەوەی بتوانن خۆ بە کونە گوێیەکدابکەن. زیندانبانەکە دەڵێ چلۆن دەکرێ کتێب و رۆژنامەیەک بە هەڵکەوت لەسەر رێگات کەوتبن،... ها چلۆن؟

هاشم هیچ وەڵامێکی پێ نیە.

لە کۆبوونەوەیەک کە دوواتر لەسەری دەگرن، بەو ئەنجامە دەگەن هاشم لە راستیدا کەسێکی یەکجار خەتەرناکە. کەسێکی لێوانلێو لە پلانە شاراوە و پڕ لە مەترسییەکان بۆ سەر وڵات و بۆ سەر سەرۆک. ئەمەیش لەبەر چەند هۆکار: یەکەم ئەوەیکە رۆژنامەیەکی سەردەمی دەسەڵاتی خائینان بە سەرۆکی بە دەستەوە بووە، دووهەم ئەوەیکە ئەم رۆژنامەیە چەند ساڵێک لە چاپ و بڵاوبوونەوەی گوزەرابوو و بۆیە هەبوونی بە دەست کەسێکی وەک هاشمەوە نیشانەی ئەوە دەبێ خائینان بەردەوام خاوەنی رێکخراوەی تۆکمەن لە وڵاتدا، سێهەم ئەم رۆژنامەیە لە شارێکی بچووکی نزیک سنوور بە دەستی هاشمەوە بووە کە لەوە پێش قەت رۆژنامەی بە خۆیەوە نەبینیبوو، بە تایبەت لەم شێوازانەی، ئەمەیش یەعنی خائینان سەرەرای سەرکوتیان باش پەرەیان سەندبووەوە، چوارەم ئەوەیکە ئەگەر کەسێکی مندالکاری وەک هاشم پیاوی ئەوان بێ ئەوا دەبێ لەم شارە گەلێک خەڵکی تریان لەگەڵا بێت. هەروەها لە دووای ئەوەی بە جوانی سەیری کتێبەکەیشیان کرد، ئەمەشیان بە گشتی رووداوەکە

زیادکرد کە کتێبێک تیایا قارەمانی داستانەکە بەردەوام لە بیری شوێنێکی دووردایە و بەدەم گەیشتن بەو شوێنە رووداوی سەیروسەمەرەی بەسەردادێ، بەو مانایە خائینان خەریکن نەسلێکی نوێ بۆ خەباتێکی درێژخایەن و پڕ لە رووداو ئامادە دەکەن. لە کۆتاییدا، کۆبوونەوەکە داوای حوکمی ئیعدام بۆ هاشم دەکا، بەڵام لەم بڕیارەی پەشیمان دەبێتەوە و بڕیار دەدەن بۆ تەمێکردنی خەڵکی ئەم شارە و تۆقاندنیان سزای حوکمی ئەبەد بەسەر هاشم دا بسەپێنن بۆ ئەوەی وەک زیندوویەکی مردوو بۆ هەمیشە لە یادەوەریاندا بمێنێتەوە و هەموو جارێک بە بیرهێنانەوەی لە ترسانا میز بە خۆیاندا بکەن.

هاشم کە شەق و مشتەکان یەکجار ئازاریان پێدەگەیاند، بەڕاستی پەشیمان بوو لەوەی بۆچی هەر یەکەم رۆژ کتێبەکە و رۆژنامەکەی نەکردبوو بە قوڕگی مانگاکەدا. نازانێ بۆ ئەوەندە گێل بوو. جگە لەمە پێشی سەیرە بۆچی باوەڕی پێناکەن کاتێک پێیان دەڵێ ئەمانەی بۆ مانگا رەشی ناوچاوقەشان گەرەک بووە. ئەو کە لە بیری نایەت قەت لە ژیانیدا درۆی کردبێ، رقی لەوانەی دەبێتەوە بە زۆر دەیانەوێ درۆی پێبکەن. هاشم پێی سەیرە دەیانەوێ بە شەق و لێدان و تۆقاندن درۆ بخەنە دەمیەوە. بۆ چەند رۆژ دوواتر بە هەمان جیپ بۆ شارێکی تری بەڕێدەکەن و لەوێوە یەکسەر بۆ ئەو شوێنەی وا بە دەیان ساڵ تیایا مایەوە. هاشم کە یەکەم جار بوو لە ماڵەوە دووردەکەوتەوە، هەستێکی تر لە گۆشەی دڵیا چەکەرەی کرد کە سەرەتا نەیدەزانی

چییە. تەنیا ئەو کات پێی زانی وا یەکێک لە زیندانییەکان بە دەنگێکی پڕ لە حوزن گۆرانییەکی بەسەر غەریبایەتیدا چڕی.

هاشمی زیندانی کە شارەزاترین کەسی ڕێگاکان بوو، بە سەر غەریبایەتیدا کەوتبوو.

بەردەوام بیرم لە سەر ژووره قوفڵدراوەکە بوو. دەبووا بە جۆرێک بمبینیایە. لەوە نەدەچوو هاشمی زیندانی ئەو دەرگایە بکاتەوە و لێیەوە بچێتە ژوورەوە. لانیکەم تا من لەوێ بووم. ئاگام لێبوو تەنانەت بە لاچاویش لێی نەدەڕوانی. شتێک لە دەروونەوە پێی دەوتم ئەو دەیزانی، باشیشی دەزانی. مەگەر دەکرێ کەسێک لە خانوویەکدا بژی و نەزانێ چی تیایە؟ ئەو ژووره دەڵێی لای ئەو فەرامۆش کرابوو. جاری وابوو کاتێک بەدەم چایخواردنەوە دالانەکە بێدەنگ هەڵدەگەڕا، بە ئاستەم لە ناو ژوورەکەوە گوێم لە جووڵە و دەنگ بوو، بەڵام هاوکات جاری وایش بوو ژوورەکە وەها بێدەنگ دەبوو کە لەم خەیاڵەی خۆم پەشیمان دەبوومەوە و لەبەر خۆمەوە بە خۆمم دەوت قوفڵە چونکە ڕەنگە کلیلەکەی ونکردبێ. بەڵام هەمووی ئەمانە بێسوود بوو. مەگەر دەکرا هاشمێک کە لە دووای سی و ئەوەندە ساڵ کلیلیماڵەکەی لە گەڵ خۆی هێنابووەوە، کلیلی ئەو دەرگایەی ونکردبێ! لە دەروونەوە دەنگێک پێی دەوتم لەو ژوورەدا شتێک دەگوزەرێ. وە من دەبووایە ڕۆژێک سەری ئەو ڕازە هەڵبدەمەوە. هاشم هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات کە داخۆ من سەرم بەو ژوورەوە قاڵە یان نا.

هاشم بێ خەیاڵترین مرۆڤی جیهان بوو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هاشم ئەوەیە بۆنی ژن نادا. لەم خانووەدا لە مێژە بۆنی ژن نایەت. ڕێک لەو کاتەوە دایکی مردبوو. بێگومان لەم سی و ئەوەندە ساڵەیش دا هاشمی زیندانی نەک جەستەی ژن، بگرە وێنەکەیشی نەبینیووە. بەڵام لە هەر لایەکەوە سەیری دەکەی تێدەگەی کە ئەو بوونەوەرێک نیە خەیاڵی لەسەر ژن بێت. ئەو لەمێژە درگاکەی بەڕووی جیهانی ژناندا داخستووە و کلیلەکەیشی خستووەتە بنی گیرفانی خێویەکەوە وا تەنیا دەتوانی لە ئەفسانەکاندا بەتووشییەوە بی. لای هاشمی زیندانی دونیا نێرینەیە.

وەک هەمیشە لەم بارەیەشەوە پرسیارم لێکرد. وتم حەزت بە ژن نیە، بیریان لێ ناکەیتەوە؟ وتی حەزم بە ژن نیە، بیری لێناکەمەوە؟! چەندە حەزم دەکرد چاوەکانی لە چاوەکانی ڕەحەی چاوبازیان بکردایە. ئەو چاوانەی بەهۆی کارەکەیەوە ئاگایان لە هەموو شتێک بوو. تەنانەت ژنانیش. یاخود چاوەکانی ڕەحە هەر لە ئەزەلەوە وەها بوون، بۆیە بەم بەرپرسیارەتییە گەیشتبوو. ڕەحە پیاوێکی یەکجار زیرەک بوو. شارەزاییەکی باشی لە کارەکەیدا هەبوو. بەم شارەزاییە، عەشقیش زیادکرابوو و بۆیە نەک تەنیا لە کاتی کاری ئیداریدا بەڵکو لەماڵەوە و لە کاتە ئازادەکانیشیدا هەر زەین و بیری لەسەر کارەکەی بوو. کە کەیسێکی وەردەگرت ئیتر هەدادانی نەبوو

هەتا بە ئەنجامی دەگەیاند. لای من شۆڕشەکان سەردەکەون چونکە لەم جۆرە کەسانەی زۆر لەگەڵە. کەسانی خۆبەخش وا کارەکە و بیرەکەیان دەبێ بە بەشی سەرەکیی ژیان و هەبوونیان. ئەوانەی لە کاتی خەویش دا بیر لەوە دەکەنەوە دوو زەربی دوو داخۆ بەڕاستی دەبێتە چوار! بۆیە گلێنەی چاوەکانی رەحەی چاوباز هەمیشە دەلەرینەوە. دەڵێی بەردەوام دەگەڕانەوە بۆ سەرەتای ئەو شتەی وا دەیانبینی و، لێکیان دەدایەوە داخۆ هیچ بەشێک دانەکەوتووە. بارەها و بارەها!

رەحە کەس نازانێ بە چ هۆیەکەوە لەگەڵا کەوتبوو. من بە هۆی کاری سیخوڕییەکەمەوە بۆم دەرکەوت بە هۆی باوەگەورەیەوە بووە. گوایا باوەگەورەی لە رەگەزی ئەو تفەنگچییانەی بووە وا کاتی خۆی راوە ئەمنییەی کردبوو و سەرئەنجام تەسلیمی حکومەت ببووەوە. دوواتر، واتە لە دووای چەند ساڵێ لە گوندەکەی خۆیان لە زستانێکی سەخت و تووش دا بە تووش کۆکەیەکی پیسەوە دەبێ و سەرئەنجام لە دووای هەڵهێنانەوی خوێن، لە نیوەشەوێکی تاریکی بەر چرایەکی گڕسۆز گیانی سپاردبوو. گەر وەهایش نەبێ، لای من وایە دەبێ وابێ! مرۆڤە رەقەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتاوپشتیان دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی وا دەستیان چەکیان گرتووە، جا چ تفەنگ بێت، یاخود شمشێر و چەقۆ. ئەو رەقییە دەبێ لە شوێنێکەوە بە میرات بە جێ مابێ. هەر بەو پێیەیش پێم وابێ هاشمی زیندانیش پشتاوپشت دەگەڕێتەوە سەر پیاوێکی شەرمن و ترسنۆک کە سەرەڕای ژیانکردنی لە ناو شار، لە جەستەی شار زیاتر لە دێهات شەرمی کردووە.

رەحەی چاوباز، بەڵام هەبوونی جۆرەیەک متمانەیی دەبەخشیَ. کەسی وا لەخۆوە لە هەر شوێنێک بێت دەتوانیَ ببیَ بە بەرپرس و مەسئول. بە رای من گەر بەختی هەبووایە و خواپێداو بووایە و لە شارە گەورەکان بژیایە، ئیستا سەرۆکی ولات بوو. ئەو گەورەترین ماسیی ناو جۆگەیەک بوو.

من کە دڵنیام هاشم نە کاتی زوو، واتە چ لە هەڕەتی لاوەتی و چ لە زینداندا و چ لەو ماوەیەی هاتبووەوە قەت دەستی لە ژن نەدرابوو، نەفرەتی خۆم دەکرد لەبەر ئەو پرسیارەی وا ئاراستەم کردبوو. هەستم کرد شکاندوومە، یاخود خەریک بوو شتێکم تیا زیندوو دەکردەوە کە پێویست نەبوو زیندوو بکرێتەوە. مەگەر ئەو چەندەی تەمەن بە بەرەوە مابوو! ئەو دەیتوانی ئەو ساڵانەی وا لە هەگبەکەیدا مابوون لەم خانووە قەدیمییەدا بگوزەرێنیَ و لە هەوای ئاشنا و کۆنی دا جەستە و رۆحی بلاوێنێتەوە. شتێک کە بە هیچ شتێکی تر قابیلی گۆڕینەوە نەبوو،... بۆ ئەو. من لەمە دڵنیام.

هاشم منی وەک هاورێیەک وەرگرتبوو. ئەمەم لە هەڵس و کەوتیدا دەبینی، لە نیگاکانیدا، لەو کاتەی دەرگای لیَ دەکردمەوە و هەتا دەچوومە ژوورەوە و، لە کاتی بێدەنگییەکانیدا کە بە جوانی تەحەمولی دەکردم. من بە هۆی کاری سیخوڕییەکەمەوە زۆر زوو لەوە گەیشتم هەڵەیەکی گەورە لەسەر هاشم کراوە.

هاشم نە ئەو کات و نە ئیستا فڕی بە سەر شۆڕش و سیاسەت و شتی لەم بابەتەوە نەبوو. هاشم، هاشم بوو. کەسێکی تایبەت کە جۆری ڕووداوەکانی ژیانی، بە ناڕەوا، ئەویان بە شێوازێکی تر بە دەوروبەری ناساندبوو. چەند جار هەوڵمدا ئەمە بە رەحەی چاوباز بلێم، بەڵام دۆخ وەها بوو نەدەکرا. ئەم قسانەی من نەیدەخوارد. رەحە نییەتێکی تری لە دڵدا بوو. بە پێچەوانەی قسەکانی لەسەر رابردووی هاشم، دەیویست لە تەنیشتیدا بێ،... تەنیشتی دەسەڵاتەکەی. رابردووی هاشم، بگرە ئەو رابردووەی هەر لە بنەڕەتدا لا گرینگ نەبوو. هاشم و ماوەی سی و ئەوەندە ساڵ ژیانی لە ناو زینداندا قورستر بوون لەوەی بتوانن بەم زووییە لەبیربچنەوە. ئەمە هەر بە خەیاڵی رەحەدا نەدەهات. خەیاڵێک وا زۆر جار منداڵانە دەهاتە بەرچاوم. دەبوایە راوەستم و بە کاتی خۆی ئەم راستییە لای رەحەی چاوباز بدرکێنم. کەی؟ نازانم. هاشمی زیندانی بە بێ ئەوەی بۆخۆی ئاگای لێ بێ، گیرۆدەی نازناو و ناوبانگی خۆی ببوو و ئەمە چاوەڕوانییەکی گەورەی لێ سازکردبوو. ئەو، تەنیا ویژدانی زیندووی شار لە دووای رووخانی حکومەتی کۆن بوو و هەبوونی دەیتوانی شەرعییەتێکی زیاتر بە حکومەتی نوێ و دۆخی تازەی ببەخشێ. ئەوان هاشمی زیندانیان دەویست و هاشم دەبوایە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەم ئەرکەی خۆی جێ بە جێ بکردایە. تەنانەت بۆ یەک جاریش بووایە. من ئاگاداری مەترسییەکە بووم. هاشم دیسان بە بێ ئەوەی بۆ خۆی بزانێ هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەربوو. جارێکیان بڕیارم دا بچم و بە رەحە بلێم کە هاشم بەتووش نەخۆشیی دەروونییەوە بووە و بۆیە واباشە وازی لێ بێنین. بەڵام ئەمەم نەکرد. نە من دکتۆر بووم و نە

کاتی نەخۆشکەوتنیش بوو. لە سەردەمی شۆڕشەکان دا نەخۆشی و شتی لەم بابەتە ناخوا. من دەمتوانی بە هۆی ئەو متمانەوە وا هاشم بە منی هەبوو رۆژێک هاشم ببەم و لە یەکێک لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا وا خەڵکی تیایاندا بەشداریان دەکرد، لەسەر کورسیی تەنیشتی خۆم دایبنێم و هەبوونەکەی پیشانی خەڵکی بدەم، بەڵام رەحە و هاوڕێیانی بەمە رازی نەدەبوون. هاشم دەبوایە لەو سەرە لەسەر سەکۆکە دانیشتایە و رەنگە دەبا نوتقێکیشی بدایە. جارێکیان بە رەحەم وت شۆڕش سەرکەوت و ئیتر ئێمە چ کارمان بە کەسێکی وەک هاشمی زیندانیە، کەسی وەک ئەو ئەرکی خۆی بە جێ گەیاند و ئیتر تەواو. رەحەی چاوباز ئەمجارە بەو چاوانەوە سەیریان دەکردم وا پڕبوون لە ناباوەڕی. وتی بە پێچەوانەوە رێک لەم دۆخانەدایە ئێمە پێویستمان بەوانە، لەم دۆخەدا کە هێشتا نەکەوتووینەتە سەر سکە، هەروەها لەبیرت نەچی ئەمە بڕیارێکە و لە سەرەوە حوکمی دراوە. درێژەی دایە و وتی تازە ئێمە دەبێ دڵنیابین هاشم دژمان نیە. ساڵانی ساڵە کەس ئاگای لێ نەبووە. ئەوسا کاتێک کەمێک ئارام بووەوە پرسیاری لێمکرد داخۆ بەڕاستی من هیچ هیوایەک لەوەدا دەبینم هاشم سەرئەنجام رۆژێک بە ناوی ئەوانەوە دەرکەوێ؟ منیش وتم بە دڵنیاییەوە، بەڵام قسە لە سەر کاتە. وتی کات؟ ئەم رۆژانە خەریکن بە خێرایی تێدەپەڕن و دەرفەتێکی وەها نەماوە. ئەوجا بە لەحنێکی زۆر قایم درێژەی دایە هەفتەیەکی تریش بۆ تۆ، غەیری ئەوە ئێمە کاری خۆمان دەکەین!

هەڕەشەی شۆڕشگێڕان وەک هیچ هەڕەشەیەکی تر نیە. ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەم ئەوەی لە هەر کەسێکی تر خۆیان زیاتر بە بەرحەق دەزانن و، دووهەم ئەوەیکە کەس وەک ئەوان لەسەر زەمەن حەساس نیە. من هەفتەیەکم مابوو. وەک ئاماژەم پێدا دەمتوانی هاشمی زیندانی بگەیەنمە کۆبوونەوەیەک، بەڵام بەکەیفی ئەوان لە هاشم هیچ سەوزنەدەبوو. گەر بەو ئاقارەیش دا بڕۆشتایە ئەوا ئیتر یەکجار خراپتر. خەڵک بە هیچ جۆرێک نەدەبووایە لە راستیی هاشم تێبگەن. ئەمە بۆ شۆڕش یەکجار جێگای مەترسی بوو. ئەگەر تەنانەت وەهاش بگوترایە کە هاشم لە دووای زیندان وای لێهاتووە، دیسان یارمەتییەکی ئەوتۆی نەدەدا. چارەنووسی هاشم ئەوە بوو وەک چۆن قارەمان بوو، ساڵانی داهاتووی ژیانیشی هەر وەک قارەمان مابایەتەوە. قارەمانێکی لەگەڵ. ئەو تازە مەحکوم بوو بەوەی وەک هەمیشە بۆ هەدەفێکی دەرەوەی خۆی بژیایە. بەختی هاشمیش ئەوەبوو بە هۆی دوورە پەرێزییەکەیەوە خۆبەخۆ خەڵکیش هات و چۆیان نەدەکرد و ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی قارەمانیەتیەکەی نەک هەر لە شوێنی خۆی بێ، بەڵکو رۆژ لە گەڵ رۆژ پێیشی زیادبێ. هاشمی زیندانی لە دوورەوە جوانترین شۆڕشگێڕی شار بوو. جوانترین بیرەوەری. بەڵام لای من، بە پیچەوانەی خەڵکی، بەڕاستی جوانترین شۆڕشگێڕی شار بوو. بەو هۆکارەی لە تەواوی ژیانیدا ئازاری کەسی نەدابوو و سەختترین چارەنووسی بە بێ هیچ خۆزلکردنەوەیەک تەحەممول کردبوو، چ ئەو کات و چ ئیستا. لای من وەک سیخوڕێکی شۆڕشگێڕەکان، شۆڕشگێڕی راستەقینە

که‌سی میهره‌بان و بێ ئازاره. ته‌نانه‌ت له ئاست نه‌یاران و دوژمنه‌کانیشی دا. ئه‌گه‌رچی ناوێرم ئه‌م باوه‌ڕه‌ی خۆم لای ره‌حه‌ی چاوباز بدرکێنم.

دانه‌وێڵه‌ی ناو گیرفانی من له دوو جۆرن: گه‌نم و بڕوێشی هاڕدراو. مشتێک له گه‌نم له گیرفانی راستم و مشتێک له بڕوێشی هاڕدراو له گیرفانی چه‌پم دا. له هه‌موو شوێنێک. بگره له کاتی مه‌ئموریه‌ته‌کانیشمدا ئه‌وان له گیرفانمدان. مه‌ئموری جل و به‌رگ ئاسایی به دوو مشت دانه‌وێڵه‌ی ناو گیرفانییه‌وه، ئه‌وه‌نده‌ی تر شاراوه ده‌نوێنێ. زه‌حمه‌ته بیناسیته‌وه. به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی تازه شۆڕش کراوه و شۆڕشگێڕ له هه‌ر شکڵ و شه‌مایلێکی، بگره له شکڵی سیخوڕیشدا، هه‌ر پیرۆزه بۆیه من زۆر گوێ ناده‌مێ و با ئاشکرا هات و چۆی ره‌حه‌ی چاوباز له شوێنی کاره‌که‌ی ده‌که‌م. یه‌که‌م جار کاتێک ره‌حه چاوی به دانه‌وێڵه‌کان که‌وت به سه‌رسوڕمانه‌وه لێی رووانیم. منیش بزه‌یه‌کم هاتێ و وتم یه‌کجار خه‌می مریشکه‌کانمه. بۆیه کاتێک ده‌چمه‌وه ماڵ، ناتوانم راوه‌ستم تا ده‌گه‌مه ته‌لیسی دانه‌وێڵه‌که. بۆیه له گیرفانم ناوه بۆ ئه‌وه‌ی یه‌که‌وڕاست بۆیانی رۆکه‌م. به‌ڵام به پێچه‌وانه‌وه‌ی چاوه‌ڕوانیمه‌وه، ره‌حه که‌وته پیاهه‌ڵگوتن به‌م عاده‌ته‌ی من. وتی سیخوڕی چاک وه‌ها ده‌بێ، سیخوڕی چاک به‌رده‌وام هه‌وڵده‌دا خۆیشی بێت،... له خۆوه نیه من له یه‌که‌م رۆژه‌وه تۆم به دڵ بوو، شتێک له تۆدا هه‌بوو جیاواز له‌وانی تر، ئیستا ئیتر زیاتر شانازی به خۆم و به توانای لێکدانه‌وه‌م ده‌که‌م،... به‌رده‌وام به به‌رده‌وام! ئه‌م دانه‌وێڵانه جگه له‌وه‌ی جوانتر

ونت دەکەن نیشانەیەکیشن بۆ ئەوەی تۆ ڕەگت لە زەوی و لە برسییەکاندا هەیە، تۆ ئەوەی وا نیشتمان نیازی پێتە!

پێش ئەوەی بچمە سەر باسی نیشتمان، پێم خۆشە کەمێک زیاتر باسی دوو مشتە دانەوێڵەکەی ناو گیرانم بکەم. ئەوەیکە بە کامیانەوە دەست دەکەم بە ڕۆکردنی دان بۆ مریشکەکان، هەڵکەوتە. جاری وایە برویشەکە پێش دەکەوێ و جاری وایە گەنمەکە. بەڵام مریشکەکان زیاتر حەزیان بە گەنمە. بۆیە کاتێک بە تووشمەوە دەبن نیگایان زیاتر لە سەر دەستی راستمە. دایکم هەمیشە دەنگم دەدا و دەڵێ کە دەبێ بە یەکسان بۆیان ڕۆبکەی. بەلام مەگەر دەکرێ خۆت لە نیگای پڕ لە پاڕانەوەی مریشکەکان بدزیتەوە! هەروەها دەبێ بڵێم دەستی راستم بۆنی گەنمی گرتووە و دەستی چەپم بۆنی بڕویش. هەر بەو پێیەیش روومەتی راستم بۆنی گەنم دەدا و روومەتی چەپم بۆنی بڕوێش. جارێکیان کە مەسئولێکی بەرز لە شارێکی ترەوە هاتبوو و سەردانی ئیدارەکەی کردین، لەگەڵ تەوقەکردن لاروومەتی هەمووماینیشی ماچ دەکرد. کاتێک گەییە من و ماچی کردم بە سەرسووڕمانەوە لێمی رووانی. دوواتر رەحەی چاوباز وتی کە ئەو بەرپرسە پێش رۆیشتنەوەی وتبووی سیخوڕێک بۆنی گەنم و بڕوێش بدا ئەوەندە خێرناداتەوە، واباشە بینێریتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی هەر خزمەتی مریشک و جووجکەکانی بکا!

بەڵام چونکە رای رەحەی چاوباز سەبارەت بەم بۆنە لە رای بەرپرسە گەورەکە جیاوازبوو، من لە سەر کارەکەم مامەوە. ئەوەندەی نەبێ رەحە وتی با گیرفانی پانتۆڵەکەت کەمێک بچوکتر بێت و مشتە گەنم و بڕوێشەکە با ئەوەندە جوڵەجوڵ نەکەن و بەسەر رانەکانتدا لەقەلەقیان نەبێت! ئەمە شیاوی سیخوڕی شۆڕش نیە!

من ناوی نیشتمانم لە کاتی شۆرش دا بەر گوێ کەوت. هەڵبەت مەبەستم ئەوە نیە لەوە پێش نەمبیستبوو. نا، بیستبووم، بەڵام نیشتمان وەک نیشتمان، وەک ئەوەی شۆرشگێڕەکان مەبەستیان بوو من تەنیا لە کاتی شۆرش دا بیستم. ئەم نیشتمانەیش زۆر جیاوازتر بوو لەوەی پێشوو. ئەمەی ئیستا تەنیا خۆشەویست نەبوو، بەڵکو گەورە و موقەدەس بوو، لەسەری دەبووایە گیان بدەی و گیان بستێنی، لە خەڵک و لە مرۆڤ پیرۆزتر بوو، تەنیا مشتێک خۆڵ نەبوو، بگرە ئەوەندە پیرۆز بوو کە دەبا لەسەری سیخوڕیش بکەی. من کە ناوی ئەم نیشتمانەم بیست، ئەوەندەم هەست بە بچوکیی خۆم کرد، نەبێتەوە. ئەشقی ئەوەندە گەورە بووەوە کە تێیدا من بووم بە خاڵێکی بچووک، بگرە لەوەیش بچووکتر. من نیشتمانم ئەوەندە لا گەورە بووەوە کە گەورەیی هاشمی زیندانی لاکردم بە پنتێک. هەرچەند ئەو پنتەم لا یەکجار ماناداربوو.

وێنەیەک لە نیشتمان لە پشت سەری رەحەی چاوباز، بە سەر دیوارەکەوە بوو کە کاتێک رەحە دەدوا، بینینی ئەو نەقشەیە ئەوەندەی تر گەورەیی و مانای دەبەخشی

بە گوتەکانی. ڕەحە بەمەی دەزانی و بۆیە لەم کاتانەدا بزەیەکی خۆشی بە سەر لێوەکانی دا دەخشا و چاوەکانی بە ئاستەم دەکەوتنە پێکەنین.

هیچ شتێک لە ژیاندا بە قەدەر ڕەزایەت و دڵخۆشیی ڕەییس بۆ سیخوڕ دڵخۆشکەر نیە. من یەکێک لە خۆشبەختترین سیخوڕەکانی دونیا بووم. ئاخر دەبێ ئەوە ئیتر بزانن ئەم جۆرە بەرپرسانە، بەدئەخلاقترین بەرپرسەکانی جیهانن.

ڕۆژێک کاتێک من لای هاشم بووم و وەک هەمیشە لە داڵانەکە دانیشتبووین، کتوپڕ کەسێک لە دەرگا تەنەکەی کوتا. بە هاشمم وت من دەیکەمەوە. کە دەرگاکەم کردەوە، بینیم پیاوێکی لە دەورووبەری هەمان تەمەنی هاشم لە پشت دەرگاکە ڕاوەستاوە. دەستەکانی لە دوواوە قوفڵ دابوون. شەرمن دەینواند. وتی،... وتی دەیەوێ هاشم ببینێ. وتم فەرموو کارت هەبوو، من دەتوانم پێی بگەیەنم، وتی نا دەبێ خۆی ببینم. وە لەم کاتەدا گوێم لە دەنگی بۆڕەی مانگایەک بوو! هەر کە کابرا دەستەکانی لە پشتیەوە کردەوە، بینیم گوریسێکی بەدەستەوەیە. ملم کێشایە دەرەوە و ئەوسا مانگایەکم بینی بە دوو مەترێک لەولاتر بە تەنیشتییەوە. مانگایەکی ڕەشی ناوچاو قەشان.

کابرا، کوڕی ئەو شوانەی بوو وا کاتی خۆی، سی و ئەوەندە ساڵ لەمەوبەر، مانگاکەی هاشمی دەبرد بۆ لەوەڕ. ئیستایش لە پاش ئەو هەموو ساڵە بە مانگایەکەوە

هاتبووەوە (ئەگەرچی هەمان مانگا نەبوو)، بۆ ئەوەی بە وتەی خۆی، نە خۆی و نە باوکی کە ئیستا کۆچی دووایی کردبوو، گوناهباری دونیا و قیامەت نەبن و بە ئاگری جەهەننەم لەو دونیادا نەسووتێن.

هاشمی زیندانی بە دیتنی مانگاکە یەکجار خۆشحاڵ بوو. سیمای گەشایەوە. پەتی ملی مانگاکەی گرت و بەرەو تەویلە قەدیمییەکەی برد. گەوڕەکە هەر هەمانی جاران بوو، تەنیا بەو جیاوازییەوە پڕی تەپ و تۆز و هێلانە جاڵجاڵۆکە بوو. هاشمی زیندانی گوێی بەمەنەدا. مانگاکەی وەک جاری جاران بردە نزیک ئاخوڕەکە، ئەو ئاخوڕەی تەنیا ئاسەواری کای کۆنی لە شێوازی رەنگێکی زەرد و پیس بە بنەوە مابوو. هاشم هەڵتروشکا، دەستێکی پڕ لە میهرەبانیی بە گوانی مانگاکەدا هێنا و ئەوسا سەرگۆپکەکانی بە پەنجە گووشی. گوانەکە بەتاڵ لە شیر بوو.

من لەگەڵ ئەوەی بە شادومانیی هاشم شادومان بووم، بەڵام ئەم ڕووداوەم وەک هەڵەیەکی گەورە لێکدایەوە. گەر هەواڵەکەم بدایە بە رەحەی چاوباز هەر شێت دەبوو. لای رەحە گەڕانەوە بۆ رابردوو ئەویش لەم شێوازە و بۆ کەسێکی وەک هاشمی زیندانی گوناهێکی گەورە بوو. ئەو ئەمەی وەک پاشاگەردانی و گەڕانەوە بەرەو دووا لێکیدەدایەوە. لە کاتێکدا دونیا بە هۆی شۆڕشەوە بەرەوپێش چووبوو. مەگەر نەک ئەوەیکە حکومەتی پێشوو کۆتایی بە دۆخی کۆن و لادێی ئاسا لە

شارەکاندا هێنابوو! ئیتر چۆن دەکرا لە دووای شۆڕش دووپات بکرێتەوە، ئەویش لە لایەن کەسێکەوە بۆخۆی بە تەنیا سیمبۆلی گۆڕان و شۆڕش بوو.

بڕیارم دا ئەمە لای رەحەی چاوباز نەدرکێنم هەتا بەڵکو بۆخۆم رێگا چارەیەکی بۆ پەیدابکەم. هەڵبەت نەدەبووایە پەلەی لێ بکەم، هاشم پێویستی بە کات بوو، بەڵام لە ئەو هەفتەیە رەحەی چاوباز دابنابوو چەند رۆژێکی زیاتری نەمابوو و بۆیە خێرا دەبا شتێک بکەم. هەرچی بیرم کردەوە، بە هیچ شوێنێک نەگەیشتم. بێگومان هاشم ملی نەدەدا. تەنیا بیرێک بە مێشکمدا هات ئەوە بوو چەند تەلیسێ کا و گیا بۆ مانگاکە بکڕم بۆ ئەوەی بەردەوام لە ناو تەویلەکەدا بێت و خەڵکی گەڕەک نەیبینن. ئەگەرچی لەمەیش بە جوانی دڵنیانەبووم کە بەڕاستی نەبیندرابێ. ئەمەم کرد و رۆژێکیان بە تویوتایەک چەند گۆنییەکم بە حەوشەکەداکرد. بەڵام لەو لاوە شتێکی تر روویدا کە من قەت بیرم بۆی نەدەچوو. هاشم وەک سی و ئەوەندە ساڵ لەوە پێش کەوتەوە کوچە و کۆڵان بۆ هەڵگرتنەوەی کاغەز! ئەو کاغەزانەی ئێستاکە لە چاو ئەو ساڵانە یەکجار زیاتر دەست دەکەوتن. هەموو شوێنی پڕی تراکت، رێکلامە سیاسی و ئەو راگەیەندراوانە بوون بەردەوام بە مەبەستی راگەیاندنی پەیامی شۆڕش، لە لایەن گروپ و دەستەی جۆراوجۆرەوە بڵاودەبوونەوە، یاخود بە دیوارەکاندا دەچەسپێندران. ئەو گروپ و دەستانەی رەحەی چاوباز یەکجار رقی لێیان بوو و بەڵام هێشتا نەیدەدرکان. لە ناو حەوشەکە لەپاڵ تەلیسی کا و گیاکاندا، کاغەزەکانیش

توێ توێ هەڵچندرابوون، ئەگەرچی هێشتا باڵایان نەدەگەیشتە تەلیسەکان. هاشم لە دووای ئازاد بوونی، دەمبینی بۆ یەکەم جار ژیانی مانای پەیداکردبوو.

بۆن و بەرامەی هەژدەساڵەیی، هەموو کون و کەلەبەرێکی حەوشەکەی تەنیبوو.

یەکێک لەو حەوت کەسە وا هاشمی زیندانیان لەبیرمابوو، دەیگێڕایەوە ساڵێک لە پاش گیرانی هاشم وشکەساڵی رووی کردبووە وڵات (شەش کەسەکەی تریش ئەمەیان سەلماندبوو). ئەو دەیگێڕایەوە تا ئەو جێگایەی بیرەوەریی ئەو یارمەتی دەدا لەمێژە لەم ناوچەیە وشکەساڵی رووینەداوە، بەڵام هەر کە هاشم ون بوو، کاتێک هەتاو گێڕی خۆی بە دەوری زەویدا یەکجاری تر تەواوکرد، وشکەساڵییەکی وەها سەیر سەریهەڵدا نەبێتەوە! یەک ساڵی رەبەق یەک دڵۆپ باران یاخود یەک دنکە بەفر چییە، روومەتی زەوییان تەڕنەکردبوو. بگرە یەک پەڵەهەوریش چ بە زستان و بە بەهار و پاییز، ئەو ساڵە رووبەری ئاسمانیان دانەپۆشیبوو. دەیوت گەڵاکان هەر بە زەردی رووان. لادەییەکان ئەوەندە بێ داهات و بێ حاسڵ بوون هەر هەموویان روویانکردە قاچاخ و سنوور. دەیگێڕایەوە هەموو کەس دەیزانی هۆکارەکەی گیرانی هاشم بووە، دەیوت خوا کەمتر زوڵمی وەهای لە قەڵەمڕەوی خۆیدا بینیبوو، ئەوەیکە دایک و باوکێک بمرن و تاقەکوڕەکەیشیان بێ سەروشوێن کرێ، بۆیە خوای گەورە تاقەتی دونیای نەما و بۆ ئەم مەبەستە هەورەکانی لە یەکێک لە ژوورەکانی خۆی زیندانی کرد و چیتر ئیزنی سەفەری پێنەدان. ئەو هەورانەی لە خەڵوەتی خۆیاندا

ئەوانیش بۆ هاشم و بەسەرهاتەکەی دەگریان. بەڵام مەگەر ئەوانەی هاشمیان بردبوو، لەم ئاماژە و ئیشارەتانەی خوا دەگەیشتن؟ بێگومان کە نا. زاڵمەکان کەڕوکوێرترین بوونەوەرەکانی دونیان. ئەوان نەک تەنیا لێی تێنەگەیشتن، بەڵکو نەشیاندەزانی ساڵانی ساڵ دوواتر ئەم وشکەساڵییە دەبێ بە چارەنووسی ئەوان و بۆ هەمیشە ئاسەواریان لەسەر تۆپی زەوی دەسڕێتەوە. وایلێهات لەبەر بێ ئاوی نەخۆشی بە هەموو وڵاتدا بڵاوبووەوە. بە سەدان کەس تووش گولی بوون، یاخود مردن. وای لێهات هەموو گولەکانیان لە گوندێکدا کۆکردەوە و هاتوچۆیان لێ قەدەغەکردن. زەوی لەبەر گەرمای هەتاودا وەک خەڵوزی لێهات. باڵندە بە هیچ درەخت و هێلانەیەکەوە نەمابوو. فڕین بوو بە خەون و خەیاڵ. 'با' کە دەهات، تۆزی حەوت وڵاتی لەگەڵ خۆی دەهێنا و بە چەندین ڕۆژ تەپ و تۆز بارەتەقای ئاسمانیان بەرنەدەدا. دونیا سوورسوور هەڵگەڕابوو. سوورێکی مەیلەو ڕەش. وەک بڵێی چاوێکی گەورە فرمێسکی خوێنینی دەباراند. ئەو ساڵە خەڵکی بە تاک و تەرا دەیانوێرا لە ماڵەکانیان وەدەرکەون. هەموو کەس لە ژوورەوە چاوەڕوانی کۆتایی یەکجارەکیی دونیا، یاخود موعجیزەیەک بوو. ژنەکان شەوانە بە تەنیشت بێشکەی منداڵەکانیانەوە یاخود لە ناو جێگاکانیاندا چیرۆکی زەمانی زوویان بۆ دەگێڕانەوە، ئەو ساڵانەی وا هەورەکان لە ڕۆژئاواوە پەیدادەبوون و بە گرمە و ناڵە بارانیان دادەباراند، وەها کە پشیلەکەی حەوشەکەی ئەوانیش جوان جوان دەخووسا. وتیان هەتا هاشم لەناو جیپەکەدا دوورتر دەکەوتەوە، خوا زیاتر و زیاتر توورە دەبوو و زیاتر لەعنەتی چارەنووسی مرۆڤی دەکرد. دەیانگوت تەنانەت کاتێک هاشم گەیشتە

ئەو کەلەی وا لەوێوە دەتوانی دووادیمەنی شار ببینی، نەیانهێشت بۆ دوواجار لابکاتەوە و سەیری زێدی خۆی بکا. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ڕێک لەوێ زۆریشیان پێ ڕابواردبوو. هاشم کە هیشتا بە هۆی تەمەنی کەمییەوە نەیدەزانی غوربەت چییە، بە سەرسووڕمانەوە لێیانی ڕووانیبوو و تەنیا ساڵانی دوواتر لە مانای ئەو گەمە و پێکەنینە ترسناکانە گەیشتبوو. یان ڕەنگە هی ئەوە بوو ئەو کاتە هێشتا وڕ و گێژی ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان بوو. ئەو ڕەوتە خێرایەی وا نەیدەهێشت ئەو بە جوانی لە ماناکانیان تێبگا.

ئەو ساڵانە نە من و نە ڕەحەی چاوباز هێشتا لەدایک نەببووین. بگرە وەک دەڵێن هێشتا لە پشتی باوکیشماندا نەبووین. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی من وەک سیخوڕێکی نیشتمان، باشتر بڵێم نیشتمانپەروەر، نەزانم مانای وشکە ساڵی چییە. تەنانەت بگرە من باشتریش لێی تێدەگەم. چونکە گەر ئەم تێگەیشتووییە نەبێ ئەوا زەحمەتە پیاو ببێ بە سیخوڕ. لای من سیخوڕ و سیخوڕەکان خاوەنی گەورەترین تێگەیشتنن لە مانای نیشتمان و شۆڕش، چونکە ئەوان لەو کاتەیدا کە دەزانن سیخوڕی خاوەن چ مانایەکی قوڕ و سووکە، بەڵام ئامادەن سیخوڕ بن. ئێمە، وەک باوە، سەربازە ونەکانین. ونین چونکە تەنیا ونەکان سەربازی ڕاستەقینەی نیشتمانن. وە من چەندە شانازی بە خۆمەوە دەکەم. خۆشیی سیخوڕبوون ئەوەیە وەک ونبوونەکەت دەتوانی لە کاتی کاردا شتە دەروونییەکانی خۆت نەک لە نێچیرەکەت بەڵکو لە بەرپرسەکەت واتە ڕەحەی چاوبازیش ون بکەیت و، ئیتر بەڕاستی خاوەن

دونیای تایبەت بە خۆت بیت. ڕەنگە هەر ئەمە بوو دەبووە هۆی ئەوەی هاشمی زیندانی ئەوەندە ئاسان بڕوا بە من بکا، دەرگای ماڵەکەیم بۆ بخاتە سەرپشت و ببم بە بەشێک لەو خانووە کۆن و پڕ لە ڕەمز و ڕازە بە گومانی من ئاشکرایە.

من لێی دەپرسم باشە وشکە ساڵی چۆن کۆتایی هات؟ ئاخر جاری وایە وشکەساڵی دەتوانێ ساڵانی ساڵ درێژەی هەبێت. ئەویش دەڵێت هەم من و هەم خەڵکی ئەو سەردەمە و هەم ئەو شەش کەسەی تر کە ئێستاکە ماون، پێمان سەیربوو تەنیا ساڵێکی خایاند. بەڵام لام وایە ئەو کاتە تەواو بوو هاشمی زیندانی بۆ یەکەم جار لە زیندان هەستی کرد، سەرەڕای ئەوەی بەسەریا هاتبوو، بە هیچ کلۆجێک نە رقی لە زێدەکەی و نە لە خەڵکەکەیەتی. ئەمەیش وەک دەبینی ساڵێکی ڕەبەقی خایاند... جا نایشزانم بۆچی ڕێک یەک ساڵی ڕەبەق! ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت خوا لەو سەرسەرانە ئەم بڕیارەی دا، یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی تێگەیشتنە قووڵەکان زۆر دەخایەنن تا مرۆڤ پێیان دەگا.

لەم کاتانەدا ئەو پیاوە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، کتوپڕ سەرنجی دەچێتە سەر من. من دەزانم کە هۆکارەکەی بۆنی دانەویڵەکانی ناو گیرفانمە، دەڵێم لەم دونیایەدا هەر کەسە و بۆنی تایبەتی خۆی هەیە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەیشە سەگەکان دەتوانن بە ئاسانی مرۆڤە هەڵاتوو و ونەکان بدۆزنەوە، بگرە ئەوانەیشی وا کوژراون و بە

دزییەوە ژێر گڵیان خستن. ئەوسا دەست دەبەمە پێشەوە و خۆم دەناسێنم: "زانای دانەوێڵە لەگیرفان"!

کابراکە چاوەکانی بچووک دەکاتەوە و ورد لێم دەڕوانێ و دەڵێ بەختت هەبوو ئەو ساڵە لە دایک نەببووی، دانەوێڵەکانت هیچ بەختێکی ژیان و ڕووانیان نەدەبوو. من کە نامەوێ پێی بڵێم دانەوێڵەکانی ناو گیرفانی من نەک بۆ چاندن و ڕووان، بەڵکو بۆ مریشک، جوچکە و شتی لەم بابەتەن، دەڵێم ڕاستە وایە، هەموو ساڵێک ساڵی دانەوێڵە نیە. ئەوسا بەپەلە دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە و دەستدەکەم بە دانەوێڵەڕۆکردن بۆ مریشک و جوچکەکان. لەوە دەچێ ئەوان لە من بە پەلەتربن. بەسەر شان و باهۆی یەکتردا دەپڕن و بە دەندوک لە یەکتری دەسرەوێنن. تەنیا کەڵەشێرەکەیە متمانەبەخۆتر دەنوێنێ و جاروبارە دەندوک بەوانی تردا دەکوتێ، بە تایبەت بە جوچکەکانیدا دەکوتێ. ئەو بە شێوەیەکەی زیرەکانە ڕێزی مریشکەکانی لایە. مەگەر ئەوەیکە یەکیان بە شێوەیەکی بێتام خۆی بخاتە بەر دەست و پێی و، نەهێڵێ دانەوێڵە بچنێتەوە.

تۆ بڵێی گشتی ژیان لەسەر بەرژەوندیی ڕانەوەستابێ؟ تۆ بڵێی خڵقەتیش هەر لێرەوە سەرچاوەی نەگرتبێ؟ سەرهەڵدەبڕم و چاوم بە چاوەکانی دایکم دەکەوێ لە پشت پەنجەرەکەدا. نیگاکانی چەند بێ پەروایانە دەڵێن 'نا'! گوێم لە دەنگی باوکمە کە تێکەڵ

بە دەنگی قارەقاری مریشکەکان دەبێ "ئادەی ئافرەت چاییەکم بۆ بێنە!" دایکم دەبێ بە سێبەر، دوواتر بە خەون.

شۆرش، رواڵەتی نیشتمانی گۆڕیبوو. جەوێکی تر زاڵ ببوو. هەموو کەس بیری لە داهاتوویەکی گەشتر دەکردەوە. ترس رەویبووەوە. هەموو کەس پێدەکەنی. هەموو کەس خاوەنی چەک بوو. ئەو منداڵانەی وا هێشتا باوکیان چەکیان نەکڕیبوو، دەیانپرسی بۆ نیانە. تەنانەت رۆشنبیرە دوور لە سیاسەتەکانیش لە ناو ئەو جانتا دەستیەی دا وا لەبەر کتێبخانەکانی ماڵەوەیاندا دایاندەنان، دەمانچەیەکی چواردەخۆری رەشی قەترانیان شاردبووەوە. چەک، هاڵاوی بۆنی شۆڕش بوو. گەر دەتەویست هی ئەم سەردەمە بیت بە بێ چەک نەدەکرا. من دڵنیابوون لەم شارە، دیارە جگە لە خەڵکی فەقیر و هەژار، تەنیا هاشمی زیندانی خاوەنی چەک نەبوو. ئەو مانگاکەی بە دونیا نەدەگۆڕییەوە. بۆ ئەوەی کەمێک رواڵەتی لای رەحەی چاوباز ئاسایی بکەمەوە، هەوڵمدا دەمانچەیەکی بۆ پەیدا بکەم و کاتێک دەچێتە دەرەوە بیکەم بە لاقەدیدا. ئەمەیشم کرد. دەستخستنی چەک بۆ من وەک ئاوی خواردنەوە، هەڵبەت نەک لەساڵی وشکەساڵییەکدا، وابوو. قاییش و دەمانچەدانێکیشم بۆ پەیدا کرد. بەڵام من لایەنێکی ئەمەم لێکنەدابووەوە. ئەویش ئەوە بوو ئیستا هاشمی زیندانی بە دەمانچە بە قەدەوە دەکەوتە کۆڵانان بۆ کاغەز و ماغەز کۆدەکردەوە! خەڵکی کە لەوە پێش بە بێ دەمانچە بەم کارەی هاشم عەبەسابوون، بە دیتنی دەمانچەکە ئیتر

پرسیاری گەورەیان لا درووستبوو: "ئەم پیاوە تەواوە؟" پرسیارێک کە دەیتوانی ڕەحەی چاوباز شێت کا!

سەرئەنجام ڕەحەی چاوباز بانگی کردم. لە کاتێکدا تووڕەیی هەموو ئازای ئەندامی هێنابووە لەرزین، وتی ئیتر ئەمە چ بەزمێکە؟... لاحەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا! من کە وەڵامێکی ئەوتۆم پێنەبوو، هەوڵمدا کەمێک دەرفەتی بیرکردنەوە بە خۆم بدەم. ڕقم لە خۆم بوو کە سەرەڕای ئەوەی دەمزانی سەرئەنجام ڕەحە بانگم دەکا و لێم دەپرسێتەوە، بەڵام بە جوانی بیرم لێ نەکردبووەوە. من ئامادە نەبووم. ڕەحەی چاوباز درێژەی دایە ناوی ئەمە چی لێ دەنێی؟ من دەستبەجێ وتم ئەمە ئیتر لە ئەستۆی من نیە، من تەنیا سیخوڕێکم و بەس، من ناتوانم بەرپرسیارەتی کردەی هاووڵاتیان لە ئەستۆبگرم، من تەنیا لە سەرمە ئەوەی ڕاپۆرت بدەم وا هاووڵاتیان دەیکەن و بەس. ڕەحەی چاوباز بێدەنگ بوو، پاشان لێم نزیکە کەوتەوە و هەر دوو دەستی خستە سەر مێزەکە و بە سەرسەرمدا نەوییەوە و وتی مەڵێ کە تۆ ئەم دەمانچەت بە لا قەدیدا نەکردووە! من لەم قسەیە عەبەسام. کەواتە ڕەحە لەوەی من بیرم لێدەکردەوە زیاتر لە شتەکان هاتبووە پێش. وتم مەبەستی تۆ مەگەر ئەوە نیە هاوکات من کارێک بکەم هاشمی زیندانی بگەڕێتەوە ناوەوە، دەی ئەمەیش پێویستی بەوەیە لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەدا زیاتر و زیاتر خۆی لە ناو خەڵک و کۆمەڵگادا ببینێتەوە. ڕەحە کشایەوە. جگەرەیەکی داگیرساند. چاوەڕوان بووم باسی کاغەزکۆکردنەوەکانیش بکات، کە نەیکرد! پێیان نەوتبوو؟! لە دەروونەوە شتێک پێی

دەوتم رەنگە و رەنگە نا. ئەگەر پێیان وتبێ ئەوا ئەمەی وەک حەزی ئەو بۆ خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی حکوومەتی نوێ لێکدابووەوە، یان پێیان نەوتبوو چونکە خەڵکی پێیان وابوو کەسایەتییەکی کاریزمای وەک هاشمی زیندانی، هەموو کردەیەکی، وەها خاوەن مانایە کە زەمەنێکی دوورودرێژی دەوێ تێیبگەی. ئەوان لە هەموو شتێکی هاشمی زیندانی، حیکمەتێکیان دەبینییەوە.

وتم بڕواناکەم ئەمە شتێکی سەیربێت، ئەو هەموو خەڵکە بە چەکەوە دێن و دەچن با ئەویشی لەسەر بێت. رەحەی چاوباز وتی قسە لەسەر ئەمە نیە، قسە لەسەر ئەوەیە کەسێکی وەک ئەو کە خاوەنی وەها ناو و ناوبانگێکە، گەر چەک بە خۆیەوە بکا بە بێ ئەوەی لا لە ئێمە بکاتەوە ئەمە مانای هەیە. وتم پێت وایە چارەنووسی ئێمە ئەوەندە بە کەسێکی وەک ئەوەوە بەسترابێتەوە؟ ئێمەیەک خەڵکی هەموو بە شوێنمانەوەن و پەکمان لە سەر کەس نەکەوتووە،... ها؟ رەحە وتی کەسمان هەیە تا کەس. تازە، مەبەست ئەوە نیە هاشم هەتا سەر لەگەڵ خۆمان بێت، مەبەست ئەوەیە ئێمە هەر لە یەکەم رۆژەکانەوە دەبێ بەو پەڕی هێزەوە خۆمان بنوێنین. ئەمەت لەبیر نەچێت!... هەبوونی هێز و پاراستنی بەردەوامی، ئەمەیە رەمزی سەرکەوتن و هەبوون هەتا مێژوو هەیە.

من کە لە لێکدانەوەکانی رەحەی چاوباز دەگەیشتم، بەڵام بۆم قوت نەدەدران، هەر لە خۆوە لە دەروونمدا بیرێک چێ بوو 'نەکا ئەمەی وا دروست بووە، زۆر باوەڕی بە

خۆی نەبێ!' ئەوسا بیرم لە دەیان ساڵی تر کردەوە. دەیان ساڵی تر دەکرا هەموو شتێ رووبدا، دەکرا ئەم دەسەڵاتە نوێیەی ئێمەیش وەک ئەوەی پێشوو نەمێنی، ئەوسا زانیم هەموو شتێ لە بەستێنی زەمەنێکی دوورودرێژدا چەند بێ مانا دەنوێنێ. لێرەدا گومانێکی سەیر لەسەر بیروڕا و کارەکەم دروست بوو. بەڕاستی من خەریکی چیم؟... ئێمە هەموومان خەریکی چین؟ رەحە وتی چیتر نابێ بەو چواردەخۆرەوە خۆی دەربخا! ئیستا بوو جوانتر لەوە تێدەگەیشتم کە رەحە زۆر واوەتر دەخوێنێتەوە. ئەو نەیدەویست هەر لە ئیستاوە خەڵکی هەست بکەن هەر کەسەو خەریکە بە رێگای خۆیدا دەڕوا، بەتایبەت ئەوانەی وا لە ناو کۆمەڵگادا مانایەکیان هەبوو.

هاشم عادەتێکی تریشی هەبوو. رۆژێکیان بینیم بە کاغەز، چەسپ و دوو شوڵی ناسک خەریکی دروستکردنی کۆلارە بوو. کۆلاریەکی تا رادەیەک گەورە کە لە رۆژنامە دۆزراوەکان سازی کردبوو. ئەوسا قرقرەیەکی ئەستووریشی پێوە بەست. کاتێک تەواو بوو، بە پەیژە قەدیمییەکەدا سەرکەوت و چووە سەربان. پاش کەمێک هاتەوە خوارەوە. زانیم رازی نیە. شتێک لە جێی خۆی نەبوو. بای نەدەهات. ئەوسا کۆلارەکەی هێنا و، بە دیواری ماڵەکە، بە بزمارێکدا هەڵیواسی. کۆلارەکە بە کلک و باڵەکانییەوە لە باڵای مرۆڤێک بەرزتر و کشاوەتر بوو. گلەیی کرد کە زەمانی قەدیم با زۆرتر بوو، بەڵام ئیستا زۆر کەمتر. من کە سەرنجم نەدابووە ئەم بەشە، تیایا مامەوە. بەڕاست وابوو؟ نا، وانەبوو. بگرە ئیستا گەلێک زیاتر بوو. رەنگە هاشم ئێرەی لەگەڵ بیابان هەڵدەسەنگاند. بە بێدەنگی راوەستام و گوێم هەڵخست. نا، ئەمڕۆ

بای نەدەهات. لەو چەند ڕۆژەی وا بە بەرەوە مابوو، هاشمی زیندانی تەنیا یەک جار توانی کۆلارەکەی بفڕێنێ. تا ئەوەندەی من بزانم هاشم قەت کۆلارەی بە حەوادا نەکردووە، نە ئەو ساڵانە و نە لە کاتی زیندانیش دا. زیندان! منیش چ خەیاڵاتێ هەڵمدەگرێ. بەڵام ئەی لە کوێوە ئەمە فێربووە. ئەو ڕۆژەی بای هات، باکە لە باشوورەوە بوو بەرەو باکوور. بایەکی گەرم. کۆلارەکە هەتا دەهات بەرز و بەرزتر دەبووەوە. هاشم بۆ یەک چرکەیش چاوی لێهەڵنەدەگرت. کۆلارەکە وەک ماسیی لە ناو ئاودا خزخز پێچ و لوولی دەخوارد، سەرەوخوار و سەرەوژووری دەکرد، هاشم ئەوجا زیاتر قرقرەی بەدەمەوە دەدا و کۆلارەکە دەکشا و دەکشا. هاشم چەند حەزی بە فڕینی کۆلارەکە بوو. گەر دڵنیابووایە دەهاتەوە ئەوا بێگومان قرقرەکەیشی دەپساند بۆ ئەوەی بەرز و بەرزتر بفڕێ. لێرەوە لە حەوشە چەندە نوقمی ئەو گەمەیە ببووم. تەواوی ئەو ڕۆژە هاشم بە بێ ئەوەی بیر لە نان و ئاو بکاتەوە بە سەر بانییەوە بوو. بە جەستەی پیر و تێکشکاوییەوە وازی نەدەهێنا. جاری وابوو وەک منداڵ دەتریقایەوە و جاری وابوو مڕومۆچ تەنیا لە بارتەقای ئاسمانی دەڕوانی. زانیم لە ژیانی هەموو کەسدا هەندێ ڕاز هەن کەس ناتوانێ لێیان تێبگا. لە سوچێکی حەوشەکە دانیشتم بۆ ئەوەی کەمێک قاچەکانم بحەسێنمەوە کە بینیم هەموو دەرودراوسێکان لە پەنجەرەکانییانەوە خەریکی سەیرکردنی کۆلارەکە و هاشمی زیندانین و بە سەرسوڕمانەوە لەگەڵ یەکتر دەدوێن. تەزوویەک بە لەشی سیخوڕیمدا گەڕا. بەڵام چ دەبێ با ببێ! شۆڕشمان کرد تا هاشمیش سەرەڕای ئەوەی زیندانی سیاسیی بووە بتوانێ کۆلارەیش بە ئاسماندا بکا، خەڵک کێشەی خۆیەتی، هەروەها

ڕەحەی چاوبازیش. دەمەوئێوارە بوو بینیم هاشم تەواو ماندوو بووە. دەنگم دا ئیتر بۆ ئەمڕۆ بەسە و بێتە خوارەوە، وتم هێشتا سالانی سالت بە بەرەوە ماوە، بەشی ئەوانیش بهێلەوە! پاش ماوەیەک بینیم هاشم خەریکی کۆکردنەوەی قرقرەکەیە. کۆلارەکە ئارام ئارام دادەکشا. با، مەیلی بەرەو ئارامبوونەوە هەبوو. بەلام کتوپڕ بایەکی یەکجار قایم هەلیکرد، وەها کە پووش و پەلاشی ناو حەوشەکەی بەردەمی من لوولدا و بە ئاسمانی دا کرد. چاوەکانی من پڕی تۆز بوون. لەو کاتەدا بە دەست هەلمدەگلۆفین، گوێم لە نالەی هاشمی زیندانی لە سەر بانەکەوە بوو. بە زەحمەت چاوەکانم کردەوە بزانم چە باسە. بینیم هاشم لە سەر چۆک دانیشتووە، دەستەکانی شۆڕشۆڕ لە ئاسمان دەڕوانی. بەنەکە پچڕابوو. کۆلارەکە بە دەم باوە دەڕۆی و دەڕۆی.

ئەو ڕۆژە یەکەم جار و دوواجاری کۆلارە بە ئاسمانداکردنی هاشمی زیندانی بوو. شەو، دەمی لە خواردن نەدا و تەنیا جگەرەی کێشا. هەردووکمان دلنیا بووین کۆلارەکە لە شوێنێک لەو شاخ و کێوانە، داکەوتووە و لەبەر یەک هەلوەشاوە. وەک هەموو ئەو کاتانەی مرۆڤ تیایاندا دەژی.

سیخوڕی شۆڕش وەک دەبینن دەکرێ فیلسووفیش بێت.

ئەو شەوە لە ژوورە قوفڵدراوەکەوە دەنگەکان جوانتر دەهاتنە گوێ. وەک بڵێی چەند کەسێک خەریکی مقۆمقۆ و گفتوگۆن لەسەر شتێکی گرینگ. بە بیانووی ئەوەی پشتم دیشێ و دەبێ کەمێک بحەسێمەوە، پاڵکەوتم، وەها سەرم زیاتر لە دەرگاکە نزیک بکەوێتەوە. دەنگەکان لە چپەیان دەکرد، بەڵام توانیم چەند وشەیەک بقۆزمەوە: گوێسەبانە، کەوتنەخوارەوە و مردن. ئەمە ئەوانە بوون گوێم لێیان بوو. هەرکەسێکی تر بووایە بێگومان هەر ئەو شەوەماڵەکەی جێدەهێشت و قەت نەیدەوێرا بگەڕێتەوە. لەو ژوورەوە دەنگ دەهات، دەنگی دووان و قسەکردن، بەڵام هی کێ و هی چ جۆرە بوونەوەرێک، کەس نازانێ. یەکجار ترسناک بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی من سیخوڕ بووم نەترسام. من تەنیا لەسەر ئەوە بووم داخۆ ئەوە چییە. ئەمە کاری من بوو: دۆزینەوە، نەک ترس. بیری ئەوەی لە نێوان من و ئەو رازە تەنیا یەک دەرگا و یەک قوفڵی کۆن بوو، لە خۆ بێ خۆی دەکردم. خۆڕاگرتن زەحمەت بوو، بەڵام من خۆم راگرت. بە خۆم گوت پەلەمەکە،... هەموو شتێ بە کاتی خۆی! هاشم وەک هەمیشە مێشێکیشی میوان نەبوو. بەڕاستی ئەو گوێی لەو دەنگانە بوو،... بەڕاستی ئەو دەیزانی لەو ژوورەدا چ دەگوزەرێ؟

ئەوەندەی پێنەچوو دەنگەکان مردنەوە. بێدەنگ بێدەنگ. لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەم ڕووانی. دەرەوە سەرنجی راکێشام و لە بیری ئەوەی کەمێک هەوا بگۆڕم هەستام و چوومە حەوشە. ئاسمانی بڵێند و پڕئەستێرە لەگەڵ خۆی بردیانم. ئاسمانی بێرەحمی ئەمڕۆ. ئەوسا نیگام چووە سەر تەویلەکە. ئەوە چیبوو؟ دیمەنێکی سەیرم بینی.

لەپشت پەنجەرە پیسەکەوە سەری مانگاکەم بینی کە دەڵێی شتێکی بە دەموچاوەوە بوو. هەستام و بەرەو تەویلەکە رۆیشتم. چوومە ژوورەوە. گڵۆپە کزەکەم رۆشنکرد. مانگاکە کە لە پشت پەنجەرەکەوە بوو، بە دیتنی من لایکردەوە و لێمی رووانی. ئەوسا چی ببینم! بینیم مانگا قەشان چاویلکەیەکی کاغەزی لە چاودایە. هەر کە چاوی بە من کەوت، وتی ئەسسەلاموئەلیکوم ئاغا! من کە واقم وڕمابوو تەنیا لێم رووانی، بەڵام زوو هاتمەوە سەرخۆم و لەبەر ئەوەی وەڵامنەدانەوەی سڵاوی عەبدی خوا، هەروەها بوونەوەرکانی چێکراوی دەستی خودایش، گوناهە، بە شێوەیەکی خەست وتم عەلیکومەسەلام. ئەوسا لێی رانەوەستا و دەستبەجێ کەوتە قسەکردن. راستەوڕێ بۆ ئەو شتەی وا مەبەستی بوو. وتی لە دووای شۆرش و لە کاتێکدا هێشتا سەرەتای کارە، خۆ مەشغوڵکردن بە کۆلارەوە باش نیە، ئەمە گەیاندنی پەیامی خراپە بە خەڵکی و بە دەورووبەر، بیرلەوە بکەرەوە هەموو خەڵکی بچنە سەربانی و هەموو کاتەکانی ژیانی رۆژانەیان خەریکی کۆلارە بن، چی دەبێ ها،... چی روودەدا؟ جگە لەوەی شەقام و کۆڵان چۆڵدەبێ و ئیتر ناحەزان ئەوەی پێیان خۆش بێت دەیکەن! من شەرم دەکەم لەوەی مانگای ماڵێکی لەم چەشنەم، بۆیە داوادەکەم دەستبەجێ بمگوێزنەوە و بمبەن بۆ شوێنێک کە خاوەنەکەی زیاتر هەست بە مەسئولییەت دەکا، ژیان لەم تەویلە شەرمەزارییە، گەر ئەمە نەکەن ئەوا شکایەت دەکەم و دەتانخەمە زیندانەوە، لەم ماڵە بۆنی خەیانەت هەڵدەستێ. هالاوی خەیانەت،... تێدەگەی!

من کە واقم وڕمابوو و باوەڕم بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد، تێکەڵ بە ترسێکی ئەفسانەیی وتم بەڕێز... بەڕێزم دەبێ ببور،... ببوری! من ل... لێرە میوانم و لە ڕاستیدا پێوەندیم بەم شتانەوە نیە. قسەکەی بڕیم و وتی من ئەمڕۆ ئاگام لە هەموو شتێ بوو، پێتان وانەبێ چونکە مانگام ئیتر تێناگەم، دەبێ لەوە تێبگەن من ئیستا مانگای دووای شۆڕشم نەک پێش شۆرش، بۆیە لە زۆر شت دەگەم. ئەوا پێتان دەڵێم، جارێکی تر ئەمە دووپات بێتەوە، خۆم دەزانم چیتان لێدەکەم!

زۆر جوان و بە ڕێزەوە بەڵێنم پێدا و هاتمە دەرەوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو مانگا قەشان ئەوەندەی ڕۆژنامەی خواردبوو کە تەواو گۆڕابوو. ئەو ئیستا پڕی ئەو وشە و ڕستانە بوو وا لە دووای شۆڕش لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕاگەیەندراوەکانەوە بە لێشاو بڵاودەبوونەوە. مانگا ناوچاو قەشان بە چاویلکە کاغەزیەکەیەوە، لانیکەم لە ڕواڵەتدا، ڕۆشنبیرترین ڕۆشنبیری شارەکەی ئێمە بوو.

نەدەکرا لەمە بگوزەرێم. ئەگەرچی ڕەحە چاوباز نەیدەزانی هاشم لە حەوشەکەی خۆی مانگایەکی ڕاگرتووە، بەڵام بۆ سبەی پەتێکم لە ملی مانگا ڕەش کرد و بە شوێن خۆمدا ڕامکێشا و بەرەو شوێنی کارەکەی ڕەحە ملمان بە ڕێگاوە نا. هاشم کە لە حەوشە دانیشتبوو و دۆشداماو خەفەتی کۆلارەکەی دەخوارد، هەر نەیشی پرسی داخۆ بەرەو کوێ ملمان پێوە ناوە. بگرە هەر سەریشی بەرزنەکردەوە. مانگاکە کە چەند ڕۆژێک بوو کۆڵان و دەرەوەی نەبینیبوو، کەمێک ترساو و سرک

دەهاتەبەرچاو. پاش چەند هەنگاوێک پرسی ئاغای بەڕێز تکایە دەکرێ روونی بکەیتەوە بۆ کوێ دەڕۆین؟ با ئەوەیش بڵێم رۆشنبیربوونی مانگا رەش نەببووە هۆی لە بیرکردنی کاوێژەکانی. ئەو لە نێوان رستەکانیدا کەمێک رادەوەستا و بۆ چەند چرکەیەک کاوێژی دەکرد. ئەمە ببووە هۆی ئەوەی کاتێکی زۆر بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی بەکاربێنێ. گوێگرتن لە مانگا رەش سەبری ئەیووبی دەویست. خرمەخرمی کاوێژەکانی جاری وابوو تەواو تووڕەی دەکردم. لامکردەوە و وتم بۆ تۆ فەرق دەکا؟ وتی ئەی چۆن نایکا، مەگەر منیش مافی ئەوەم نیە بزانم ئەو رێگایەی پیایا دەڕۆم، بەرەو چ لایەک پەلکێشم دەکا؟ وەک دەزانین ئازادیی هەڵبژاردن یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێکە و دەبێ رێزی لێ بگیردرێ، جگە لەمە دەبێ نەک تەنیا خەڵکی، بەڵکو سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیش هەر بەم ئاقارەدا بڕون، بە بێ ئەمە کۆمەڵگا دیسان بەتووش کێشە و قەیرانەکانەوە دەبێتەوە. من کە لە وشەکانی دەگەیشتم، بەڵام نەمدەتوانی وک مانا بە جوانی سەریەکیان بخەمەوە، وتم رەنگە لەو شوێنەی وا بەڵێنە پێکەوە بۆی بڕۆین من باشتر بتوانم لە جەنابت بگەم. وە لە وشەی 'جەناب' سەرم سوڕما. بۆچی ئەو کەلیمەیە بە دەممدا هاتبوو؟ بە لاچاو سەیرێکی مانگا ناوچاو قەشانم کردەوە و سوێندم خوارد تا دەگەمە جێ، چیتر نەیدوێنم. بەڵام مەگەر ئەو وازی دەهێنا، وتی جگە لەمە تۆ مافی ئەوەت نیە پەت بکەیتە ملی من، ئەمە بێ رێزییە، پەت لە ملی کەسێک کردن واتای ئەوەیە ئەو کەسە هێشتا لە باری فیکرییەوە باڵغ و ئاقڵ نەبووە، بەڵام من لە تەمەنی باڵغی و ئاقڵی لەمێژە لامداوە، تازە ئێمە تەنانەت مافی ئەوەیشمان نیە پەت بکەینە

ملی مندال یاخود شێتەکان، باشتر بڵێم ئەوانەی وا نەخۆشیی دەروونییان هەیە، ئاخر وەک خۆت دەزانی شێت وشەیەکەی نەشیاوە کە چیتر نابێ بەکاربهێنرێ، جگە لەمە مەگەر ئاگات لێ نیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئیتر کەڵک وەرگرتن لە وشەی شێت قەدەغەیە و ئەمە بە مانای شکاندنی کەرامەتی تاکە وەک بنەڕەتی ترین بەردی پێکهێنانی کۆمەڵگا، من پێشنیارت پێدەکەم بچیت و زیاتر بخوێنیتەوە، پێم وابێ مەبەست لەم شۆڕشەی کرا هەر ئەمەیش بوو: ژیان و کەرامەتی باشتر بۆ مرۆڤەکان.

من بەردەوام لاناکەمەوە، لە دەروونمەوە هەست بە تووڕەییەکی سەیردەکەم، هەست بە سوکایەتی دەکەم، نازانم بۆ، بەڵام دەیکەم، وشەی 'کەرامەتی تاک' ئازارم دەدا. دەنگ بە شێوەیەکی شوان ئاسا بەرزدەکەمەوە و دەڵێم وسبە،... وس! مانگا رەش بێدەنگ دەبێ. گوێم لە خرمەخرمی کاوێژەکەیەتی، دەڵێی خەریکە بۆ قسەی تر دەگەڕێ، دەڵێی بن دیانەکانی هەزار کانیاوی وشەن. بیر لە هاشمی زیندانی و لە ماڵەکەی و لە بەسەرهاتەکەی دەکەمەوە. شتێک لە تەواوی ئەم چیرۆکەدا عەجایەب دەنوێنێ: ئەوەی منداڵێک بە کتێب و رۆژنامەوە لە شەقامدا هات و چۆ بکا، سی و ئەوەندە ساڵ ونبوون و سەرلەنوێ پەیدابوونەوەی، خانووەکە کە لەم هەموو ئەو ساڵانەدا وەک خۆی مابووەوە، ژوورە قوفڵدراوەکە، کۆلارە ونبووەکە و ئیستایش مانگایەکی رۆشنبیر کە کاتێک دەدوێ من لێی تێناگەم، ئەوسا بیر لە بێدەنگیی هاشم و لە زۆربڵێی ئەم مانگایە دەکەمەوە، بڵێی لە راستیدا ئەوە هاشم نەبێ پەتم

کردووەتە ملی و بە شوێن خۆمدا رایدەکێشم؟! ناوێرم لابکەمەوە، شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ گەر لابکەمەوە هاشمی زیندانی دەبینم بە خەمی کۆلارە ونبووەکەیەوە کە شانەکانی لە ژێریا داهێزراون. دیسان گوێم لە دەنگەکەیە، ئەو دەنگەی کاتێک لێی وردبمەوە هەست دەکەم لە بنی بنەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان رەگێکی لە دەنگی هاشمی تیایە. مانگا رەش دەڵێ باشە بێدەنگ دەبم، دیارە تەنیا لەو روانگەیەوە تۆ وەک تاکێک نابێ ئازاربدەم، تاکێکی هێشتا ناوشیار کە لە مافەکانی خۆی ناگا و بۆیە... بۆیە بووەتە سیخوڕ! ئیتر لێرەدا خۆم پێ راناگیرێ و بەو شوڵەی بەدەستمەوەیە دەکەومە گیانی مانگا ناوچاو قەشان. شوڵ بە شوڵ دەڵێ جێم بکەوە! ئارەقە دەنیشێتە ناوچاوانم، قۆڵەکانم ماندوو دەبن، مانگا رەش راناکا، تەنیا لە جێی خۆیدا سووڕدەخوا، بە دەوری خۆیدا، هەوڵیەتی، زیاتر، پاشەڵی رووەوە من بێ و سەری بدزێتەوە. هەموو مانگاکان وەهان، رۆشنبیر و ناڕۆشنبیری بۆ نیە، منیش زۆر سوورنیم لەسەر ئەوەی دەبێ تەنیا بە دەم و چاویدا بکێشم. تا کتوپڕ ژانێکی پیس بن رانم دەگەزێ، لەقەی مانگا رەشە... خواردەبمەوە و دەکەوم، ژانەکە لەوەدا نەبوو، چاوم رێشکە و پێشکەی دەکرد، مانگا رەش بایدایەوە و لە کاتێکدا بە ئاستەم دەمتوانی روخساری لەناو تەم و مژی ژاندا ببینم، وتم لەقەی پیسیش دەوەشێنێ، وتی لە بیرت نەچێ ئیستیعمار بە ئێمەوە دەست پێدەکا! ئەوان لە گوانی ئێمەوە بیریان لە دۆشینی وڵاتان کردەوە، بۆیە بیرەوەریی یەکجار ناخۆشمان لە قامچی هەیە.

ئیتر تا گەیشتینە لای رەحەی چاوباز، نە ئەو هیچی وت و نە من، بە شەلە شەل لە کاتێکا بنی رانم شین و رەش هەڵگەڕابوو، خۆمان بە حەوشەکەدا کرد. رەحە لە پشت پەنجەرەکە راوەستا و لیمانی دەڕوانی، وەک بڵێی لەوە پێش ئاگاداریان کردبووەوە. مانگا رەشم بە تاقە درەختی ناو حەوشەکەوە بەستەوە و سەرکەوتم، گوێم لێ بوو وتی مافی خۆمە تا دێیتەوە ئاو و خواردنم بۆ دابین بکەن! ئاماژەم بە چیمەنی ژێر درەختەکە دا. مانگا رەش تێگەیی! ئەوسا بە نیگابانەکەم وت ئاوی بۆ ببەن. نیگابانەکە کە هیچی شک نەدەبرد، کڵاو ئاسنییە سەربازییەکەی خۆی لەبەر شێری ئاوەکەدا پڕکرد و پاش ئەوەی بە قاچ کەمێک زەویی بەردەمی مانگا رەشی چاڵ کرد، تێی هاویشت و لەبەر دەمیدا داینا. گوێم لێبوو مانگا رەش وتی تۆ لە بەرپرسەکانت زیاتر مێشکت بەکاردێنیّ!

لەو کاتەدا من خەریکبوو بە سەر پلیکانەکاندا بەرەو ژووری رەحەی چاوباز بە شەلەشەل سەردەکەوتم، لە شوێنێک لە قەراغی شار شوانێک کۆلارەکەی هاشمی زیندانی دۆزیبووەوە. کۆلارەکە لەبەریەک هەڵوەشابوو، تەنیا بەشێک لە کلکە درێژەکەی پێوە مابوو. شوانەکە بە سەرسوڕمانەوە لێی دەڕوانیّ، ئەوسا بەرزیدەکاتەوە. چ بوونەوەرێکی سەیر! کە لێی ورددەبێتەوە لەو سەر کاغەزەی وا سەری کۆلارەکە بوو و دوو شوڵی پێوە لکێندرابوو وێنەی رەش و سپیی زیندانێک دەبینیّ کە تێیدا کەسێکی سێبەرئاسا لە پشت مێڵە ئاسنینەکان لە سەر چوارپایەیەک دانیشتووە، چەماوە بەو دەستانەوە وا سەریان گرتووەتە باوەش،... لە جیهانی

خۆیدایە. شوانەکە کە لەبیری نانی نیوەڕۆیە، لەم کاغەزە باشتر بۆ کردنەوەی ئاگر لەم دەشت و لێڕەوارەدا شک نابا، دەیدا بە کۆڵیا و دەیبا. ئەو ئەگەرچی کەمتر بە تووش کاغەزەوە بووە، بەڵام دەزانێ زووتر لە پووش و پەڵاش ئاوردەگرێ. سەرەتا کۆلارەکە دادەنێ، ئەوسا پووش و پەڵاش و پاشان چیلکە و دارە وردە و ئەوسا دارە گەورەکان یەک لە دووای یەک دەخاتەر یەکتر. ئاورەکە زۆر خێرا باڵادەکا. بزن و مانگاکان ئاگایان لە تەواوی ئەم دیمەنەیە. ئەوانیش کە یەکەم جارە لە ژیانیاندا لەم دەشت و دەرە چۆڵ و بێدەنگەدا بەتووش کاغەزەوە بوونە، بیر لە عەجایەب بوونی دەکەنەوە. وادیارە لەوێ، لە دەرەوە زۆر شت ڕوودەدەن کە ئەمان قەت ئاگایان لێ نەبووە و نیە. هەموویان سەرهەڵدەبڕن، تەمی سەر شار ئەمڕۆ لە شێوازێکی ترە.

چیرۆکەکەم بۆ ڕەحەی چاوباز، لەکاتێکدا دەستێکم بە ڕانمەوە بوو، گێڕایەوە. بەو ئیش و وشیەوە و کە جاروبارە قسەکانیان پێ دەبڕیم. هەڵبەت هەموو چیرۆکەکم نەگێڕایەوە. چەند شتیش هەبوو دەستبەجێ هاوکات تێیانگەیشتم: یەکەم ئەوەیکە ڕەحە ئاگای لە بەزمی بەخشینی مانگاکە لە لایەن کوڕی شوانەکەوە بە هاشم بوو و، دووهەم ئەوەیکە لای من باسی نەکردبوو ئاگای لەم چیرۆکەیە! بۆچی؟ نازانم. بەڵام لای خۆم وەها لێکم دایەوە بەشی سیخوڕی زیاتر لە هەر بەشێکی تر لە دەسەڵاتدا خاوەن سیرڕیاتی خۆیەتی. جا لە هەر پلەیەکیدا. سیخوڕەکان جاری وایە لە خۆیان زیاتر لە خەڵکی شت دەشارنەوە. ئەسڵەن لەناویدا حەز و ئەشقێکی سەیر بۆ ڕاز هەیە. بە گشتی ئەم بەشە بە سیرڕەوە لەدایک بووە. ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێ گەر

بڵێم سیخوڕەکان ئاشقترین مرۆڤەکانی سەر رووی زەوین. چ بۆ کارەکەیان چ بۆ کیژان.

ئەوەی روویدابوو بۆ رەحەی چاوبازم گێڕایەوە. بە وردی گوێی لێگرتم. ئەوسا وتی سیخوڕ هەوڵدەدا بە کەمترین کات زۆرترین وشە دەرببڕێ و ئیش و ویشیشی تێناهاوێ!... ئەوەی من دەیبینم هەموو شتێکی لێ دەشێ! ئەوسا بەپەلە لە پلیکانەکان داگەڕایە خوارەوە بۆ لای مانگاکە. مانگاکە کە تێرئاو ببوو، سەری هەڵبڕی و بە چاویلکەکەیەوە سەیری رەحەی چاوبازی کرد، ئەوسا رووی کردە من و وتی ئەمە رەیسەکەتە!... پێم وابوو لە رواڵەتدا کەمێک زیرەکتر دەنوێنێ، هەرچەند ئیستایش ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم کە دەکرێ کەسێکی زیرەک بێت، لای من و بە گوێرەی خوێندنەوەکانم ئەوانەی لە شۆرشەکاندا دەگەنە مەسئولیات بە شێوەیەکی زەروور حەتمەن زیرەک نین، بەڵام زیرەک دەنوێنن چونکە شۆڕش خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکی گەورەیە و خەڵکی زیرەکی دەوێ، لای من بە گوێرەی خوێندنەوەکانم ئەوانەی لە شۆرشەکاندا دەبن بە شت زیاتر ئەو کەسانەن کە پێداگرن نەک بە شێوەیەکی ئیلزامی رۆشنبیر، تازە بۆ شۆرش تەنیا کەسێک یان چەند کەسێکی رۆشنبیر پێویستە و ئیتر گەر ژمارەیان لەمە زیاتر بێت ئەوا دەبنە مایەی دەردەسەر و دەبن بە بار و قورسایی بە سەر شانییەوە، جگە لەمە بۆ ئەوەی مەسئولی چاک بیت گوێڕایەڵی لە مەسئولی بان خۆت زۆر گرینگە، گوێڕایەڵی سەرەڕای ناوی گەورەی شۆڕش یەکێک لە پێویستییە بنەڕەتییەکانی شۆڕشە، رێک وەک

سەربازخانە،... دەیشزانین کە بەشی سەربازی بە بێ ئەم گوێڕایەڵییە قەت ناتوانێ بە ئەرکەکانی هەستێ، بۆ وێنە ئەوەی لێرە من سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە زانای دانەوێڵە لە گیرفان ئەمری کرد بەو نیگابانە و دەستبەجێ ئەویش بە بێ دڕدۆنگی کڵاوە ئاسنینەکەی داگرت و پڕی کرد لە ئاو و دای بە من.

لێرەدا بوو ڕەحەی چاوباز چاوی بە کڵاوە ئاسنینەکە کەوت و بە تەعەجوبەوە لە منی ڕووانی. وتم تینووی بوو و شتی ترم پێ شک نەدەهات. ڕەحە ئەمەی وەک سووکایەتییەکی گەورە بە سیستم و هەروەها شکاندنی یاسای پاراستنی گیانی نیگابانەکان لێکدایەوە و داوای لە نیگابانەکە کرد دەستبەجێ کڵاوەکەی هەڵبگرێتەوە. مانگا ناوچاوقەشان درێژەی دایە و وتی لێی تووڕە مەبە، بەپێچەوانەوە، ئەوەی ئەو کردی نیشانەی بەردەوامیی دەسەڵاتی تۆیە، گوێڕایەڵەکان باشترین بەردی بناخەی هەر دەسەڵاتێکن،... بۆیە ڕێزی بگرە!

ڕەحە کە لەوانە بوو چاوی بپەڕێتە سەر تەوقی سەری، تیا مابووەوە چی بڵێ. بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو خۆی پێ کۆکرایەوە و قوڕگی بە چەند ئحمێک ساف کرد و، وتی لەسەردەمێکدا کە ئێمە توانیمان کاری گەورە بکەین، بێگومان دەکرێ مانگاکانیش بکەونە قسە! ئازادی ئەمەیە ئیتر!... گەورەیی شۆڕشی ئێمە لەمەدایە ئیتر! مانگا ڕەش کە دەڵێی لە پەڕینە ناو قسەکانی کەمێک تووڕە ببوو، قسەکەی لە دەمی ڕەحە قۆستەوە و وتی لە ڕۆژگارێک دا وشە و ڕستە لە کتێبخانە و قوتابخانەکانەوە

رادەگوێزن بۆ کووچە و کۆڵانەکان و هەموو شوێنێک پڕی لاپەڕە بابردووەکانە، کەوتنە قسەی مانگایەک زۆر سەیر نایەتەبەرچاو، جگە لەمە حەز دەکەم پێت بڵێم ئەوەی ئێوە دەستان پێکرد، هەرچەند من وەک خۆم بە دڵم نیە، بەڵام گەر وشیاربن دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی گۆڕانی گەورە، هەڵبەت بە مەرجێک بە چەند شت گرینگیی تایبەت بدەن: تاک، پەرەپێدنی ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دوورخستنەوەی ئایین لە سیاسەت و گرینگی دان بە ئابووریی ئازاد، گەر ئەمانە بکەن ئەوا دەتوانن بەرهەمی شۆڕشەکەتان دەستەبەرکەن،... ئەگینا گەر وا نەکەن بە قوڕی رەش دا دەچنە خوارەوە.

رەحەی چاو باز لە بەر خۆیەوە وتی "مانگایەکی لیبراڵ!" ئەوسا بیری کردەوە گەر ئەم مانگایە بە هۆی خواردنی ئەو کاغەزانەی وا هاشمی زیندانی لە کووچە و کۆڵان کۆی کردبوونەوە ببووە رۆشنبیر، هەڵەیەک لە کارەکەدایە،... باشە خۆ ئەمان لەو کاغەزانەدا شی وەهایان نەنووسیبوو. لێرەدا بوو رەحەی چاوباز تێگەیشت کە هاوکات هەندێ شت لەم شارەدا بڵاودەبێتەوە کە ئەو پێی وانەبوو یەکجار تا ئەم رادەیە بڵاو دەبێتەوە و کاریگەرییان هەیە. ئەمەی وەک نیشانەیەکی پڕ لە مەترسی لێکدایەوە. بەڵام نا، لەبەر خۆیەوە گوتی، رەنگە هاشم ئەمانەی بەخوارد دابێ،... ئا، هاشم! وە لێرەدا تەواو دڵنیا بوو کە هاشم سەرچاوەی ئەم موسیبەتەیە. لێکی دایەوە گەر هاشم تا ئیستا مانگاکەی لە ئەو شاردبووەوە ئەوا دەکرێ زۆر شتی تریش بشارێتەوە. "ئای هاشمی خائین!"

مانگا رەش درێژەی دایە، خۆ دەزانی مێژوو پێمان دەڵێ شۆڕش منداڵەکانی خۆی دەخوا؟... ها دەزانی؟... ئەمە ئیتر زۆر بەناوبانگە، دەبێ بیزانی، هەموو شۆرشگێڕێک ئەمە دەزانێ، وەک چۆن ورچی نێرینە بەچکەی خۆی دەخوا، جا شۆرش لە رەگەزی نێرینەیە نەک مێینە، بۆیە ئاگاتان لە خۆتان بێت،... بۆیە هەر لە بنەڕەتدا پیاوەکانن بیر لە شۆرش دەکەنەوە، ژنەکانیش ئەگەرچی حەزیان لێ نیە بەڵام چونکە دووانەی پیاون ئەوا بەناچار شوێنیان دەکەون، لە شۆڕشیش دا زۆربەی کات ئەوان، واتە ژنان، دوو ئەرکی دیاریکراویان هەیە: یەکەم، چاوەڕوان مانەوە بۆ بیستنی هەواڵی مەرگی پیاوەکانیان و دووهەم، گریان بە سەر تەرمەکانیاندا. پێم وابێ ئێوە لەم بەشە زیاتر لە من کە مانگایەکم تێدەگەن. مانگا رەش بۆ ئەوەی مێشەکان کە ئیستا روویان لە زیادبوون کردبوو زۆرتر لە پاشەڵی خۆی دووربخاتەوە، کلکی بە خێراییەکی هەرچی زیاتر بادا. ویستی بدوێتەوە کە رەحە وتی چیتر کاتی گوێگرتنی نیە و دەبێ بڕوا، بەڵام دەتوانێ دوواتر درێژە بەم باسە بدەنەوە. مانگا رەش بێدەنگ بوو. رەحەی چاوباز بە چاو ئیشارەتی بە من دا لەگەڵیا بچمە سەرەوە. چووم. لەوێ لە پەنجەرەکەوە پاشی ئەوەی کەمێکی تر بە دزییەوە، وەها مانگا رەش تێ نەگا، سەیری خوارەوەی کرد ئەوجا وتی ئەو مانگایە لێرە گل دەداتەوە و کاری پێیەتی! وتم زەحمەتە چونکە هاشمی زیندانی لێی دەپرسێتەوە و تا ئەو جێگایەی من تێی گەیشتووم مەحاڵە بە بێ مانگا رەش لە سەردەمی دووای سەرکەوتنی شۆڕش و

رزگاربوونی لە زیندان بژی. ڕەحە وتی ئەمە موشکیلی خۆمە و دەبێ خۆم ڕێگا چارەیەکی بۆ بدۆزمەوە.

بەڵام بەڕاستی ڕەحەی چاوباز مانگایەکی وای بۆچی بوو؟ مانگایەک کە ڕێک بە پێچەوانەی بیری ئەو بیری دەکردەوە؟ کتوپڕ ترسێکی سەیرم لێ نیشت. نەکا بیەوێ بیکوژێ! لە هەواڵەکاندا خوێندبوومەوە لە ڕۆژەکانی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕش جەماعەتێکیان لەسێدارە دابوو. یەکێک لەو شارانەی کە کەسی تیا نەکوژرا، شارەکەی ئێمە بوو. بۆیە بەرپرسەکانی حەزیان دەکرد کەس یان کەسانێک بکوژن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە بەڕاستی شۆڕشگێڕن و شۆڕش بە هەموو هێزی خۆیەوە بەردەوامە. وە چی باشتر لە مانگایەکی لیبڕاڵ کە کەس نازانێ نەسەبی بۆ کێ دەگەڕێتەوە جگە لەوەی تەنیا کەس و کارێک هەیەتی هاشمە و بەس. هاشم!! ئەمە رایوەستانم. نا، شتی وانابێ! چۆن دەکرێ مانگای تەنیا زیندانی سیاسیی شار ببەنە بەر پەتی سێدارە! نا... نا شتی وانابێ. لە خەیاڵی ئەوەی بگەڕێمەوە و بە ڕەحە بڵێم کە شتی وا نابێ هەر بە خەیاڵیدا بێت، چەند هەنگاوێکم بەرەو دووا هەڵگرت، بەڵام زۆر خێرا راوەستام. بە خۆم وت پەلە پەل مەکە. جارێکە راوەستە، خۆ گەر بیشیکات ئەوا تۆ هەر ئاگادار دەبی،... بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاگاداردەکرێیتەوە.

کاتێک گەیشتمەوە لای هاشم، پرسیم داخۆ مانگاکە نەهاتووەتەوە؟ ئەوسا پێش ئەوەی بچمە ژوورەوە سەیرێکی تەویلەکەم کرد، لەوێ نەبوو،... دیسان پرسیمەوە

نازانی چی لێهاتووە،... پێم سەیرە نەهاتووەتەوە؟ هاشمی زیندانی هەر سەیریشی نەکردم. وتم نەکا دزرابێ،... لە ناو ئەم شەقام و کۆلانە قەرەباڵغانەی دووای شۆرشدا؟ یان رەنگە پێی ناخۆش بووە بە کۆلارەوە خۆت خەریک کردووە و وەک جاران بە دەمییەوە نەبووی، بۆیە ماڵئاوایی یەکجارەکی کردووە،... من تەنیا بردمە دەرەوە بۆ ئەوەی گوناح بوو و پێویستی بە کەمێک جەوگۆڕین بوو. هاشم دیسان هەر سەیری نەکردم. کتوپڕ وتی ونبووە ونبووە! کەچی،... زۆر موهیم نیە، سەردەمی مانگا هەر لە مێژە تەواو بووە، بروناکەم بشگەرێتەوە، بۆیە باشتر ونبووە، فکرێک بۆ خۆی دەکا! من کە یەکەم جار قسەی ئاوا لەم چەشنە و لەم شێوازەم لە هاشمی زیندانی دەبیست، واقم ورما، هاشم بەڕاستی کێ بوو؟ چی لە دەروونی دا دەگوزەرا و چەندە لەم دونیایە و رووداوەکانی ناوی دەگەیشت؟ ترسێکی سەیر دایگرتم. سەیرێکی دەرگا قوفڵدراوەکەم کردەوە کە ئیستاکە ژوورەکەی پشتەوەی تەواو بێدەنگ بوو. لە دەرەوە بارانێکی ناوەخت بە لێزمە دەستی کرد بە بارین. هەورێکی رەشی پان ئەم سەراوسەری ئاسمانی داگرتبوو.

بەیانییەکیان بە هاواهاوار و تەقەی تفەنگ و دەمانچە لەخەو بەئاگاهاتم. دەمانچە بەدەست هاتمە بەر دەرگای دەرەوە. لە ناو کۆلان راکەڕاکەبوو. لەو سەرەوە خەڵکی ون دەبوون و لەسەرەکەی ترەوە بەشوێنیانەوە بوون و تەقەیان لێدەکردن. جاری وابوو لێیان دەگرتن و جاری وابوو بە برینداری و بە مردوویی دەکەوتنە سەر زەوی. لە ناو ماڵەکانەوە قیژە و زریکەی خەڵکی دەهات. ئەو کاتانەی وا ناو کۆلان

مەند و ئارام هەڵدەگەڕا، کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد بڕواتەوە دەرەوە. خەڵکی لە پشت پەنجەرەو دەرگا نیوە کراوەکانەوە بە چاو یەکتریان دەدواند. "چ خەبەرە؟... لە ناو شار بەم بەیانییە زووە ئەوە چییە خەریکە روودەدات؟" تەنانەت من وەک سیخوڕێکیش ئاگام لێنەبوو. کتوپڕ لە ناو کۆڵان چەند دانە لە سیخوڕەکانی هاوکاری خۆم ناسییەوە کە بە دەمانچە بەشوێن چەند کەسێکەوە بوون. جەماعەتەکەیش وەک ئەوان چەکداربوون، بە دەم هەڵاتنەوە دەگەڕانەوە تەقەیان دەکرد. دانەیەک لە هاوکارەکانی من کەوت. ئاگام لێبوو ئەوانەی وا رایاندەکرد هاواریان دەکرد و دەیانگوت "کودەتاچییەکان،... کودەتاچییەکان،... ئاخری کار خۆتان کرد،... ئاخری کاری خۆتان کردا" دیسان کۆڵان بێدەنگ بووەوە. لەسەر دیوارەکەی بەرامبەر دروشمێک سەرنجی راکێشام 'ئازادی لەبیر ناکەین'. لەم کاتەدا پیاوێکی پیری کەڕ کە لەو بەرەوە دەژیا، وەک هەمیشە بە گۆچانە گوێزە کۆنەکەی و چاویلکە زەڕەبینییەکانییەوە هاتەدەرەوە و لەسەر سەکۆ نزمەکەی بن دروشمەکە دانیشت و تووتن و پەڕەیەکی پێچایەوە و دایگرساند. بە دەست ئیشارەتم پێدا بچێتە ژوورەوە، ئەوەیکە جارێکە وەختی ئەم جۆرە دانیشتنانە نیە، بەڵام بێسوود بوو، پێم وابێ چاویلکەکان تەنیا بەشی پێچانەوەی تووتن و پەڕەیان دەکرد. کتوپڕ ماشینێکی جیپ لەوسەری کۆڵان دەرکەوت، بە چەند چەکدار بە سەرییەوە، رەحەی چاوبازم ناسییەوە، ماشینەکە لەبەر دەم دەرگاکەی ئێمە راوەستا، لە دەرگاکە تەنیا بەشی رووانینێکی گچکەم هێشتەوە، رەحە جگەرەیەکی داگیرساند و لە دەورووبەری خۆی رووانی، یەکێک لەوانەی دەورووبەری وتی قوربان بەشێکی زۆریان لێرەوە هەوڵیان

دا خۆیان دەربازبکەن، نازانم بۆ، بەڵام بەهەرحاڵ زۆربەیان یان گیراون یان کوژراون. ڕەحەی چاوباز بە ریشە درێژ و بە بریق و باقەکەیەوە سەیری پیاوە پیرەکەی کرد، ئەوسا ملی وەرگەڕان و لە دەرگای ماڵی هاشمی زیندانیی ڕووانی. پیاوەکە درێژەی بە قسەکانی دایەوە، وتی بە ڕەمزی کۆلارەیش یەکتریان دەناسییەوە، لە گەڵیشیا پەڕۆی شین و سووریان بە بەرۆکی خۆیانەوە هەڵواسیبوو، بەڵام قوربان وەک دەبینی خۆیان نەگرت، لەوە داماوتربوون خۆیان بگرن. ڕەحە لە جیپەکە دابەزی و چووە لای پیاوە پیرەکە، لێی پرسی چت بینی پیرەپیاو، پیرە پیاوەکە وتی ها؟ ڕەحە بەرزتر هاواری کرد "چیت بینی؟"... چی،... چیم بینی؟... جا رۆڵە چی ببینم،... ها، چی ببینم،... مەگەر شت هەیە ببینم؟! ڕەحەی چاوباز بزەیەکی هاتێ و لەبەر خۆیەوە وتی نا هیچ شتێک نیە،... هیچ شتێکی ئەوتۆ نیە قابیلی بینین. ئەوسا لەو بەرەوە بە وردی سەیری خانووەکەی هاشمی زیندانیی کردەوە و سوار جیپەکە بووەوە و دەستووری دا بەڕێکەوێ. ئاسمانی شار بەرەبەرە تەمی دووکەڵێکی بەئاستەم دایدەگرت. بۆنی گۆشتی سووتاویش دەهات، گوێم لێبوو یەکێک لە چەکدارەکان وتی شار و وڵاتمان لە ئەوانەی وا کاتێک دەچوونە ناو مزگەوتەوە یەکەم هەنگاویان بە قاچی چەپ هەڵدەگرت و ئەوانەی وا بە قامکی شایەتومان تارەتیان دەگرت پاک و خاوێن کردەوە، ئەوی تریان وتی کۆڵان و شەقامەکانی شاریش لە ڕاگەیەندراو و قسە قۆڕەکانی ئەوان خاوێن بووەوە، بژی خۆمان!... بژی خۆمان!

ئەو رۆژە هەتا دونیا کەمێک ئارامی گرت، خۆم راگرت و نەچوومە دەرەوە. لام سەیربوو من ئاگاداری ئەمە نەکرابوومەوە. شەقامی سەرەکیی شار ئەم سەراوسەری بە چەکدار گیرابوو، لێرە و لەوێ بە کۆمەڵ ئەو خەڵکانەی دەبینران وا گیرابوون و بەرەو شوێنێکی دیاریکراو دەیانبردن. لە بەر ئیدارە، واتە شوێنی کارەکەی رەحەی چاوباز، جم و جۆڵێکی سەیر دەبینرا. کە چوومە حەوشەکە مانگا ناوچاوقەشانم نەبینی. ژێر درەختەکە چۆڵبوو. بە پلیکانەکاندا چوومە سەر. لە ژوورەوە رەحە لەگەڵ چەند کەسێک دەدوا و بە پەلە گوێی لە قسەکانیانی دەگرت و پاشان بە دەرکردنی چەند رێنمایی و ئەمرێک بەڕێی دەکردن. من کە لە بەر قەرەباڵغیی ژوورەکە هێشتا ئاگام لە بەشەکانی تری نەبوو، کتوپڕ بە دیتنی مانگا رەش کە لە سەر چوارپایەیەکی گەورە لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبوو، سەرم سوڕما!

لە دووای ئەوەی ژوورەکە چۆڵبوو، رەحەی چاوباز، کە یەکجار ماندوو دەینواند، ئاماژەی دا دابنیشم. مانگا رەش خەریکی خواردنەوەی چایی بوو. رەحە وەک هەمیشە جگەرەیەکی داگیرساند و وتی ئەگەرچی ماندووم، بەڵام هاوکات خۆشحاڵم، زۆریش خۆشحاڵم، سەرئەنجام بەم پاشاگەردانییە کۆتایی هات. من کە ویستم بڵێم جا خۆ دونیا هەر بەدەست خۆمانەوە بوو و خۆمان بووین دەمانبڕی و دەماندووری جا چ کێشەیەکمان هەبوو، بەڵام بێدەنگیم لێکرد. رەحە پاش ماوەیەک بێدەنگی وتی تۆم بینی، لە پشت دەرگاکەوە دەڵێم، ویستم بڵێم بۆ منتان ئاگادار نەکردەوە، بەڵام دیسان نەموت، بە ئەزموونی خۆم لەوە گەیشتبووم هەندێ پرسیار نابێ

بۆروژێندرێ. وتی هاشم وەزعی چۆنە،... لەماڵەوە بوو؟ وتم ئەیچۆن، مەگەر کوێی تری هەیە. وتی بزانین!

مانگا ڕەش دوواچۆڕی چاییەکەی کە لە قروشکەیەکی گەورەدا بوو، بە دەنگێکی بەرز هەڵقوڕاند و هێشتا لە سەر عەرزەکەی بەردەمی خۆی داینەنابووەوە کەوتە قسەکردن، وتی ئیدارەیەکی گرینگی حکومەتیی وەک ئێرە ئەگەر ئەوەندە قەرەباڵغ بێ باش نیە، مانای ئەوەیە خەڵکی یاخود بەشێکی گرینگیان لەگەڵ حکومەتەکە کلاویان تێکگیراوە، هەڵبەت من لە دەرەوە نیم و نازانم چ خەبەرە، بەڵام بە گوێرەی خوێندنەوەکانی خۆم ئەمە دەزانم، بەشی ئەمنی کە قەرەباڵغ بوو واتای شێواویی وڵاتە، لە شۆڕشەکاندا لە دووای سەرکەوتن دەکرێ ماوەیەک هەموو دامەزراوەکان وەها حاڵەتێکان هەبێ، بەڵام کاتێک زەمان دەگوزەرێ و دۆخ بەرەبەرە ئاسایی دەبێتەوە ئەمە نیشانەیەکی باش نیە، من پێم وایە لەوێ لە دەرەوە هەندێ کەس خەریکە هەندێ کەسی تر کە هەبوونیان گرینگە تەحەمول ناکەن و بەشێوازی تر پاکتاویان دەکەن، جۆن لاک دەڵێ ئەگەرچی من لەسەر بیروڕای تۆ نیم بەڵام ئامادەم لەسەر ئەوەی تۆ بتوانی قسەی خۆت بکەی گیانم بدەم، ئەیچۆن ئەمەیە قسەی حسێبی و ڕۆحی سەردەم، هەڵبەت ئەگەر بمانەوێ لە کەلامی هیگڵیش کەڵک وەربگرین، کە وەرگرتنەکەیشی بە ناچارە، چونکە ئەو ئاوێنەی باڵانوێنی بەشێکی گرینگی سەردەمی ئێمەیە، واتە سەردەمی مودێرنیتە، هەرچەند من لەگەڵ ڕووانینی ئەو بۆ جۆری دامەزراندنی کۆمەڵگا کە مەیلی تاکەکانی تیا ڕەد دەکاتەوە نیم، بەڵام

حەزم بە دەستەواژەی رۆحەکەیەتی، هەروەها دەبێ بڵێم ئەو دەسەڵاتەی تەنیا لە ڕێگای زەبروزەنگ و چەکەوە خۆی ساخدەکاتەوە و خۆی دەقەبڵێنێ زۆر بەرگە ناگرێ، بیشیگرێ ئەوا دەبێ هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بێت، پێشم وانیە وەها ژیانێک زۆر خاوەنی تام و چێژ بێت، مەگەر بەشی سەرەکیی ژیان بریتی نیە لە چێژ؟ بێگومان چێژە، ئەوانەی چێژ لەبیردەکەن ژیان لە هەموو مانایەک بەتاڵدەکەنەوە، دەبنە کۆمەڵێک بوونەوەری سارد و سڕ کە تەنیا چاوەڕوانی مردن دەمێننەوە، پێشم وانەبێ ئەم چاوەڕوانییە زۆر سەرنجڕاکێش و خۆش بێت،... وانیە؟ بێگومان وایە! خودا هەر لە سەرەتای خڵقەتەوە بوونی لەسەر چێژ رۆنا، ئەو بۆ خۆی دەیزانی گەر قەرارە شتێک بە ناوی مرۆڤ دروست بکا، هەڵبەت نەک هەر مرۆڤ بەڵکو هەموو بوونەوەرەکانی تر، گەر چێژیان پێ نەبەخشێ ئەوا لەدووای چەند نەوە پشت لە ژیان دەکەن و ئیتر هیچ حەزێکیان بۆ بەردەوامبوون لا نامێنێ، بگرە ترس لە مردنیش هەر بە هۆی ئەو چێژەوەیە وا ژیان دەیبەخشێ، وانیە؟... بێگومان وایە! ئەیچۆن کە وایە!... ترسێک سەردەمانێک دێت دەبێ بە چێژ! من کە باسی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر ئەوەندە بە دڵنیاییەوە دەکەم هۆکارەکەی ئەوەیە من بوونەوەرێکم ئێستاکە لە نێوان مرۆڤ و مانگابووندا، بۆیە لە هەر دوو جیهانەکەوە ئەزموونم هەیە، خاوەن ئەزموونی دوو رەگەم،... .

من کە بەرەبەرە خەریک بوو لە زۆربڵێی مانگا رەش سەرئێشەم دەگرت، لام کردەوە و لە رەحەی چاوبازم ڕووانی. رەحە جگەرەکەی تەواو کردبوو و جگەرەیەکی

تریشی داگیرساندبوو. هەستم دەکرد بزەیەکی شاراوە لێوەکانی دەگەزێ. بە چاو تێمگەیاند بەڕاستی لێرە چ باسە؟... ئەمە چ ڕۆژگارێکە تێی کەوتووین؟ لە دەرەوە ئەوەی دەیبینین و لێرەیش مانگایەک لە قاتی سەرەوە و بە دەم خواردنی چاییەوە و ئەم قسە زل و زەبەلاحانە. بەڵام ڕەحە هیچ وەڵامی نەدامەوە. کە هەستام بڕۆمە دەرەوە، وتی لەبیرت نەچێ تۆ هێشتا لە مەئمورییەتی، هێشتا کەیسی هاشمی زیندانی دانەخراوە،... چاوەڕوانی شتی تازەین،... ئیتر کاتی هاتووە.

لە پلیکانەکان هاتمەوە خوارەوە. بیرێک وەک هەورەبرووسکە لەناکاو ئاسمانی مێشکمی رووناک کردەوە. ئیستا بوو دەمزانی مانگا رەش رۆڵی راوێژکاری رەحەی چاوبازی دەگێڕا، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ،... تەنیا ئەوەندەی هەرچی ئەو دەیگوت رەحە بە پێچەوانەکەیەوە دەیکرد. مانگای لیبڕال بە بێ ئەوەی بۆخۆی ئاگای لێ بێت رێنوێنی وردی دەدا بە رەحە و بەرپرسەکانی رەحە چلۆن لەم رۆژە هەستیارانەی دووای شۆرش کە گەلێک کەس لەوێ لە دەرەوە خۆیان بە خاوەنی دۆخەکە دەزانی و وەک ئامانج هاوڕای رەحەی چاوباز و ئێمە نەبوون، هەل و مەرجەکە بە قازانجی خۆیان بشکێننەوە. لە حەوشەوە من هەر گوێم لە دەنگی مانگا رەش بوو، خواغەزەب لێگیراو وازی نەدەهێنا، دەیگوت و دەیگوتەوە! گوێم لێ بوو ئەمجارە لەسەر گرینگیی بازاڕی ئازاد بۆ گەشەی ئابوری و دروستکردنی چینی مامناوەندی دەدوا. ئەوەیکە دیمۆکراسی بە بێ ئەم چینە سەرناگرێ و بۆیە دەبێ دەسەڵاتی تازە دەستبەجێ

لەبیری ئەمەدا بێت. بێگومان وەک هەمیشە ڕەحەی چاوباز دانیشتبوو و بە وردی گوێی لێدەگرت، بە دەم جگەرەکانییەوە یەک لە دووای یەک!

هاشم بەپێچەوانەی دەروونی پڕ لە بیرەوەریی بۆ ئەم شارە، بەڵام وا نانوێنێ زۆر یادی دایک و باوکی دەکاتەوە. لام سەیرە. پێم وانیە هەر بچێتەوە سەریان. هی ئەوەیە ئەو تەنیا بیرەوەریی منداڵیی لێیان هەیە، یان شتی تر، نازانم. بۆ وێنە ئەوەیکە دایک و باوکی خاوەنی یەک وێنە چییە نین. خۆ وەک مانگا ڕەشیش نین لە دووای ساڵانی ساڵ هاوشێوەیەکی وەک خۆیان دەستکەوێ و بیانهێننەوە و تەسلیمیان بکەنەوە! نا، ئەوان دوو کەس بوون وەک خۆیان،... کە ڕۆیشتن ئیتر ڕۆیشتن. مێژوو و ژیان، شتی وا یەکجار بە دەگمەن دووپاتدەکاتەوە. بگرە هەر نایشیکاتەوە. هیچ دایک و باوکێک ڕێک وەک خۆیان پێکەوە نەگەڕاونەتەوە. هاشم تەنانەت بۆ یەک جاریش باسیان ناکا. ساڵانی زوو لە دەروونی ئەودا ئەو ساڵانەن وا بۆ هەمیشە گوزەراون و، تەواو. لای من سەیرە مرۆڤێکی وەها کە لە تەواوی تەمەنی ناو زیندانیدا لە بیری ئێرە بووە، کەچی بە گەڕانەوەی ببووە کەسێکی تر. جاری وایە دەگەمە ئەو ئەنجامەی هۆکارەکەی شۆڕش بووە. ئاخر جیهان یەکجار گۆڕابوو. گۆڕینی دۆخ، تەنانەت سیمای شاریشی گۆڕیبوو. هەستت بە هەواو و بۆنێکی تر دەکرد. ژیان تامی گۆڕابوو. هاشم جاری وابوو بە ناو حەوشەکەدا دەگەڕا و لە هەموو شتێک ورد دەبووەوە، هەر لە شتی سەر ئەرزەوە بگرە هەتا دار و دیوار. بە دەست جاری وابوو نێوان بەردی ناو دیوارەکانی خاوێن دەکردەوە و جاری وابوو

هەڵدەتروشکا و بە پەنجە یان بە دارەکە خۆڵی دەوری بەردێکی لادەدا و پاشان بەردەکەی بەرزدەکردەوە و لە ژێری و لە قووڵایی خاکەکەی دەڕوانی. نازانم بە شوێن چییەوە بوو. ڕەنگە لەوەی کە دڵنیا بوو ئەو خاکەی ژێر بەردەکە بە پێچەوانەی خاکی ناو حەوشەکە خاکی سی چل ساڵ لەوە پێشە و تەنیا بە هۆی هەڵکەوتی بەردێکەوە توانیبووی بمێنێتەوە. ئەو لە چۆلەکە پاسارییەکانیش زۆر رادەمێنێ. کاتێک لە بن میچەکەدا هێلانە دەکەن و بە هەراوهوریایان دونیا دەخەنە سەر پشت. من بە دزیی ئەوەوە دەست بە گیرفانم دا دەکەم و کەمێک دانەوێڵە بۆ چۆلەکەکان رۆدەکەم. دەزانم دوواتر دێنە سەری و بە دەندووک دەیانچننەوە. دان رۆکردن بۆ چۆلەکە هەستێکی تر دەبەخشێ ئەوان بە شوێنتدا راناکەن و مەمنوونت نین. بۆیە گەر دەیکەی تەنیا لەبەر ئەوە دەیکەی چۆنکە پێت خۆشە و ئیتر هیچی تر. چۆلەکەکانی حەوشەی هاشمی زیندانی، مانایەکی تریان بە دانەوێڵەی ناو گیرفانی من دەبەخشی. وەها، کاتێک دانەوێڵەم بۆ مریشکەکانی حەوشەکەی خۆمان رۆدەکردەوە، ئیتر ئەو تام و چێژەی جارانی نەک نەمابوو، بگرە هەستم دەکرد رقیشم لە مریشکەکانە. مریشکە قەڵەو و تەوەزەلەکان، ئەوانەی وا حەوشە لایان بەهەشتی دونیا بوو. دونیا نەدیتووەکان.

من جاری وابوو لە تەنیایی و بێکەسیی هاشم دەترسام. داخۆ ئەمە بوو چارەنووسی شۆڕشگێڕیەتی؟... یان ئەوەی ناو کۆڵان؟ ئەمە بوو ئەنجامی ساڵانی ساڵ لە زینداندا مانەوە و خەون بە ژیانەوە بینین؟... یان ئەوەی ناو کۆڵان؟ باشە بۆ ڕەحەی چاوباز

وا نەبوو؟... تەنانەت من،... منی سیخوڕ؟ چرکەکانی تەنیایی رژابوونە ناو خانەکانی لەشییەوە و بگرە هەموو جەستە و بوونی لە راستیدا لەوان چێکرابوون. هاشمی سالآن لە زیندان جێ مابوو و ئەوەی هاتبووەوە کەسێکی تر بوو. بۆیە هاشم خۆیشی نەدەناسییەوە و بن بەرد بە بەردی حەوشەکە بۆ خۆی دەگەڕا. ئەو رەنگە لای کرمەکان لەمێژ بوو جێمابوو. چەندە دڵم پێی دەسووتا. منی سیخوڕ جاری وابوو دڵم ئاگری دەگرت و لە تەنیایی و وەڕەزیی خۆم دەچووم لە تەویلەکە دەگریام. هاشم لەم گەڕانانەدا پشتی کووڕتر ببوو. رەنگە تەنیا کۆلارە فریای راستکردنەوەی پشتی بکەوتایە. ئەویش کە ون ببوو. تا چاو کاری دەکرد، ئاسمانی شار ئاماژە بوو بە حەز بۆ سەفەری بێ گەڕانەوە.

ئەوانەی گیران، یان لە پێدەشتەکانی قەراخ شاردا لە کەندڕ و لاشیوەکاندا کوشتیانن و چاڵیان کردن، یان تۆبەیان کرد و بوونە مرۆڤە دەستەمۆکان. کوچە و کۆڵانەکانی شار ئیستاکە تەنیا راگەیەندراو و کاغەزی رەحەی چاوباز و جەماعەتەکەی ئەو دەگرنە باوەش. رادیۆکانیش کەمیان کرد. کاغەزەکان وەها کەمیان کرد کە لە ساڵانی پێش شۆرشیان دەکرد. مانگا رەش گەر ئیستا لە تەویلەکەی هاشم بژیایە، ئەوا ناچار دەبوو زیاتر کا بخوا و ئیتر وەک جاران کاغەزی دەستنەدەکەوت. هەرچەند ئەو بەشی خۆی خواردبوو و بەردەوام لە ژووری کارەکەی رەحەی چاوباز خەریکی درێژدادڕی و چەنەبازی بوو. ئەگەرچی لە دووای رووداوەکانی ئەو رۆژە، رەحە لە ژوورەکەی خۆی بردیە خوارەوە و دیسان لە بنی تاقەدرەختەکەدا بە گوریسەکە

بەستییەوە. ئەگەرچی دوو رۆژ دوواتری، گەورە قەسابی شاری بانگ کردبوو و پێی وتبوو ئەمە دیاری حکومەتی نوێیە و دەتوانێ بچێ سەری ببڕێ و گۆشتەکەی بفرۆشێ، بەو تەئکیدەوە کە لانیکەم ئێسکەکانی بە خێر بدا بە خەڵکی فەقیر و هەژار. شتێک کە دوواتر بە هەرا و زەنایەکی زۆرەوە لە رادیۆدا باسی کرا. قەسابەکە کە پیاوێکی زەلامی سمێڵ بابڕ دەبێ، لە خۆشیا چاوەکانی وەک چاوی پشیلە دەبریسکێنەوە، ئەوسا سەری هەتا بن پێی رەحەی چاوباز دادەنەوێنێ (وەها کە گۆشەی سمێڵەکانی لە خاک دەخشێن)، مانگا رەش وەپێش خۆی دەخا و دەیبا. دەڵێن مانگا رەش بە رێگاوە بە گوێرەی عادەتی جارانی هەر قسەی کردبوو. وتبووی مانەوە لە بەشی ئەمنی زۆر سەرنجڕاکێش نایەتە بەرچاو، بەتایبەت کە ئەوەی لە گەڵیا دەدوێ تەنیا گوێت لێبگرێ و جاروبارە تەنیا بە پرسیار خۆی لە قسەوباسەکە بهاوێ. وتبووی هەڵبەتە زۆر خۆشە تریبون بە دەست خۆتەوە بێت و بە کەیفی خۆت قسە بکەی، بەڵام بە گوێرەی ئەزمون قسەی یەک تەرەفە زۆر کاریگەری نیە و بگرە جاری وایە پێچەوانەی خۆی لێدەکەوێتەوە. وتبووی هەڵبەت رەحەی چاوباز یەکجار بۆ گوێگرتن پیاوێکی بەتەحەمول بووە و ئەم وەک مانگایەک سەری لەو هەموو تەحەمولە سوڕماوە و نەیزانیوە بەڕاستی مەبەستی رەحەی چاوباز چی بووە. وتبووی ئەوەیشی بە هیچ شیوازێک پێخۆش نەبووە ئەوەیە رۆژێکیان کتوپڕ ئیدارەکەیان یەکجار قەرەباڵغ دەبێ، وەها کەس کەس ناناسێتەوە و رقیشی لەو هەموو هاوارهاوارانە بوو کە رێک بە پێچەوانەی داب و نەریتی گفتوگۆیەکی شارستانیانەن. دەڵێن قەسابەکە بە دەم رێگاوە هیچی نەوتبوو و هەر گوێی لێگرتبوو.

کاتێک لەگەڵ مانگا رەش دەگەنە قەسابخانە، بۆ دوورخستنەوەی شەیتان دەچێ و چەند رکەعەت نوێژی ناوەخت دەخوێنێ و ئەوسا بە بێ یەک و دوو مانگا رەش سەردەبڕێ. دەڵێن مانگا رەش کاتێک لە چیرۆکەکە تێدەگا وتبووی هەڵەیەک کراوە، ئەو هەڵەیەی وا دەبێ دەستبەجێ رێگا چارەی بۆ بدۆزرێتەوە. داوای کردبوو جارێکی تر چاوی بە رەحەی چاوباز بکەوێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی گرینگی قسەکانی هێشتا لای ئەو نەکردبوو،... بەڵام کاکی قەساب لەوە زیاتر دەرفەتی دەمەوەری پێنەدابوو و بە بێ چاوبەستن و ئاڵاندنی پەڕۆی سوور لە دەوری گەرندی ئەستووری، چەقۆکەی بە ملدا هێنابوو. مانگا رەش لە دوواچرکەدا لەبەر خۆیەوە سوپاسی خوای کردبوو کە لە تەمەنی کورتیدا ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساندبوو وەک مانگایەکی رۆشنبیر و بەرچاوڕوون بژی.

ساڵی شۆڕش هەمیشە ساڵێکی خوێناوی بووە، لانیکەم هەتا هەنووکە.

کە کۆلارە و مانگاکە ونبوون، هاشم زیاتر ئاوێتەی دەرەوە بوو. هەر جارنەجارێ وەدەردەکەوت. زۆر دوور نەدەڕۆیشت، بەڵام لانیکەم یەک جار ئەمسەراوسەرێکی شەقامە سەرەکییەکەی شاری دەکرد،... هەر وەک جاران. من کە زۆر دڵنیگەرانی بووم، هەوڵمدا لەم کارەی پەشیمانی بکەمەوە. پێم وت لانیکەم جارێکە ئەم کارەنەکات کە کاتی نیە، وتم لە سەردەمێکدا مرۆڤ بە هۆی ئایدیا و دەسەڵاتەوە مرۆڤ راودەنێ دەبێ کەمێک ئاگای لەخۆی بێت، وتم ئەو دەبێ لانیکەم رۆژی

یەکجار لوتی بەکار بێنێ و بۆنی دەوروەبەری بکا، کە زۆر یارمەتیدەرە،... وەک پشیلە، وتم رەنگە سەردەم سەردەمی پشیلەبوون بێت،... هیچ عەیب نیە،... بەڵام هاشم لە دونیای خۆیدا بوو.

رۆژێک رەحەی چاوباز بانگی کردم. وتی لە کارەکەت رازی نیم، هیچی وات نەکرد بە دڵی ئێمە بێت، یاخود پێمان بڵێ کە سەرئەنجام هاشم پلانی چییە و دەیەوێ چ بکا. وتم هاشمی زیندانی ئەوە نیە بیری لێدەکرێتەوە، هاشم پووشی دەم بایە، لێیگەڕێن باشترە، وتم لەبیرت دێ تەنانەت ئەو کاتانە ئەو گیرابوو یەک کتێبخانە یان رۆژنامە چییە لەم شارە دەستنەدەکەوت، هەموویان بۆ هەڵبەستبوو. رەحە وتی گرینگ نیە هاشم کێیە گرینگ ئەوەیە چ شوێنێکی لە ناو خەڵکیدا پەیداکردووە، وتی هاشمی زیندانی تازە هی خۆی نیە، وەک چۆن قەت هی خۆی نەبووە و وەک چۆن هیچ کەسێک لەم دونیایەدا هی خۆی نیە و نەبووە، وتی نەکا منیش وەک مانگا رەش بیردەکەمەوە و ئەو چەند رۆژە وا لەگەڵی بوومە کەوتوومەتە بەر تەئسیری بیرەکانی سەرەڕای ئەو لەقە مەحکەمەی لێیداوم و ئیستایش کەمێک پێیەوە دەشەلم! وتی سبەی رۆژی حەوتەمە و گەر وەڵامێک هەبوو باشە، ئەگەر نا ئەوە ئێمە کاری خۆمان دەکەین. ئەوسا ئیزنی دا بڕۆم.

کەواتە رۆژی هەشتەم بەڕێوەبوو.

بە ناو شاردا کە ئیتر بێدەنگیی و کڕبوونێکی سەیر دایگرتبوو، گوزەرام. چوومەوە ماڵەوە، لای هاشمی زیندانی. لەبەرخۆمەوە وتم من دەبێ چەند کارێک بکەم: یەکەم دەبێ هەرچۆنێک بێت لەم شارە دەربازی بکەم، دووهەم لە رازی ئەو ژوورە تێبگەم. شەو کە دانیشتین، پێم وت داخۆ لەبیری ماوە لەگەڵ باوکی دەچوو بۆ چەرچیگەری، وتم هێشتا گوندەکان زۆر نەگۆڕاون و وەک سالآنن، ئەگەرچی لێرە و لەوێ دووکانیان تیایە و خەڵکی بە ماشین هەفتەی جارێک دەچن بۆ شار، بەڵام هێشتا دەکرێ لەوێ لە دێهاتەکان کراسی ژنانە و موت و مورو بفرۆشرێ، هێشتا زۆر ژنی ئەوێ هەن قەت رووی شاریان بە خۆیانەوە نەبینیوە، خۆ بە شۆرش نیە،... جا هەر لە بەیانییەوە دەچم و هەندێ شتی بۆ دەکڕم و لە دووبەیانییەوە دەست پێبکاتەوە. من دڵنیابووم لەوەی هاشم وەڵامی ئەرێ بەم داواکارییەم دەداتەوە، من لام وابوو رێک وەک گەڕانەوەی مانگا رەش پێی خۆشحاڵ دەبێتەوە، بەڵام هاشم نەجووڵا، تەنانەت سەیریشی نەکردم. ئەمە تەواو تووڕەی کردم. تووڕەبوونێک لە ناو خۆمدا. هەستامە سەرپێ و بە ناو ژوورەکەدا ئەمسەراوسەرێکم کرد. ئەوجا مەجبوور چوومە سەر بابەتە ئەسڵییەکە و وتم گەر نەجووڵێی ئەوا دەتکوژن، وەک هەموو ئەوانی تر، ئەوانەی وا ئەو رۆژە لەم کۆڵانەوە تێپەڕین،... تێدەگەی! وتم دەبێ برۆی،... دەبێ لێرە برۆی،... بۆخۆم دەربازت دەکەم، دەزانم نازانی بۆ کوێ، بەڵام من شوێنیشت بۆ پەیدادەکەم، تەنانەت لەو دیوی سنووریش،... تێدەگەی! هاشمی زیندانی هەروا بێدەنگ بوو. من کە هاوکات گوێم بۆ هەر دەنگێکی دەرەوەیش هەڵدەخست و بە هەر شتێکی کەمێک نائاشنا و غەریب زیت دەبوومەوە، سەرئەنجام

بڕیارم دا باسی ژوورەکەیشی لەگەڵ بکەم، بەڵام زۆر خێرا پەشیمان بوومەوە. سەری قسەوباس کردنەوە لە گەڵیا بێسوود بوو. ژیان بە شێوەیەکی تر دەبا بە لادا بکەوتایە. بەڵام چۆن؟ مێشکم کارناکا.

ئەوە شەوە سەرئەنجام منیش تەسلیمی بێدەنگی و ئارامیی هاشمی زیندانی بووم و ئەگەرچی خەوم لێنەدەکەوت، بەڵام بە جۆرێک ئۆقرەم گرت. بە خۆم گوت بەڕاستی گەر دەربازیش بێت، بۆ کوێ بچێ و لە کوێ دەتوانێ بحەسێتەوە؟ ئەوسا زانیم هاشم هی ئێرەیە و بەس. تەنیا هی ئێرە. جا چارەنووس هەرچی دەبێ بابێ،... هەرچی دەقەومێ با بقەومێ! لە کاتێکدا چاوم لەسەر ژووره قوفڵدراوەکە بوو، خەو بردمیەوە.

سبەی کە رۆژی حەوتەم بوو، من لە ماڵەوە نەجووڵام. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم، چۆن دەتوانم رەحەی چاوباز بخەمە سەر قەناعەتێکی تر. بیرکردنەوەکانم نەدەگەیشتنە هیچ شوێنێک. دونیا تەواو لای من داخرابوو. هاشم سەر لە ئێوارە، درەنگان، بینیم بە کتێب و رۆژنامەیەک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە! کاتێک فڕێیدانە سەر ئەرزەکە و چوو بۆ حەوشێ بۆ ئەوەی سەردانی ئاودەست بکا، دەستم دایە کتێب و رۆژنامەکە بۆ ئەوەی بزانم چین. بە سەرسامی بینیم لەسەر کتێبەکە نووسراوە 'رووداوەکانی رووبار' بە وێنەی کوڕێکەوە لە سەر بەرگەکەی، لەناو بەلەمێک، سەوڵێک بەدەستەوە کە دەیەویست بەرەو رۆژئاوا بئاژوێ! رۆژنامەکەیش

بە وێنەی کەلەسەری پیاوەکانەوە لەسەر لاپەڕەی یەکەم و، بەو وتارەوە لەژێر ناوی 'ئەو سەرۆکەی رووی سەرۆکی وڵاتی میسری سپی کرد!'

دەستەکانم کەوتنە لەرزین. بەپەلە چوومە بەر دەرگاکە بۆئەوەی بزانم هاشم لەوێیە. سەیری ئاودەستەکەم کرد، دەرگای ئاودەست کراوە بوو و کەسی تیانەبوو! ئەوسا سەرنجم چووە سەر ژوورە قوفڵدراوەکە. بە ئارامی بەروڕووی چووم. لەرزینی دەستەکانم دایانە جەستەم. خوێن، لەناو جەستەمدا سووڕی خێراتر کرد. دەرەوە کتوپڕ بوو بە هەور و تاریکی. بارانێکی بەخوڕ شێتانە دایکرد. دیوارەکان دەڵیی تەنگەبەرتر دەبوونەوە. لەو دووردوورانەوە لە ناو هەورە رەشەکان و بارانی بەلێزمە، تیشکێکی کەم هێز رێگای دەکرد. لوورەی با بوو بە دەنگی سەرەکیی بوون.

بە پێچەوانەی خەیاڵی من، قوفڵەکە دانەخرابوو،... کراوەبوو. هەر ئەوەندە بەس بوو دەستی بدەمێ و بیکەمەوە. دەستم دایە و کردمەوە. قوفڵێکی لووسی سارد کە دەنووسا بە پێستی بەری دەستمەوە. من لە ژیانمدا، بە هەڵکەوت بێ یان بە ئەنقەست، دەستم زۆر قوفڵەکانی نەگرتووە. سیخوڕەکان، بە تایبەت لە جۆری شۆڕشگێڕەکانیان، قاچیان ناگاتە زیندانەکان بۆ ئەوەی دەرگاکان قوفڵبدەن. ئەوان تەنیا قوربانییەکان دەگەیەننە ئەوێ و، ئیتر لەوێ ئەرکیان نامێنێ. جێیان دێڵن. زیندان شوێنی جەللادەکانە، جا لەهەر شێوازێکی. لای من زیندان تەنیا شوێنێکە درۆی گەورەی مرۆڤ سەبارەت بە خەونەکانی ئاشکرا دەکا. خۆشحاڵم بەوەی بە تەواوی

تەمەنم حەزم بە هەبوونی دانەوێڵە لە گیرفانمدا کردووە. دانەوێڵە منی وەک من هێشتەوە، وەک خۆم، نەیهێشت سیخوڕی ئەوەندەم لەگەڵ خۆی ببا کە مریشک و جووجکەکان فەرامۆش بکەم. لە دەرەوە باران بە پەنجەرەکەیدا دەکێشا. ئەو پەنجەرەیەی من قەت نەمتوانی لەو دیویەوە، ئێرە، ناوەوەی ئەم ژوورە ببینم، ئەو پەنجەرەیەی هەمیشە پێی دەوتم پەلەمەکە،... لێم دووربکەوەوە! بە شەپڵاخەی باران روومەتی سوورسوور هەڵگەڕابوو.

رەحەی چاوباز جاری وابوو هەوڵیدەدا نوێگەری بکا و دەیگوت چونکە شۆڕش بەمانای نوێبوونەوە لە هەموو شتێکدایە، کەواتە دەبێ فۆڕمی زیندانەکانیشمان بگۆڕین. ئەوجا بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاری دەکرد ژوورەکان نە خاوەنی پەنجەرە و رۆچنە بن و نە خاوەن دەرگا. دەیگوت ژوورەکان دەبێ وەک سەتڵ بن، سەرەکەی هەڵبدەیتەوە و زیندانییەکەی تێهاوێ و ئەوسا دووبارە سەرەکەی بنێیتەوە. دەیگوت هیچ شتێک بە قەدەر ئەمە هەستی دابڕان لە دونیا لە لای زیندانی دروست ناکا.

سەرەتا چاوم هیچی نەدەبینی. ژوورەکە ئەوەندە روون بوو بەری بە بینین دەگرت. لە هەموو شوێنێکەوە تیشک وەک ئاوی کانی دەدەلا. من دەستم بە چاوەکانمەوە نەگرت. راوەستام،... لەگەڵ ژانی چاوەکانم چاوەڕوان مابنەوە. نازانم بۆ، بەڵام ئەوەتەی لەبیرم دێ من حەزم بە چاوەڕوانی و تەحەممول بووە. لای من ئەو چێژەی لە چاوەڕوانیدا هەیە لە گەیشتن دا نیە. من هەمیشە شتەکان دەگنخێنم.

دەستاودەست دەکەم و سەیری هەر چرکەیەک لە بوونیان دەکەم. مەگەر نەک ئەوەیکە تەواوی ژیان لەسەر ئەم چرکانە راوەستاون؟ ئەوسا هەورەتریشقەیەکی سەیر لە پەنجەرەکەی دا و دونیای دەرەوەی کرد بە رۆژی رووناک. وەک بڵێی هەورەتریشقەکە تیشکی ژوورەکەی لەگەڵ خۆی بردبێ، هەڵیلووشیبێ، لە ناکاو ژوورەکە ئەهوەن بووەوە. تیشک بووەوە بەوەی دەبێ لە ژوورێکی ئاساییدا ببێ. چاو بە شتەکان راهاتەوە.

ئەوێ شوێنێک بوو وەک ژوورەکەی سی و ئەوەندە ساڵ لەمەوبەر. ئەوسا دایکم و باوکمم بینی! وەک جاران لەوێ دانیشتبوون. باوکم خەریکی رێک وپێک کردنی شمەکەکانی بوو بۆ سبەی و بۆ دێهات، دایکیشم بە دەوری سەماوەرکەیدا دەهات. بۆنی دێهات و بۆنی چایی و بۆنی بزەکانی دایکم دەهات. هەر دووکیان سەریان هەڵبڕی و وتیان رۆڵە ئەوە لە کوێ بووی بۆ ئەوەندەت پێچوو؟ بیرم کردەوە من لە کوێ بووم،... من بۆ ئەوەندەم پێچووە! بەڕاستی من لە کوێ بووم؟ ئەوسا هەوڵمدا لە پەنجەرەکەوە دیسان سەیری دەرەوە بکەمەوە بۆ ئەوەی بزانم هاشمی زیندانی بۆ نایەتەوە ژوورەوە. ئەو پەنجەرەیەی وا باران و هەورە تریشقە نەیدەهێشت شوێنێک بێت بۆ روانینی دەرەوە. ئەو پەنجەرەیەک ئەوەندە گوێی لە باران و لە هەورە تریشقە رادەگرت، گوێی لە ئێمە رانەدەگرت.

ئارام دانیشتم. وتم زوو هاتمەوە، بەڵام لەویٚ لە دالان خەریکی بەسەرکردنەوەی ئەو دوو شتە بووم وا ئیمڕۆ دۆزیومەتەوە. یەکیان کتێبە و ئەوی تریان نازانم چییە، بەڵام زۆر خۆشە،... زۆۆۆر،... حەزدەکەم دوواتر سەیریان بکەم، زیاتر لە هەر شتێک وێنەی ئەو کوڕەی ناو بەلەمەکە سەرنجڕاکێشە،... خوایە گیان چەند جوانە!... بیربکەوە ژیانی وەهایش لەم دونیایەدا هەبیٚ،... بیربکەوە!

ئەوسا هەستێکی غەریب پێی وتم من لەوە پێش لە ناو ئەو بەلەمەدا سەفەرم کردووە و، ئاودیوی دیمەنەکەی بەردەمی بوومە. من هەموو دیمەن و هەموو رووداوەکانم بینیبوو. بەڵام باسم لیٚ نەکرد،... بۆ دایک و باوکم نەگێڕایەوە. من کاتی ئەوەم نەبوو دابنیشم و باسی ژیان و چیرۆکی داهاتووی خۆم بۆ ئەوان بگێڕمەوە و هەتا قووڵاییەکانی ژیان خەمباریان بکەم. من ئەمەم بە چیرۆکێکی یەکجار خەمبار و بێڕەحمانە دەزانی. بۆ دەبا من چیرۆکی ژیانی باوکم کە لە ماڵەکەی ئێمەوە هەتا گوندەکانی دەورووبەری شار دەکشاو و بەس، یاخود چیرۆکی ژیانی دایکم کە لە خۆیەوە هەتا ژوورەکانی ئەم خانووە و هەتا سەماوەرەکە دەکشا، بێڕەحمانە هەتا بیابانە نادیارەکانی ئاودیوی کێو و پێدەشتەکان درێژبکەمەوە؟ نا،... نابیٚ. من ئەوەندە بێرەحم نیم.

باوکم وتی سبەی لەگەڵم نایەیت بۆ دێهات؟... بارم کەمێک گرانە. من کە بەزەییم بە باوکمدا دەهاتەوە، وتم زۆر حەزدەکەم، بەڵام توخوا لێمگەڕیٚ با سبەی کەمێک

سەیری ئەو کتێبانە بکەم، با بزانم چین بابەگیان. باوکم وەک هەمیشە، کاتێک من لەگەڵی نەدەچووم، لە جیاتی یەک پشتوێن، دوو پشتوێنی بەست.

لەم کاتەدا بیری شتێک کەوتمەوە. دەستم کرد بە گیرفانمدا بۆ ئەوەی ئەو وێنەیە دەربێنم وا رەحەی چاوباز کاتی خۆی پێمی دابوو، وێنەکەی سەردەمی گەنجیەتی هاشمی زیندانی. هەرچی گەڕام وێنەکەم نەبینییەوە. نە خەبەرێک لە وێنەکە هەبوو و نە لە دانەوێڵەکان! دیسان سەرم بەرزکردەوە و بە سەرسوڕمانەوە لە ژوورەکەی بەردەمی خۆمم rووانی. نا... هەموو شتێ راست بوو،... رێک وەک ئەو ساڵانە.

کاتژمێر دەورووبەری نۆ کاتێک چوومە ناو جێگاکەمەوە، زانیم کە سبەی من دەبێ بەو کتێب و شتە عەجایبەی ترەوە کە ئێستاکە دەمزانی رۆژنامەیە و ئیمڕۆ لە کۆڵانێکی شار بە رێکەوت دۆزیبوومەوە، بچم بۆ دەرەوە و بە راستە شەقامی شاردا ئەم سەراوسەر بکەم و پاشان ماشینێکی جیپ دێت و من سواردەکا و دەمبا. لە ناو ماشینەکەدا دەستبەجێ رەحەی چاوبازم ناسییەوە، هەروەها زانای دانەوێڵە لە گیرفان کە لەو بەر شۆستەکەوە، بە دزییەوە، بە نیگا خەمناکەکانی لە دیمەنی گرتنی منی دەڕوانی. سیخوڕێکی بە ویژدان کە رەنگە تاقە سیخوڕێک بێت لە جیهاندا وا لە کارەکەی خۆی وەک سیخوڕ لە دڵەوە پەشیمانە، بە بێ ئەوەی هیچی پێبکرێ.

من کە هەموو ئەمانە دەزانم،... من کە دەزانم دیسان دەبێ بە سواری جیپ و سەیارەی تر دوو ڕۆژی تەواو بە ناو کێو و لێڕەوار و دەشتەکاندا تێپەڕم بۆ ئەوەی بە بیابانە بەناوبانگەکەی وا زیندانەکەی تیایە بگەم، نیوەشەو هەڵدەستم و دەچم بە ئەسپایی ڕوومەتی پیری دایک و باوکم کە نوقمی خەون، ماچ دەکەم.

سوپاس بۆ دووپاتبوونەوە کە دەرفەتی ژیان و گێڕانەوەیەکی تری پێ بەخشیم!